Rûdaw
رووداو
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
www.rudaw.net
ژمارە (37)
دووشەممە 2008/12/29
8ی بەفرانباری 2708
(750) دینار


## پێنج ساڵە نەمهێشتووە ئیبراهیم تاتلیسەس بێتە ئەوروپا



**تایبەت بە رووداو**

هونەرمەندی نێوداری باکووری کوردستان، بەیتۆجان، کە دوای شەش ساڵ و پێنج مانگ و سێ رۆژ زیندانیکران، لەسەر هونەری کوردی لەتورکیا، روویکردە وڵاتی سوید، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دا رایگەیاند کە لە کۆی ئەو 32 گۆرانیبێژەی گۆرانی (ئاگر کەتییە دلێ من)ی ئەویان گوتووەتەوە، تەنیا سکاڵای لەدژی ئیبراهیم تاتلیسەس تۆمارکردووە، لەبەرئەوەی لەکاتی گەنجی " برادەری یەک بووین، کەچی ناوی منی لەسەر گۆرانییەکە نەنووسیوە".بەیتۆ جان دەڵێ پێنج ساڵە نەیهێشتووە ئیبۆ بچیتە ئەوروپا و لەسکاڵاکەدا داوای قەرەبووی 1 ملیۆن و 500هەزار دۆلاری لێکردووە.

لاپەڕە 10

## لە هەژاری رۆشنبیریيانەوە پێیانوایە نەوشیروان دەتوانێ چاکسازی بکات



**رووداو-بەرلین**

د.جەمال نەبەز، لە وتارێکیدا بۆ (رووداو) رووداوەکانی 2008 کە پەیوەستن بە رەوشی کوردەوە هەڵدەسەنگێنێ و، لەوانەش کاریگەری تەنگژەی ئابووری جیهان لەسەر کوردستان. هەروەها باسی پێویستی گۆڕان و چاکسازی دەکات لە کوردستان، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەڵێ لەم چەند ساڵەدا لە باشووری کوردستان " رێبازێک خۆی پیشانداوە، کە بە رێبازی "چاکسازی" (ریفۆرم) ناسراوە. بەڕێز نەوشیروان مستەفا سەرکردایەتی دەکات و زۆر کەسیش هەن لە هەژاریی رۆشنبیرییەوە پێیانوایە کە کاک نەوشیروان دەتوانێ بەتەنێ، چاکسازی لە سیستەمی فەرمانڕەوایی باشووردا بکات".

لاپەڕە 18

## سکرتێری حیزبی شیوعی لە بنەماڵەی پێغەمبەرە



**رووداو-نەجەف**

بەپێی وتەی بەرپرسی حیزبی شیوعی عێراق لە نەجەف، بۆ (رووداو) تاوەکو فتوای مەرجەعی شیعە موحسین حەکیم کە شیوعی بە"کافر" دانان "مەرجەعیەتەکانی شیعە لە نەجەفیش دۆستی حیزبی شیوعی بوون". هەر لەبەر ئەوەش خۆپیشاندانەکانیان لە نەجەف زۆر جەماوەری بوون .ئەبو سەرمەدی بەرپرسی لیژنەی محەلی حیزبی شیوعی لە نەجەف دەڵێ، سەلام عادلی دووەمین سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق "رەچەڵەکی دەگەڕێتەوە سەر ئیمام مووسا کازم کە لە ئەهلی بەیت (ال بیت) ی پیغەمبەرە".

لاپەڕە 4

### لەسەر دیارنەمانی ئەو فڕۆکەوانەی بەشداری کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی کرد

# وەزارەتی شەهیدان داوا دەکات لێپێچینەوە لەگەڵ ئاسایشی سلێمانی بکرێت

**تایبەت بە رووداو**

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەنووسراوێکی فەرمی داوای لە ئەنجوومەنی وەزیران کرد، لێپێچینەوە لەگەڵ ئەوانەدا بکات کە بەرپرسن لە هەڵاتنی موقەدەمی فڕۆکەوان تاریق رەمەزان، کە دەبووایە وەک شایەتحاڵ و تۆمەتبار ئامادەی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بێت.

موقەدەمی فڕۆکەوان تاریق رەمەزان، کە عەرەبێکی لەدایکبووی شاری کەرکووکە، دوای ئەوەی ساڵی رابردوو لەلایەن ئاسایشی گشتیی-سلێمانییەوە دەستگیرکرا، لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتبارو شایەتەکانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، دانی بەوەدا نا کە بەشداری هێرشەکەی کردووە. رۆژی 2008/12/21 لەکاتی ئەنجامدانی یەکەمین دانیشتنی دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغدا، راگەیێندرا کە ئەو تۆمەتبارە لە دەست ئاسایشی گشتیی لە سلێمانی رایکردووە. دادوەر محەممەد عورێبی، دادوەری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، لەو دانیشتنەی دادگادا گوتی ئاسایش بەپێی نووسراوی رۆژی 2008/10/25 دادگای ئاگادار کردەوە کە ئەو فڕۆکەوانەی دەبووا وەک تۆمەتبار و شایەتحاڵ ئامادەی دادگا بێت " لەکاتی چارەسەرکردنیدا لەنەخۆشخانە لەدەست ئاسایش رایکردووە". بەڵام گۆران ئەدهەم بابان، سەرۆکی دەستەی پارێزەرانی داکۆکیکار لە قوربانیانی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئاسایش پێشتر ئەوانی لە هەڵاتنی ئەو فڕۆکەوانە ئاگادار نەکردبووەوەو گوتیشی "هەتا ئێستاش شتەکە روون نییە". بۆزانیاری وەرگرتن لەسەر مەسەلەی ئەو راکردنە (رووداو) پێوەندی بە لیوا سەیفەدین عەلی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی لە سلێمانی کرد، بەڵام رەتیکردەوە هیچ زانیارییەک لەوبارەوە بدات و گوتی "هیچ لێدوانێک لەسەر ئەو بابەتە نادەم".

مەسەلەی راکردنی ئەو فڕۆکەوانە بووەتە هۆی دروستبوونی ناڕەزایی و گلەییەکی بەرفراوان. چنار سەعد، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) رایگەیاند" نووسراومان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کردووە بۆئەوەی بەدواداچوون و لێپێچینەوە لەوبارەوە بکرێت، چاوەڕوانی وەڵام و ئەو کارانە دەبین کە ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ لایەنە بەرپرسەکان دەیکەن".

ئەو وەزیرە دەڵێ ئەوان ئاگاداربوون لەدەستگیرکردنی ئەو تۆمەتبارە، بەڵام تا رۆژی دادگاییکردنەکە نەیانزانیوە کە هەڵاتووەو، گوتی"پێویستە ئاسایشی سلێمانی بە ئاشکرا لەداوودەزگاکانی راگەیاندن بەرامبەر خەڵک رابوەستێ و ئەو بابەتە روونبکاتەوە".هەروەها داوادەکات پلانێک بۆ دووبارە دەستگیرکردنەوەی دابنرێ و "بەلایەنی کەمەوە ئەو لایەنەی کە هەڵەی کردووەو کەسێکی ئاوا تاوانبار لەدەستی رایکردووە لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت".

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، دەڵێ ئەوان خەریکی بەدواداچوونی ئەو مەسەلەیەن و لەهەمانکاتدا دەڵێ" باوەڕم بەوە نییە کە کەسێکی وا بتوانێت لەسلێمانیدا لەدەست ئاسایش هەڵبێت، ئەگەر وایە دەبوا هەر ئەوکات لە راگەیاندنەکانەوە باسبکرایە کە هەڵاتووە".

بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە لاپەڕە (3).

## دادگا بڕیاری ئازادکردنی 4 تۆمەتباری تەقینەوەکەی سلێمانی پاڵاس دەدات.. ل 2



کەسوکاری قوربانیان دژی بڕیاری دادگان سەبارەت بە ئازادکردنی چوار تۆمەتباری تەقینەوەکەی 2008/3/10 و ئاسایشیش بەریان نادات (فۆتۆ:رووداو)

### بەپێی راپۆرتێکی رەسمی ئەمریکا:

# هەرێمی کوردستان هێندەی نایجیریا و لیبیا یەدەگی نەوتی هەیە کە 45 ملیار بەرمیلە

**تایبەت بە رووداو**

بەپێی راپۆرتی دەزگایەکی حکومەتی ئەمریکا، هەرێمی کوردستان 45 ملیار بەرمیل نەوت و 82 تریلیۆن پێ سێجا گازی سروشتی یەدەگی هەیە و رەخنەش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێ کە چاو لە ئەزموونی دوبەی دەکات و سەیری بەوەدێ کە لەساڵی رابردوودا هیچ بەرپرسێک لەسەر گەندەڵی نەدراوەتە دادگا.

ئەو راپۆرتە 167 لاپەڕەییە، کە لەلایەن ئاژانسی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی USAID دەرچووە، بریتییە لە هەڵسەنگاندنی رەوشی پەرەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان و وێنەیەکی لەلایەن نووسینگەی هەولێری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق دراوەتە (رووداو)، رێنمایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە " جیهانیانە بیر بکاتەوە و خۆماڵیانە کاربکات". بە لەبەرچاوگرتنی چەند هەنگاوێکی هەردوو دەوڵەتی بەرازیل و عوممان لە بواری کشتوکاڵدا، داوای لێدەکات چاو لە ئەزموونی ئەو دوو وڵاتە بکات نەک دوبەی.





راپۆرتەکە رەخنە لە زۆریی ژمارەی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان دەگرێ کە لە هەر 2،5 کەس یەکێکیان فەرمانبەرە، بەرادەیەک هەرێمی کوردستان کە ژمارەی دانیشتوانی بەپێی راپۆرتەکە 3.757.058 کەسە، ژمارەی فەرمانبەرانی زۆر لە فەرمانبەرانی ویلایەتی کالیفۆرنیا زیاترە کە ژمارەی دانیشتووانی لە 33 ملیۆن زیاترە. هەروەها داوادەکات سیستەمی مووچە کە بەپێی رێنمایی پۆل بریمەری حاکمی ئەمریکا لە عێراق، لەسەر بنەمای ساڵانی خزمەت داڕێژراوە، هەڵبوەشێندرێتەوەو زیرەکی و شارەزایی بکرێتە پێوەر، چونکە یەکێک لە هۆیەکانی دواکەوتنی ئابووری لە کوردستان نەبوونی کادیری شارەزایە.

راپۆرتەکە دەڵێ قەبارەی سەرمایەی ئاوەدانکردنەوە لە هەرێمی کوردستان 2،5 ملیار دۆلاربووە، کە 95%ی لە کۆنترۆڵی کۆمپانیا تورکییەکاندا بووە "ساڵی 2007 کۆمپانیا تورکییەکان بایی 90ملیۆن دۆلار رێگاو بایی 220ملیۆن دۆلاریش پردیان دروستکردووە". هەروەها راپۆرتەکە دەڵێ 40%ی ئەو چیمەنتۆیەی دێتە عێراق لە کوردستان بەکاردەهێندرێ، سەرەڕای ئەوەش ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان پێویستی بە 5 ملیار دۆلارە.

راپۆرتەکە روونەکاتەوە کە تاوەکو ئێستا 28 کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان کاری بەدواداگەڕانی نەوتیان ئەنجامداوەو، یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان هێندەی یەدەگی لیبیا و نایجیریا مەزەندە دەکات کە دوو وڵاتی گرنگی نەوتی جیهانن. هەروەها دەڵێ، پاڵاوگەی نەوتی تەقتەق رۆژانە 20 هەزار بەرمیل نەوت لە کێڵگەی تۆپۆکۆی بەرهەمدێنێ، کە مەزەندە دەکرێ یەک ملیار بەرمیل نەوتی تێدابێ.

ئەو راپۆرتەی ئەمریکا، گەندەڵی وەک بەربەستێکی گەورەی بەردەم وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان دادەنێ و داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات "بەتووندی شەڕی گەندەڵی نێو حکومەت بکرێ"، بەڵام لەهەمانکاتدا ئاماژە بەوە دەدات کە "لەساڵی رابردوودا هیچ بەرپرسێکی حکومی بەگەندەڵی تۆمەتبار نەکراوە و نەدراوەتە دادگا".

وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە (8) بخوێنەوە

### تارق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بۆ (رووداو):

# پەیامێکی زارەکیم لە تاڵەبانییەوە سەبارەت PKK گەیاندە گیول

**رووداو-بەغدا**

تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق رایگەیاند کە لە دوایین سەردانیدا بۆ تورکیا، پەیامێکی زارەکی لەتاڵەبانییەوە دەربارەی هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد سەبارەت بە دۆسیەی PKK گەیاندووەتەوە عەبدوڵڵا گویل. گوتیشی "سەرۆک کۆماری تورکیا خوازیاری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە لەگەڵ عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی".

هاشمی دەربارەی ئەو پەیامەی لەتاڵەبانییەوە بردوویەتی، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (رووداو) گوتی "پەیامەکە تایبەت بوو بە پەیوەندییەکانی هەردوولا، هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد لەدۆسیەی پارتی کرێکارانی کوردستان و چالاکییە تیرۆریستییەکانیان لەسەر سنوور".

هەروەها گوتی "پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ سەرکردایەتی کوردستانی عێراق بەتێپەڕبوونی کات گەشەدەکات و لایەنی تورکیش ئەو هەستەیان لا دروستبووە کە دەبێت سنوورێک بۆ ئەو جموجوڵانەی سەر سنوور دابنرێت، چونکە بوونەتە رێگر لەبەردەم هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان هەردوولا".

جێگری سەرۆک کۆمار لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەی (رووداو)دا دەربارەی تێڕوانینی سەرۆک کۆماری تورکیا و دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەکرد کە "سەرۆک کۆماری تورکیا بەهیوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە لەگەڵ عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و کۆتاییهێنان بەو بارگرژییەی لەسەر سنووری نێوان هەردوو وڵات هەیە".



عەبدوڵڵا گیول لە کاتی پێشوازیکردنی لە تاریق هاشمی (فۆتۆ:AFP)

وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە (3)دا بخوێنەوە

## سێ بکوژەکەی گەلاوێژ باس لەچۆنیەتی کوشتنی دەکەن

**رووداو-کەرکووک**

ئەو سێ کەسەی گەلاوێژیان کوشت، دوای دەستگیرکردنیان هۆکارو چۆنیەتی کوشتنەکەی ئاشکرا دەکەن، سەرچاوەیەکی پۆلیسیش رایگەیاند رەنگە یەکێکیان بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەربچێت و دووەکەی دیکەش بەزیندانی هەتاهەتایی حوکم بدرێن.

رۆژی 2008/12/18 لەگەڕەکی راپەڕینی شاری کەرکووک، رۆژنامەنووس گەلاوێژ حوسێن شاڵی، لەنێوماڵەکەی خۆی لەلایەن مێردمنداڵێکەوە کوژرا، دوای تێپەڕبوونی 24 کاژێر بەسەر رووداوەکەدا 3 مێردمنداڵ بە ناوەکانی :سۆران محەممەد، 19 ساڵ، کاوە حەسەن، 20 ساڵ، ئەحمەد عەبدولقادر، بەتۆمەتی کوشتنی ئەو ئافرەتە دەستگیرکران.

سۆران، کە ئەنجامدەری سەرەکی تاوانەکەیە بۆ پۆلیسی ئاشکراکرد کە دوو هاوڕێیەکەی پلانی کوشتنی گەلاوێژیان داناو ئەویش بەمەبەستی پەیداکردنی پارە بۆ چوونە هەندەران تاوانی کوشتنی گەلاوێژی دراوسێی خۆیانی ئەنجامداو گوتی "ئەو دوو برادەرەم نەخشەیان بۆ دانام کە دزی بکەم تاوەکو پارەی پێویست پەیدا بکەم". هەروەها گوتیشی " هەردوو هاوڕێکەم دەمانچەیەکیان بۆ کڕیم، پێشیانگوتم ئەگەر گەلاوێژ پارەکەی پێنەدای، یەکسەر بیکوژە، چونکە دواتر شکاتت لێدەکات".

دوو دەستگیراوەکەی دیکە نکۆڵییان لەوەکرد کە دەستیان لە تاوانەکەدا هەبێ، بەڵام دانیان بەوەدا نا کە ئاگاداری تاوانی کوشتنەکە بوونە و چەکیان بۆ سۆران کڕیوەو دوای تاوانەکەش هاوکارییان کردووە تاوەکو لەکەرکووک هەڵبێت.

لەوبارەوە راپۆرتێک لەلاپەڕە 13 بخوێنەوە

لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا ساڵنامەی 2009 ی رووداو بە دیاری وەربگرە

# ڕاپۆرتە هەواڵ



**لە 6 مانگدا دەستدرێژی کراوەتە سەر 13 ڕۆژنامەنووس**

ڕووداو- هەولێر

◆ بە پێی راپۆرتی 6 مانگیی، لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامووسانی سەر بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لەماوەی شەش مانگی رابردوودا، لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگای موسڵ و کەرکووک ژمارەی پێشێلکارییەکان بەمشێوەیە تۆمارکراوە: 1حالەتی تیرۆرکردن، 2 بریندارکردن، 9 دەستگیرکردن، 2 رفاندن، 11 ئەشکەنجە و لێدان، 13 دەستدرێژیکردن، 9 هەڕەشە لێکردن، 2 حوکمدان.

## بەپێی پرۆژەکەی تاڵەبانی

# ڕێکخراوەکانی یەکێتی بۆیان نییە کاری بەڵێندەرایەتی و بازرگانی بکەن

**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو–سلێمانی**

پرۆژەکەی تاڵەبانی بۆ جیاکردنەوەی کاروباری حزب و حکومەت لەیەکتری چەند بڕیارێکی تێدایە بۆ کادیرەکانی یەکێتی و لەیەکێک لەخاڵەکانی پرۆژەکەشدا دەڵێ نابێت بەهیچ جۆرێک ڕێکخراوەکانی یەکێتی دەست وەردەنە کاری بەڵێندەرایەتی و پرۆژەکانی میری و کاروباری بازرگانی و بازار، عیماد ئەحمەدیش دەڵێت "بەمزووانە پرۆژەکە شۆڕدەکرێتەوە بۆ ئۆرگانەکانی خوارەوەو پێمواِیە سەرکەوتنیش بەدەست دێنێت.

جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی، پرۆژەیەکی بەناوی هەنگاوەکانی چاکسازی و نوێبوونەوە، پێشکەش بەمەکتەبی سیاسی یەکێتی کردووە، بەپێی ئەو پرۆژەیە کە تەوەرەکانی دراوە بە (ڕووداو)، باس لەڕێکخستنی نێوان حکومەتی هەرێم و حزبەکان و بەتایبەت ی.ن.ک دەکات.

لەسەرەتای پرۆژەکەیدا تاڵەبانی باسی ئەرک و کاری حکومەت و حزب دەکات و وەک بڕیارێک بۆ ئەندامانی یەکێتی، دەڵێت "ڕێکخراو و کادر و ڕێکخستنەکانی ی.ن.ک بۆیان نییە، بەهیچ شێوەیەک ڕاستەوخۆ دەستێوەردان لەکارو فەرمانی دامودەزگاکانی حکومەتی خۆماندا بکەن، هەر لە وەزارەتەوە تا دەگاتە پارێزگا و قەزاو ناحیە و هەموو دەزگاو فەرمانگە جیاجیاکانی حکومەت".

لەئەگەری ئەوەش کە ئەندامانی یەکێتی کارێکیان بەحکومەت بێت، سکرتێری گشتی یەکێتی دەڵێت "ئەگەر کارو داخوازییەکییان لای دەزگاکانی حکومەت هەبوو، یان لە ڕێگەی یاساو و سەربەخۆیی دەزگاکانی حکومەتەوە موراجەعەت دەکەن، یان لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە لەخوارەوە تاوەکو دەگاتە مەکتەبی ڕێکخستن و مەکتەبی سیاسی، ئەویش بەهۆی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیرەکانی بەحکومەتی دەگەیەنێت تاکو بەڕێگەی ئوسوڵی و یاسایی خۆی چارەیان بۆ بکرێت".

لەخاڵی سێیەمی پرۆژەکەیدا، تاڵەبانی ئاگاداری ڕێکخستنەکانی یەکێتی دەکاتەوە کە نابێت بەهیچ جۆرێک ڕێکخراوەکانی یەکێتی لەشار و ناحییەکاندا ڕاستەوخۆ بچنە سەر کاربەدەستانی حکومەت و بەچاو سورکردنەوە و هەڕەشە ئەوەی دەیانەوێت وەریبگرن.

لەماوەی رابردوودا چەندین جار بەرپرسەکانی یەکێتی بەدەستێوەردان لەکاری قۆنتەرات و بازرگانی کردن تۆمەتبار کراون. تاڵەبانی لە خاڵی چوارەمی پرۆژەکەیدا دەڵێت"نابێت بەهیچ جۆرێک ڕێکخراوەکانی یەکێتی دەست وەردەنە قۆنتەرات و پڕۆژەکانی میری و کاروباری بازرگانی و بازاڕ و نابێ بەهیچ شێوەیەک بەواستەو واستەکاری و خزم خزمێنە لەناو دایەرەکانی حکومەت دەستێوەردان بکەن".

بەشێکی دیکەی پرۆژەکەی تایبەت کردووە بەو بەرپرسانەی یەکێتی کە لەحکومەتدا کاردەکەن "لەسەر ئەندامانی ی.ن.ک لەناو حکومەتدا پێویستە هەر لە وەکیل وەزیرەوە تاوەکو مودیرعام و پارێزگار و قائیمقامەکان و لێپرسراوانی دامودەزگای خوێندن و تەندروستی و هەموو دامودەزگاکانی تر بەهیچ جۆرێک ماوەی دەستێوەردانی ڕێکخراوەکانی حزبی نەدەن لەکاروباری دامودەزگا و فەرمانگەکانیان"، لەئەگەری هەردەستێوەردانێکیشدا تاڵەبانی دەڵێت"ئەگەری هەربەرپرسێکی حزبی دەستێوەردانی کرد و چاو لەبەرپرسێکی حکومی سور کرایەوە و هەڕەشەیان لێکرا گوێ نەدەنێ و دەستبەجێ سکرتێری گشتی و دوو یاریدەدەرەکەی لێ ئاگادار بکەنەوە، ئەگەر ئەوە نەکەن خۆیان لەگەڵ ڕێکخراو یان کادرەکانی دەستێوەردەر توشی سزای حزبی و قانونی دەبن".

پرۆژەکەی تاڵەبانی کە ناوی هەنگاوەکانی چاکسازی و نوێبونەوەیەو تایبەتەبە جیاکردنەوەی کارەکانی حزب و حکومەت لەیەکتری، لە 2008/12/18دا لەلایەن مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە بەکۆی دەنگ پەسەندکرا.

بەشێکی پرۆژەکەی تاڵەبانی، تایبەتە بەدانانی بەرپرسانی حکومی لەتەواوی دام و دەزگاکانی حکومەتدا بەپێی کەفائەت و لێوەشاوەیی "نەک لەسەر بنەمای تەزکیەی حزبی، هەڤاڵانی خەباتگێڕی یەکێتی چاو و گوێی یەکێتی دەبن لەبەرامبەر دامودەزگا و فەرمانگەکانی حکومەتەکەمان، نەک کوتەکی سەرسەریان و دەستێوەردەر و خۆسەپێنەربن بەسەریاندا"، هەروەها تاڵەبانی لەپرۆژەکەیدا بەئەندامانی یەکێتی دەڵێت "ئێوە پارێزەری یاسا و حوکمی یاسان، نەک پێشێلکردنی یاساکان و دەسەڵاتەکانی دامودەزگاکانی حکومەت".

بەپێی ئەو زانیارییەی لەسەرچاوەیەکی ئاگاداری یەکێتییەوە دەست (ڕووداو) کەوتووە، پێش گەڕانەوەی بۆ بەغدا، سکرتێری گشتی یەکێتی بەئەندامانی مەکتەبی سیاسی گوتووە، کەلەزووترین کاتدا پرۆژەکە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە. ڕۆژی 2008/12/27، مەکتەبی سیاسی یەکێتی،بەسەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسول عەلی، جێگری یەکەمی تاڵەبانی، کۆبوویەوەو گفتوگۆیان لەبارەی پرۆژەکە کرد، هەروەها چەند کۆمیتەیەکیش پێکهێنراون بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە. هەر هەمانرۆژ تاڵەبانی چاوی کەوت بەمەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆیان لەبارەی پرۆژەکە کرد.

عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"کۆمیتەکانی تایبەت بەئۆرگانە سەرەکییەکانی حیزب و حکومەت دیاریکران، بڕیار وایە بۆ هەر کۆمیتەیەکیش ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی بکات".

لەگەڵ ئەوەی بەشێک لەچاودێرانی سیاسی پێیانوایە ئەم پرۆژە دەکرێت وەک ڕێنمایی سودی لێوەربگیرێت، بەڵام ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێت "پرۆژەکە شۆڕ دەکرێتەوە بۆ ئۆرگانەکانی خوارەوەو پێمواِیە سەرکەوتنیش بەدەست دێنێت".

## کەسوکاری قوربانیان دژی بڕیارەکە سەردانی داواکاری گشتی دەکەن

# دادگە بڕیاری ئازادکردنی چوار کەس دەدات کە لەسەر تەقینەوەکەی بەردەم سلێمانی پالاس دەستگیر کرابوون

**ڕووداو–سلێمانی**

4 کەس لەو 8 کەسەی بەتۆمەتی تەقینەوەکەی بەردەم سلێمانی پالاس دەستگیرکرابوون، دادگا بڕیاری ئازادکردنیانی داوەو ئاسایشی سلێمانیش دەڵێت ئەوانە پەیوەندییان بەو تەقینەوەیە هەبووە و جارێ ئازادیان ناکەین و لێکۆڵینەوەی وردتریان لەگەڵدا دەکەین.

عەمید حەسەن نوری، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی، بە (ڕووداو)ی راگەیاند"دادگەی جینایەتی سلێمانی بڕیاری ئازادکردنی ئەو چوارکەسەی داوە، ئەوانە پەیوەندیان بەو تەقینەوەیەوە هەبووەو بەشدارییان تێدا کردووەو ئێمە تا ئێستاش لای خۆمان هێشتومانن‌ەوە، چونکە ئەوانە کەشفی مەراکیزیان ماوەو ڕەنگە هەڵەی برادەرانی خۆشمانی تێدا بووبێ لەئاسایش، کە هەموو بەڵگەکانیان کۆنەکردوەتەوەو دادگەی جینایەت ئازادی کردون". گوتیشی "دەبێت لێکۆڵینەوەی زیاتریان لەگەڵ بکەین و بەڵگەی تەواو کۆبکەینەوە لەسەریان و بەشێوەی یاسایی ئیدانەیان بکەینەوە".

بەپێی زانیاری (ڕووداو) دوای دەرچوونی بڕیارەکەی دادگا، کەسوکاری قوربانیانی تەقینەوەکەی بەردەم سلێمانی پالاس پەنایان هێناوەتە بەر داواکاری گشتی لەهەولێر و داواکاری گشتیش دۆسیەیەکی بە ژمارە (448ج 2008) بۆ ئەو مەسەلەیە کردووەتەوە.

بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی ڕەتیشیکردەوە کە هیچ کەس و بەرپرسێک دەستی هەبوو بێت لەبڕیاری ئازادکردنیان"ئەوان پارێزەریان گرتووە، ڕەنگە پارێزەری بەهێزیشیان هەبووبێت و بەرگریان لەخۆیان کردبێت" گوتیشی" بەڵام ئێمە لێکۆڵینەوەی زیاتر دەکەین و ئەوکات هەموو شتەکان ڕوون دەکەینەوە، کاتێک گەشتینە ئەنجامێکی دڵنیاکەرەوە".

(ڕووداو)پەیوەندی بەدادگای سلێمانیەوە کردو حاکم لەتیف عوسمان سەرۆکی دادگای سلێمانی، تەنیا ئەوەندەی لەو بارەیەوە راگەیاند "ئەو چوار کەسە بەپێی بڕیاری دادوەری جینایەتی سلێمانی ئازاد کراون".

ئێوارەی ڕۆژی 2008/3/10 ئۆتۆمبێلێکی جۆری کیا لەبەردەم ئوتێلی سلێمانی پالاس تەقێندرایەوە، لەئەنجام پۆلیسێک بووە قوربانی و نزیکەی 30 هاووڵاتیش بریندار بوون، تەقینەوەکە لەکاتێکدا بوو، کە عەمید حەسەن نوری، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی لەنهۆمی دووەمی هوتێلەکەدا بوو.

هەر دوای تەقینەوەکە زانیاری بڵاو بووەوە ئەو کەسەی سەرپەرشتی تەقینەوەکەی کردووە کورد بووەو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە لەکاتی تەقینەوەکەش لەناو شاری سلێمانیدا بووە دواتر لەڕێگەی کەلارەوە هەرێمی کوردستانی جێهێشتووەو ڕووی کردووەتە پارێزگاکانی خوارووی عێراق.

هەروەها لەکۆی ئەو 7 کەسەی تۆمەتبار کرابوون بە تەقینەوەکە پێنجیان لەلایەن ئاسایشی یەکێتیی لەکەرکووک دەستگیر کران و دوانەکەی دیکەش هەڵهاتن. لەهەمانکاتیشدا کادیرێکی سەر بەکۆمەڵی ئیسلامی بەناوی ڕەمەزان حەمە ڕەشید بەگومانی دەست هەبوون لەتەقینەوەکە دەستگیر کرا.

# بزووتنەوەی ئەمەل ئاوڕ لە کوردی لوبنان دەداتەوە



دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی خێرخوازی کوردی لوبنان (فۆتۆ:ڕووداو)

**سەگڤان خەلیل**
**ڕووداو–لوبنان**

بزووتنەوەی ئەمەلی شیعی رایگەیاند کە ئەوان پشتیوانی لە داوای کورد دەکەن بۆ هەبوونی نوێنەریان لە پەرلەمانی لوبنان دا " بەڵام ئەوە پێویستی بە گۆڕینی دەستوورە".

دوای، دوو مانگ لەسەردانی شاندێکی کۆمەڵەی خێرخوازیی کوردی لوبنان، بۆ لای نەبیە بڕی سەرۆکی بزووتنەوەی ئەمەل و سەرۆکی پەرلەمانی لوبنان، شاندێکی بزووتنەوەی ئەمەل سەردانی بارەگای کۆمەڵەکە کرد لە بەیروتی پایتەختی لوبنان. هەرچەندە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی داهاتووی لوبنان لە نزیکبوونەوەدان، بەڵام لە وەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو) دا، محەممەد خواجە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئەمەل ئەوەی ڕەتکردەوە کە سەردانەکە بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەنگی کوردانی لوبنان بێ و گوتی ئەو سەردانە وەڵامدانەوەی سەردانێکی کۆمەڵەی خێرخوازیی کوردییە، کە دوو مانگ پێش ئێستا سەردانی نەبیە بڕییان کرد و گوتیشی " ئێمە بەو سەردانەمان دەمانەوێ بە کوردی لوبنان بڵێین ئەو داوەی پێکەوەمان دەبەستێتەوە زۆر زۆر درێژەو، لە ساڵی 2009 و هەڵبژاردنەکان تێدەپەڕێ".

سیستەمی سیاسی و ئیداری لوبنان، لە سەر بنچینەی تایفی دامەزراوە، بەو پێیەش سەرۆکی پەرلەمان بەشی شیعەکانی لوبنانە، کە دوو حیزبە هەرە گەورەکەیان حیزبوڵڵا و بزووتنەوەی ئەمەلە، کە نەبیە بڕی سەرۆکی، لەهەمانکاتدا سەرۆکی پەرلەمانیشە.

کۆمەڵەی خێرخوازی کوردی لوبنان. لە سەردانەکەیاندا بۆ لای سەرۆکی پەرلەمانی لوبنان، داوایانکرد کە ئەوانیش نوێنەریان لە پەرلەماندا هەبێت و، کێشەی ئەو منداڵە کوردانەی لە بەیرووت لە دایکدەبن و شوێنی لە دایکبوونیان نانووسرێ و وەڵامنەدانەوەی باڵیۆزخانەکانی لوبنان لە دەرەوە بۆ داواکاری کوردانی لوبنان بۆ ڕێکخستنەوەی کاروبارە فەرمییەکانیان، لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان باسکرد، بەتایبەتیش کە وەزیری دەرەوەش لە بزووتنەوەی ئەمەلە.

بەپێی خەملاندنەکانی کۆمەڵەی خێرخوازیی کوردی لوبنان، ژمارەی کوردانی لوبنان کە 95%یان خاوەن ناسنامەی لوبنانین، بە 150 هەزار کەس مەزەندە دەکرێ، بەڵام چونکە تا ئێستا وەک پێکهاتەیەکی کۆمەڵگەی لوبنان دان بە کورد دانەنراوە وەک نەتەوە لە لوبنان، لەسەر عەرەبە سوننەکان حسابدەکرێن و لە ناسنامەکانیاندا دەنووسرێ ( لبناني – سني )، هەرچەندە زۆربەی دەنگی کوردانی لوبنان بۆ لیستی ( تيار المستقبل ) دەچێت کە سەعد حەریری سەرۆکایەتی دەکات، بەڵام تا ئێستا ئامادەنەبوونە کوردێک بخەنە لیستەکەیانەوە، بەمشێوەیەش کوردی لوبنان لە مافی نوێنەرایەتیکردن لە پەرلەمان و حکومەت بێبەشبوونە.

محەممەد خەواجە، گوتی "کوردی لوبنان پێکهاتەیەکی سەرەکیی گەلی لوبنانن و ئێمە وەکو بزووتنەوەی ئەمەل کوردانی لوبنان وەک هاووڵاتیی پلەی یەک و پێکهاتەیەکی سەرەکیی لوبنان، هاوشێوەی پێکهاتەکانی دیکەی لوبنان دادەنێین".

بەڵام ڕایەکی ڕاشکاوانەی سەبارەت، بە نوێنەرایەتیکردنی کورد لە پەرلەمان نەداو گوتی "هەبوونی کورسییەک بۆ نوێنەرایەتیکردنی کورد کارێکی ئاساییە، بەڵام ئێمە بوار بە خۆمان نادەین کە لە هەڵوێستێکی لەم جۆرە بەرتەسکدا خۆمان ببینینەوە و، لەم ڕووەوە ئێمە دەست پێشخەر نابین، بەڵکو ئەگەر پێشنیارێکی لەم جۆرە خرایەڕوو ئێمە چ بۆ کورد بێت یان بۆ پێکهاتەکانی دیکەی گەلی لوبنان بێت هاوکار دەبین". بەڵام گوتیشی ئەوە پێویستی بە گۆڕینی دەستوورە، کە ئێستا هەندێ لایەنی سیاسی لوبنانیش داوای دەکەن.

## یەکێک لە مەرجەکان هەڵوەشاندنەوەی مادەی 140ـە

# بەرەی تورکمانی بۆ دانوستان لەگەڵ کورد مەرجی هەیە

**تایبەت بە ڕووداو**

بەرەی تورکمانی رایگەیاند کە بۆ دانوستان لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان "مەرج"و "هێڵی سوور"یان هەیەو دیارترینی ئەو مەرجانەشیان پشت نەبەستنە بەماددەی 140ی دەستوور.

لەکاتێکدا هەندێ سەرچاوەی ڕۆژنامەوانی وایان بڵاوکردەوە کە بەرەی تورکمانی بێ هیچ مەرجێکی پێشوەخت ئامادەیە بۆ دانوستان لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورد، عەلی هاشم موختار ئۆغلو گوتەبێژی بەرەی تورکمانی لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) رایگەیاند کە ئەوان لەدانیشتنیان لەگەڵ مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق تەنیا ڕەزامەندییان لەسەر قبوڵکردنی داوەتنامەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشانداوە ئەگەر ئاراستەیان کرا. گوتیشی "ئەوە تەنیا بۆ سەردانیکردنە".

موختار ئۆغلو رایگەیاند کە بەرەی تورکمانی بۆ دانوستان چەند مەرجێکی هەیە، لەوانەش گێڕانەوەی بارەگاکانیان لەهەولێرو ڕێگەدان بەکردنەوەی بارەگای بەرەی تورکمانی و ئازادکردنی ئەمیر عیزەت کە چەند ساڵێکە لەکوردستان زیندانییە و هەروەها پشت نەبەستن بەماددەی 140ی دەستوور، کە وەک ئەو گوتی "ئەو ماددەیە مەرگی خۆی راگەیاندووە، چونکە دەقەکەی دەڵێت دوایین کاتی جێبەجێکردنی 2007/12/31 دەبێت".

گوتەبێژەکەی بەرەی تورکمانی لەوەڵامی جەمال شان سەرۆکی حیزبی نیشتمانی تورکمانی و جێگری پێشووی سەرۆکی بەرە کە لەدوای کۆنگرەی پێنجەمەوە لەو بەرەیە کشاونەتەوە، ڕەتیکردەوە کە بەرەی تورکمانی وەک چەترێکی حیزبە تورکمانییەکان هەڵوەشابێتەوەو تەنیا لە حیزبێکدا کورت بووبێتەوە. موختار ئۆغلو لەوبارەوە گوتی "هێشتا هەندێ حیزب ماون لەژێر چەتری بەرەی تورکمانیدان، لەوانەش بزووتنەوەی نەتەوەخوازانی تورکمان و بزووتنەوەی ئیسلامیی تورکمانی" گوتیشی "ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن ئەوانەن کە لەهەڵبژاردنەکاندا دۆڕاندوویانە، نەک تەنیا لە هەڵبژاردنی مەکتەبی تەنفیزیی بەرە، بەڵکو لەهەڵبژاردنی نوێنەرانیشدا بۆ کۆنگرەی گشتیی تورکمان کە تێیدا ئەنجومەنی تورکمانی عێراق و سەرکردایەتی بەرەی تورکمانی هەڵدەبژێردرێت".

جەمال شان، پێشتر لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) رایگەیاندبوو کە بەرەی تورکمانی وەک ئەوەی چەتری کۆکردنەوەی کۆمەڵێک حیزب و لایەنی تورکمانی بێت بوونی نەماوەو ئەوەی ئێستا هەیە تەنیا حیزبێکە کە سەعدەدین ئەرکیج سەرۆکایەتی دەکات. گوتیشی "حیزبەکەی من هیچ پەیوەندییەکی بە بەرەی تورکمانییەوە نییە".

موختار ئۆغلو ڕەتیکردەوە کە ئەو مەرجانەی ئەوان بۆ دانوستان دایانناوە مەرجی قورس بن و گوتی "بۆچی قورسە ئەگەر داوای موڵکەکانی بەرەی تورکمانی بکەینەوە، لەوانەش چاپخانەو رادیۆو تەلەفزیۆن کە ساڵی 2005 دەستیان بەسەرداگیرا، یان ئەگەر داوای ئازادکردنی ئەمیر عیززەت بکەین کە بەبێ هیچ بیانوویەکی یاسایی ساڵانێکە لەزیندانە؟ تەعجیز لەچیدایە ئەگەر بڵێین با کار بەمادەی 140 نەکرێت کە هەموو لایەک دەزانن ئەو ماددەیە بەگوشاری کورد خرایە ناو دەستوورەوەو بەوشێوەیەش دارێژرا کە کورد دەیەوێت، هەموو کەس دەزانن کە ڕەشنووسی دەستوور سەرەتا لە 139 ماددە پێکهاتبوو دواتر ئەو ماددەیەی بۆ زیادکرا".

بەرەی تورکمانی کە ساڵی 1994 دامەزراوە، تاساڵی 2003 کە ڕژێمی سەددام ڕووخا ڕوو لە بەرفراوانبوون و هەڵکشان بوو، بەڵام بەهۆی ناکۆکی و ململانێی هێزەکانی ناویەوەو لەوانەش ململانێی نێوان تورکمانەکانی هەولێرو کەرکووک کە ئەوانەی هەولێر هەستیان بە پەراوێزبوون دەکرد، چەند ساڵێکە بەرەو لێکهەڵوەشان دەچێ و تائێستا چەندین لایەن جیابوونەوەی خۆیان لەو بەرەیە راگەیاندووە.




بارەگای بەرەی تورکمانی لە کەرکووک (فۆتۆ:AFP)

## ڕیپۆرتاژ

**ساڵی ئایندە پاسپۆرت لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەردەهێنرێ**



ڕووداو-هەولێر

◆ عەقید دیدار عومەر قادر، بەڕێوەبەری پاسپۆرتی هەولێر بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ساڵی داهاتوو هاووڵاتیانی کوردستان دەتوانن لە ماڵی خۆیان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە فۆرمی وەرگرتنی پاسپۆرتی عێراقی پیتیG وەربگرن، ڕاشیگەیاند "پاسپۆرتەکە بەزمانی کوردیش لەسەری نووسراوە". هەروەها ئاوبراو ڕوونیکردەوە کە هاووڵاتیان دوای پڕکردنەوەی فۆرمەکە پاسپۆرتەکە لەبەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی هەولێر وەردەگرنەوە. هاووڵاتییانیشی دڵنیا کردەوە کە ساڵی ئایندە کێشەی کەمی پاسپۆرت نامێنێ "ئەوەندە پاسپۆرت چاپدەکرێ بەشی هەموو عێراق دەکات".

### تارق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بۆ ڕووداو:

# عەبدوڵڵا گیول بە هیوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان



عەبدوڵڵا گیول، سەرۆک کۆماری تورکیا لە کاتی دانیشتنی لە گەڵ تارق هاشمی (فۆتۆ:AFP)

**ڕووداو- بەغدا**

تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق ڕایگەیاند کە لە سەردانی ئەم دواییەیدا بۆ تورکیا، پەیامێکی زارەکی لەتاڵەبانییەوە دەربارەی هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد لەدۆسیەی PKK گەیاندووەتەوە عەبدوڵڵا گیول. گوتیشی "سەرۆک کۆماری تورکیا خوازیاری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە لەگەڵ عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی".

هاشمی جێگری یەکەمی سەرۆک کۆمارو سەرۆکی حیزبی ئیسلامیی عێراقی کە یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی بەرەی تەوافوق، لەدیارترین ئەو لایەنە عێراقیانەیە کە پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ تورکیا هەیە. سەردانی ئەمجارەی هاشمیش لەکاتێکدایە کە هەریەک لەبەغداو ئەنکەرە گفتوگۆو دیدارەکانیان بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسیەی PKK چڕکردووەتەوە، لەم چوارچێوەیەشدا تەنیا ئەم مانگە دوو گەورە بەرپرسی عێراق، هاشمی جێگری سەرۆک کۆمارو نوری مالیکی سەرۆک وەزیران بۆ دیداری بەرپرسانی تورک گەیشتوونەتە ئەنکەرەو بڕیارە لەسەرەتای ساڵی داهاتووشدا سەرۆک کۆماری تورکیا سەردانی عێراق بکات.

تارق هاشمی دەربارەی سەردانی ئەم دواییەی بۆ ئەنکەرەو ئەو پەیامەی لەتاڵەبانییەوە بردوویەتی، تایبەت بە (ڕووداو) گوتی "لەبەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمارەوە پەیامێکی زارەکیم گەیاندە بەڕێز عەبدوڵڵا گیول سەرۆک کۆماری تورکیا کە تایبەت بوو بە پەیوەندییەکانی هەردوولاو هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد لەدۆسیەی پارتی کرێکارانی کوردستان و چالاکییە تیرۆریستییەکانیان لەسەر سنوور".

هاشمی هەروەها گوتی "پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ سەرکردایەتی کوردستانی عێراق بەتێپەڕبوونی کات گەشەدەکات و لایەنی تورکیش ئەو هەستەیان لا دروست بووە کە دەبێت سنوورێک بۆ ئەوجموجوڵانەی سەر سنوور دابنرێت، چونکە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەنێوان هەردوولا".

جێگری سەرۆک کۆمار لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەدا دەربارەی تێڕوانینی گیول و دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سەرۆک کۆماری تورکیا بەهیوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە لەگەڵ عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و کۆتاییهێنان بەو بارگرژییەی لەسەر سنووری نێوان هەردوو وڵات هەیە.

ئەو قسانەی هاشمی لەکاتێکدایە کە هەندێک لەسەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان پێشبینی دەکەن گیول لەو سەردانەی خۆیدا بۆ عێراق سەردانی هەرێمی کوردستانیش بکات، هەرچەندە تائێستا هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی باسی ئەو ئەگەرەی نەکردووە.

سەردانەکەی هاشمی بۆ ئەنکەرە ماوەیەکی کەم پێش ئەو سەردانەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران کەوت کە بە هاوڕێیەتی شاندێکی گەورەی پێکهاتوو لەوەزیرانی حکومەتەکەی ئەنجامی دا، لەوانەش وەزیرانی بازرگانی و کارەبا وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو گفتوگۆو دانوستانە هەمەلایەنەی نێوان هەردوو وڵات کە لەبەر ڕۆشنایی مۆرکردنی یاداشتنامەی لێکگەیشتن لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و ئابووری دەستی پێکردووە.

عێراق و تورکیا لە 2008/7/10و لەکاتی سەردانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغاندا بۆ بەغدا، یاداشتنامەیەکی لێکگەیشتنیان مۆرکرد کە چەندین بواری سیاسی و ئەمنی، ئابووری و کەلتووری لەخۆگرتبوو.

مالیکی لەدوایین سەردانیدا بۆ ئەنکەرە لە 2008/12/24، ڕایگەیاند ئامانج لەسەردانەکەی پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای هاریکاری ستراتیژییە کە گەورە بەرپرسانی هەردوو وڵات، بەتایبەتیش سەرۆک وەزیرانی هەردوولا لەخۆدەگرێت.

# ڕووداو دانپێدانانەکانی فڕۆکەوانە هەڵاتووەکە بڵاو دەکاتەوە

## وەزارەتی شەهیدان داوا لە ئەنجومەنی وەزیران دەکات لێپێچینەوە لەوبارەوە لەگەڵ ئاسایشی سلێمانی بکات



عەلی حەمەساڵح
ali@rudaw.net

**ڕووداو-هەولێر**

ڕووداو دانپێدانانەکانی ئەو فڕۆکەوانە بڵاودەکاتەوە کەدەستی هەبوو لەکیمیابارانکردنی هەڵەبجەداو لەدەست ئاسایشی سلێمانی هەڵاتووەو وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانیش لەنووسراوێکدا بۆ ئەنجومەنی وەزیران داوای لێپرسینەوە لەو لایەنانە دەکات کە کەمتەرخەم بووە لەهەڵاتنی ئەو فڕۆکەوانە.

ڕۆژی 2008/12/21، دادوەر محەممەد عورێبی، دادوەری دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق، لەیەکەم دانیشتنی تایبەت بەدادگاییکردنی تۆمەتبارانی هەڵەبجە، ئاشکرای کرد کە ئەو فڕۆکەوانەی بڕیاربوو وەک شایەت لەسەر ئەو ڕووداوە ئامادەبێت، لەدەست ئاسایشی سلێمانی هەڵاتووە.

محەمەد عورێبی، گوتی" ئاسایشی گشتی سلێمانی لە 2008/10/25دا، نووسراوێکیان ئاراستەی دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق کردووەو تێیدا هاتووە، ئەو فڕۆکەوانەی بەناوی تارق ڕەمەزان، پێش ساڵێک لەلایەن ئاسایشی گشتی سلێمانییەوە دەستگیرکرابوو، لەکاتی چارەسەرکردنیدا لەنەخۆشخانە لەدەست ئاسایش ڕایکردووە".

بەپێی مادەی 125 لە یاسای بنەماکانی دادبینی سزایی، ژمارە 23ساڵی 1971، تارق ڕەمەزان وەک فڕۆکەوانێک لە 1988/3/16 دەستی هەبووە لەکیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا و دانی بەتاوانەکەشیدا ناوە،بۆیەش پێویست بوو وەک شایەت و وەک تۆمەتباریش لەدادگەدا ئامادەبێت.

گۆران ئەدهەم بابان، سەرۆکی دەستەی پارێزەرانی داکۆکیکار لە قوربانیانی هەڵەبجە لە دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق، کە ئێستا خەریکی کەیسی هەڵەبجەیە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئاسایشی سلێمانی ئەوانی پێشتر لە هەڵاتنی ئەو فڕۆکەوانە ئاگاداری کردبوووەوە" زانیارییەکی وام هەبوو کە هەڵاتبێت، بەڵام ئەوە نەبووە کە لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە بووبێت، هەتاوەکو ئێستاش شتەکە ڕوون نییە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، ئەو فڕۆکەوانە پێش هەڵاتنی لەلایەن دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کراوەو لەلێکۆڵینەوەدا دانی بەوە داناوە کە دەستی لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا هەبووە. گۆران ئەدهەم، ئەم دانپێدانانەی بە"گرنگ "ناوبرد و گوتی "دانپێدانانەکانی ئەو فڕۆکەوانە گرنگی خۆی هەیە، لەنێو داواکەدا و ئێستاش ئیفادەکەی لای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقە".

پاش یەکەمین دانیشتنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، لە سەر کەیسی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، تیمی پارێزەرانی کورد، داوایان لەدادەگە کرد، کەدانپێدانانەکانی ئەو فڕۆکەوانە بە گرنگ وەربگرێت، بەو پێیەی دانی بەوە داناوە کە حکومەتی عێراقی کیمیاوی بەسەر خەڵکی هەڵەبجەدا کردووە.

### دانپێدانانەکانی فڕۆکەوانەکە

فرکەوان تارق ڕەمەزان، لەدادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق دانی بەبەشداریکردنی خۆی لەپرۆسەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە داناوە، (ڕووداو) لەڕێگەی پارێزەر گۆران ئەدهەمەوە، دانپێدانانەکانی ئەو فڕۆکەوانەی دەستکەوتووە کە تێیدا فڕۆکەوانەکە دەڵێ "من لەموهیمەیەکی تایبەتدا بووم، بەرەو ئێران دەڕۆیشتم، فەرمانم پێکرا بگەڕێمەوە سەر ناوچەی هەڵەبجە و پاسەوانی چوار فڕۆکە بکەم، کە فڕۆکەی هاوڕێم (الطائرات الصدیقة) بوون، کە بۆمبارانی ناو هەڵەبجەو دەوروبەریان دەکرد، من دووکەڵی چەند ڕەنگێکم بینی لەسەر شاری هەڵەبجە".

### فڕۆکەوانێکی تاوانباری دیکەش لە لەندەنە

دۆسییەی هەڵەبجە لە 3700 لاپەڕە پێکدێت، هەرچەندە پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدامیش، ئۆپۆزسیۆنی عێراق نێوی ئەو فڕۆکەوانانەی ئاشکرا کرد کە بەشداریی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیان کردبوو، بەڵام جگە لە تارق ڕەمەزان، هیچ فڕۆکەوانێکی دیکە تا ئێستا دەستگیرنەکراوە. بەپێی گوتەی پارێزەر گۆران ئەدهەم "دوو فڕۆکەوان هەن بەناوەکانی جەودەت مستەفا نەقیب و ئەحمەد شاکر، کە لەدیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا باسی ئەوەیانکردووە کە چۆن هەڵەبجەیان کیمیا بارانکردووە، ئێستا ئەو باسکردنە بەتۆمارکراوی لەبەردەستدایەو جەودەت مستەفا لە لەندەنە، بەڵام ئەوەی دووەم نازانرێت لە کوێیە، بۆیە تارق ڕەمەزان تەنیا فڕۆکەوانە کە دانپێدانانەکانی لە دادگەدا هەبن".

**تارق ڕەمەزانی فڕۆکەوان**

- لەساڵی 1958 لە کەرکووک لەدایکبووە.
- عەرەبە و پلەی موقەدەمی فڕۆکەوان بووە لەسوپای عێراقدا.
- پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام خانەنشین کرابوو.
- چەند خولێکی فڕۆکەوانی لەفەرەنسا بینیوە.
- ساڵی 2007 لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیر کرا.
- بەپێی نووسراوی ئاسایشی گشتیی لە سلێمانی بۆ دادگەی باڵای تاوانەکان لەکاتی چارەسەرکردنیدا لە نەخۆشخانە لەدەست ئاسایش ڕایکردووە.
- تاریق ڕەمەزان وەک شایەت و تۆمەتبار لەلایەن دادگەوە بانگکرابوو.

تارق ڕەمەزان، کە بەرەگەز عەرەبە و، لەساڵی 1958 لەکەرکووک لەدایکبووە، پلەکەی موقەدەمی فڕۆکەوان بووە لە سوپای عێراقداو، لەپێش "پرۆسەی ئازادی عێراق" خانەنشینکراوەو،کاتی خۆی چەند خولێکی فڕۆکەوانی لەفەرەنسا بینیوەو،ساڵی ڕابردوو لەلایەن ئاسایشی گشتیی لە سلێمانی دەستگیر کراوە.

### هەڵاتنی فڕۆکەوانەکە گومان دروستدەکات

پاش ئەوەی دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق هەڵاتنی فڕۆکەوانەکەی ئاشکرا کرد، چەندین لایەنی حکومی و ڕێکخراوی پەیوەندیدار گومانیان خستە سەر هەڵاتنی ئەو فڕۆکەوانە .هەروەها چەند ڕێکخراوێکی لەوانەش نووسینگەی هەڵەبجەی ڕێکخراوی چاک دەستی بە هەڵمەتێکی ناڕەوایی دەربڕین کردووە لە پێناو ئاشکراکردنی مەسەلەی هەڵاتنی فڕۆکەوانەکە.

هەر لەوبارەوە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان، لەنووسراوێکدا بۆ ئەنجومەنی وەزیران، داوادەکات ئەنجومەنی وەزیران بەدواداچوون بۆ هەڵاتنی ئەو فڕۆکەوانە بکات کە بەڵگە و شایەتحاڵێکی زۆر گرنگ بوو لەسەر تاوانی کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراق. وەزارەتی شەهیدان ئێستا چاوەڕوانی وەڵامی ئەنجومەنی وەزیرانە.

چنار سەعد، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)ی ڕایگەیاند" نووسراومان بۆ ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بۆ ئەوەی بەدواداچوون و لێپێچینەوە لەوبارەوە بکرێت، چاوەڕوانی وەڵام و ئەو کارانە دەبین کە ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ لایەنە بەرپرسەکان دەیکات".

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، ئاگاداری ئەوە بووە کە فڕۆکەوانێکی تۆمەتبار بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەستگیرکراوەو لەزیندانەکانی ئاسایشی سلێمانیدایە، بەڵام ئاگادار نەبووە کە دواتر تۆمەتبارەکە لەدەست ئاسایش هەڵاتووە.

چنار سەعد، دەڵێت"دەمانزانی کە ئیفادەی لێوەرگیراوەو یەکێکە لەتاوانبارانی کەیسی هەڵەبجە کە دەبێت لەدادگەدا ئامادەبێت، بەڵام هەڵاتن و ڕاکردنەکەی بابەتێکی لەناکاو بوو، هیچ زانیارییەکمان لەسەر نەبوو تا ڕۆژی دادگاییکردنەکە".

وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفاکراوان، پێیوایە دەبوایە ئاسایش لەهەڵاتنی ئەو تۆمەتبارە ئاگاداری بکردنایەتەوە"زۆرنیگەران بووین، کە لە دادگەی باڵای تاوانەکانمان بیست، کە ئەو فڕۆکەوانە هەڵاتووە".

### پێویستە ئاسایش هەڵاتنی ئەو فڕۆکەوانە بۆ خەڵک ڕوونبکاتەوە

هەندێ لە هاووڵاتیانی کوردستان، بەگومانن لەوەی لەو ڕەوشە بەهێزەی ئاسایش کە لەسلێمانیدا هەیە، تۆمەتبارێکی عەرەب بتوانێت لەدەست ئاسایش هەڵبێت و لەپاش دوومانگیش لەهیچ بازگەو شوێنێکدا دەسگیر نەکرێتەوە .هەندێکیش گومانی ئەوە دەکەن کە لە ژیاندا نەمابێت .

وەزیری کاروباری شەهیدانیش بە گومانەوە لە کارەکە دەڕوانێ و دەڵێ " ناتوانم لەسەر ئەو گومانە هیچ شتێک بڵێم، بەڵام بێگومان هەواڵێکی ئاوا لەناکاو کۆمەڵێک گومان دروستدەکات لەلای هەموو لایەک، پرسیارێکە وەڵامەکەی ئەستەمەو بۆچوونی زۆر هەڵدەگرێت، پێویستە ئاسایشی سلێمانی بە ئاشکرا لەداوودەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرامبەر خەڵک ڕابوەستێ و ئەو بابەتە ڕوونبکاتەوە".

چنار سەعد، هیواخوازە ئاسایشی گشتیی لە سلێمانی، قەناعەتێک لای خەڵک دروستبکات کە ئەو فڕۆکەوانە بە چ شێوەیەک هەڵاتووە"بەلایەنی کەمەوە ئەو لایەنەی کە هەڵەی کردووەو کەسێکی ئاوا تاوانبار لەدەستی ڕایکردووە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت و هەوڵبدرێت بەرنامەیەکی تایبەت دابنرێت بۆ ئەو کەسەی کە ڕایکردووە، تاوەکو جارێکی دیکە دەستگیر بکرێتەوە".

کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، لەبەیاننامەیەکەدا بەتووندی ئیدانەی هەڵاتنی ئەو ئەفسەرە فڕۆکەوانەیان لە دەست ئاسایشی سلێمانی کرد و بڕیاری خۆشیان ڕاگەیاند کە لیژنەیەکی بەدواداچوون بۆ ئەو مەبەستە پێکدەهێنن.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی لیژنەکە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەهەوڵی ئەوەداین پەیوەندی بەئاسایشەوە بکەین و وەڵامێکی باوەڕپێکراو وەربگرین و بزانین ڕووداوەکە چۆن بووەو تاچەند ڕاستەو تاوەکو چەند جێگەی گومانە".

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانکردنی هەلەبجە، باوەڕی بەوە نییە کە ئەو فڕۆکەوانە هەڵاتبێت" باوەڕم بەوە نییە کە کەسێکی وا بتوانێت لەسلێمانیدا لەدەست ئاسایش هەڵبێت، ئەگەر وایە دەبوا، هەر ئەوکات لە ڕاگەیاندنەکانەوە باسبکرایە کە هەڵاتووە".

سەبارەت بەهەڵهاتنی فرۆکەوانەکە، عەمید حەسەن نوری، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی، گوتی " ئەو فرۆکەوانە نە لەزیندانی ئێمە بووەو نە ئێمە ئاگامان لێی هەیەو نەبینیوشمانەو نەدەشزانین کێیە، لەبەر ئەوە ئاگامان لەوەنییەو ڕاگەیاندنەکان زۆر ناهەقی بەرامبەر ئاسایشی سلێمانی دەکەن ".

ڕووداو پەیوەندیکرد بە لیوا سەیفەدین عەلی، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی سلێمانییەوەو گوتی" هیچ لێدوانێک لەسەر ئەو بابەتە نادەم".



دیمەنێک لە تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە لە 1988/3/16

# ڕیپۆرتاژ

## چوار پۆلیسی تۆمەتبار بەتەقینەوەکەی چێشتخانەی عەبدوڵڵا ئازاد دەکرێن




ڕووداو-کەرکووک

◆ لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک ڕەتیکردەوە کە ئەو 11 کەسەی لەسەر تەقینەوەکەی چێشتخانەی عەبدوڵڵا دەستگیر کرابن و، بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تەنیا 4 پۆلیس لەڕێگەی ئێمە ئازاد کران، چونکە پەیوەندییان بە تەقینەوەکە نەبوو"، گوتیشی "دۆسیەی حەوت کەسەکەی دیکەی لای دادوەرە ئەوان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن". دەستگیرکردنی ئەو 11 کەسە لەسەر بنەمای زانیاری ئاسایشی یەکێتی بوو لە کەرکووک و، دواتر پۆلیسی کەرکووک 4 لەو تۆمەتبارانەی ئازاد کرد.

## شیوعییەکانی نەجەف نزاو پاڕانەوە بۆ شەقڵاوە دەکەن

# تا حیزبی شیوعی لە گۆڕپانەکە بوو مەرجەعیەتەکانی ئاینیش شیوعی بوون

**بۆتان تەحسین**
**ڕووداو- نەجەف**

پاش ماندووبوونێکی زۆری شوفێری تەکسییەکە بارەگای لیژنەی مەحەلی حیزبی شیوعیمان لە نەجەف لەسەر ڕێگەی سەرەکی موسەننا دۆزییەوە، خاڵێکی پشکنینی پۆلیس لەبەردەم بارەگاکەیان بوو، وێنەی هاوڕێ فەهد و چەکوچ و داسی کۆمونیستی لەسەر دیواری بارەگاکەیان کێشرابوو. بارەگای حیزبی شیوعی، لەو خانووە کۆنەدا کەوتووەتە سەر شەقامێکی جووتساید، بە پێی قسەی بەرپرسی لیژنەی مەحەلی ئەو خانووە هەر بە موڵک هی حیزبی شیوعییە و لە ساڵی 1970وە کرییانە، سەردەمی بەعس مۆڵگەی مزیان خدر هادی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس بووە و، دوای 2003بە بێ گرفت وەریانگرتووەتەوە.

لە پرسگەی بارەگاکە وەژوورکەوتین خۆم ناساند، کە لە کوردستانەوە هاتووم و ژوانی دیدارێکم لەگەڵ بەرپرسی لیژنەی مەحەلی هەیە، دەمودەست هەڵسوکەوتی ئەو کەسەی پرسگە گەرموگوڕتر بوو، بێ پێشەکی هەواڵی کەشوهەوای شەقڵاوەی لێ پرسیم. سەرەتا لە مەبەستی پرسیارەکەی نەگەیشتم، بەڵام کە باسی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراقی کرد لە شەقڵاوە، بۆم ڕوون بووەوە مەبەستەکەی کەشوهەوای بارەگای مەکتەبی سیاسی حیزبە، نەک هەڵکەوتی جوانی شارەکە.

دوای کەمێک چاوەڕوانی بەرپرسی لیژنەی مەحەلی گەیشتەوە بارەگا، جۆشوخرۆشییەکی پتری لە ئەندامانی دیکە پێوە دیاربوو، لە ژوورەکەی وێنەی هاوڕێ فەهد و سەلام عادل هەڵواسرابوون، هەر دوای خۆناساندنی پێی ڕاگەیاندم کە بۆ ماوەی دووساڵ لە کوردستان بووە، وەک ئەندامی هێزی ئەنساری سەر بە حیزبی شیوعی لە ساڵی 70تا 1972 لەگەڵ هێزەکەی ملازم خدر بووە لە دەرگەڵە و بەرسیرین و بەرزێوە. کە ناوی دەرگەڵەی هێنا پێمگووت من خەڵکی ئەوێم، ئیدی خولیای هەڵدانەوەی ئەو بیرەوەرییانەی لێ سەوز بوو، هەرچی شیوعی ناوچەکەبوو بەسەری کردنەوە، لەمام ئەلیاسەوە بگرە تا گەیشتە مام زرار.

محەممەد عەبدولزوهرە حەموزی کە لە ناو حیزبی شیوعی بە (ئەبو سەرمەد) ناسراوە، لە ساڵی 1946 لە نەجەف لەدایکبووەو، ئێستا بەرپرسی لیژنەی مەحەلی نەجەف و کوفەیە .ئەو لە ساڵی 1962بووەتە ئەندامی حیزبی شیوعی، بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی مەینەتی و دەردەسەرییەکانی خۆی، باسی ڕابردووی خۆی دەکرد و دەیگووت" لە 1965 بە شێوەیەکی غیابی بە 2ساڵ زیندان حوکمدرام، ساڵی 1978 بۆ دەربازبوون لەدەست بەعسییەکان هەوڵی چوونە سوریام دا، بەڵام خۆم و خێزانەکەم لە نزیک سنوور گیراین و ڕاپێچی زیندان کراین" .

### (الشرارة) و بیرۆستریکایەک لە نەجەف

وێڕای ئەو هەموو هەورازو نشێو و ماڵوێرانییە کەچی ئەبو سەرمەد هێشتا بەگوڕتینێکی هەرزەکار ئاسا لەنێو پارێزگارترین و داخراوترین پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراق خەریکی کاری ڕێکخستنە بۆ حیزبی شیوعی، نازانی ئەو بەردەوامییە بەهۆی پتەوی بیروباوەڕەکەیەتی بە ڕێبازی حیزبی شیوعی یان وەفادارییە بۆ ڕابردووی خۆی، ئەبوسەرمەد دەڵێ "سەرەتا کە هاتمە ناو حیزب بەهۆی کاریگەری چەند خزمێکمەوە بوو، بەڵام ئێستا بەهۆی بیروباوەڕی پتەوم بە ڕێبازیحیزبی شیوعی درێژە بەکاری حیزب دەدەم، ئەو خزمانەم ئێستا ئەندام نین، لەهەر شوێنێکی جیهان حیزبی شیوعی یان هەر ڕەوتێکی چەپڕەو لە هەڵبژاردن سەرکەوێت شاگەشگە دەبم". باوەڕەکەی ئەبو سەرمەد بەشێوەیەکە هێشتا باوەڕی بە "دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا"ش ماوە. ئەو کە ماوەی دوو ساڵ لەساڵانی هەفتا لە مۆسکۆ ژیاوە دەڵێ "چەمکی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەهەڵە لە لایەن حیزبەکانی شیوعییەوە تەوزیف کراوە، مەبەستی لینین لەم چەمکە ئەو دیکتاتۆریەتە بوو کە لە ڕێگەی دیموکراتیەتی گەلەوە جڵەوی حوکمی بەدەستەوە دەگرێ نەک ئەو شێوە دیکتاتۆریەتەی ئێمە لە دەسەڵاتدارانمان بینی". ئەبو سەرمەد بیرۆستریکاشی بە "هەنگاوێکی هەڵە"ی کۆمۆنیزم لەقەڵەمدا و هەر ئەوکات کە لەلایەن گورباتچۆڤی سەرۆکی یەکێتی سۆڤێتەوە ڕاگەیێندراوە، بە هاوڕێیانی خۆی گوتووە لە نەجەف کە "پەشیمانی بەدواوە دەبێت".

بەر لەچوونم بۆ بارەگای حیزبی شیوعی، مامۆستا سۆران عیزەدین فەیزی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر پێیگوتم کە حیزبی شیوعی لە نەجەف خاوەن فرەوانترین پێگەی جەماوەری بووەو، چەندین سەرکردەی ناسراوی ئەم حیزبە خەڵکی نەجەفن. ئەبوسەرمەد هۆکارەکانی هەڵکەوتنی سەرکردەکانی شیوعی لە نەجەف بۆ ئەو ڕابردووە شۆڕشگێرییە گەڕاندەوە کە لە ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردوو ئەو شارە بە خۆیەوە بینی، ئەمەش وای لە خەڵکەکە کرد بەئاسانی بچنە باوەشی هەموو هێزێک کە پێشڕەوی بزووتنەوەکانی دژ بە ئیمپریالیزمی جیهانیان دەکرد. بەگوێرەی قسەی ئەو بەرپرسە کە حیزبی شیوعی لە گۆڕەپانەکە بووە، مەرجەعیەتەکانی شیعە لە نەجەفیش دۆستی شیوعی بوون. وەک ئەبو سەرمەد گوتی، مەرجەعێکی گەورەی شیعە لە نەجەف بەناوی (محەممەد حوسێن کەشف ئەلغیتا) لە ساڵانی چلی سەدەی ڕابردوو گوتوویەتی" ئەگەر شیوعییەکان بەرگری لە نیشتمان بکەن من شیوعیم". ئەو خۆپیشاندانەی ئەو حیزبە ڕێکیدەخستن سەدان هەزار کەس بەشدارییان تێدا دەکرد، زۆربەی بەشداربووانی چینی کرێکار و جوتیاری ئەو شارە بوون.

ئەبوسەرمەد ئەم نزیکییەی مەرجەعییەتەکانی شیعە لە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان و حیزبی شیوعی بۆ مێشک کراوەیی مەرجەعییەتەکانی ئەوکات گەڕاندەوەو، ئاماژەی بە سەلام عادلی سکرتێری حیزبی شیوعی کرد و گوتی"سەلام عادل لە بنەماڵەیەکی ئاینی نەجەف بوو، ڕەچەڵەکی ئەوان دەگەڕێتەوە سەر ئیمام مووسا کازم کە لە ئەهلی بەیت (ال بیت)ی پێغەمبەرە، محەممەد شەبیبیش کە سەرکردەیەکی حیزبی شیوعی بوو و لە ساڵی 1948 تیرۆر کرا، ئەویش لە بنەماڵەیەکی ئاینی بوو". ئەو نزیکییەی نێوان حیزبی شیوعی و مەرجەعییەتە ئاینییەکانی نەجەف تا دەرکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا بەردەوام بووە، دواتر بەهۆی فەتوایەکی موحسین عەبدولحەکیم کە گوتویەتی" الشیوعیە کفر والحاد" پەیوەندییەکە تێکچووە، بەڵام حیزبی شیوعی جەماوەر و پێگەی خۆی هەر هەبووە لەو ناوچەیە، ئەوکاتەی بەعسییەکان جڵەوی حکومیان گرتووەتە دەست زۆربەی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی خۆیان لە نەجەف داڵدە داوە.

لەبارەی پەیوەندی محەممەد مەهدی جەواهیری شاعیریش لە گەڵ حیزبی شیوعی، ئەبو سەرمەد ڕوونیکردەوە کە جەواهیری لە بنەماڵەیەکی ئاینی بوو، خۆی ئەندام نەبووە لە حیزبی شیوعی، بەڵام برایەکی بە ناوی جەعفەر لە سوریا بووەتە شیوعی، هەرچی جەواهیری بوو دۆستی هەموو هێزێکی نیشتمانی بوو.

زۆرترین ژمارەی ئەندامانی حیزبی شیوعی لە 1978 بووە، ڕێکخستنێکی ئافرەتانیان لە نەجەف و کوفە هەبووە، زۆر چالاک بووە، بەڵام ئێستا ڕێژەی ئەندامی ئافرەتیان کەمە .ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی لە ساڵی 1980وە بەهۆی تیرۆرکردنی چەند بەرپرسێکی شیوعی پەیوەندییان بە سەرکردایەتی حیزبی شیوعییەوە دەپچڕێت، لەو کاتەوە تا ساڵی 2003 سیاسەتی حیزبیان هەر لە ڕێگەی "دەنگی گەلی عێراق"ی حیزبی شیوعییەوە پێدەگەیشت.

### "حیزبی شیوعی لەپێناو کورد ماڵی خۆی وێرانکرد"

ڕێکخستنەکانی حیزب تا ئێستا لە ڕێگەی ئابوونەوە بەڕێوەدەچن، ئەوکاتەی ئێمە لەوێ بووین ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی لە بابل هاتنە ئەوێ و ئابوونەیان هێنابوو کە 650هەزار دینار بوو. حیزبی شیوعی لە نەجەف گۆڤارێک بەناوی (الشرارة) دەردەکات و، ئەمینداری دووەمی ئەو ئەنجوومەنەن، کە ناوی (بیت القرار السیاسي)یە لەنەجەف، کە مەجلیس ئەعلا ئەمینداری یەکەمی ئەو ئەنجوومەنەیە و، بەردەوام سەردانی لایەنە ئاینی و مەرجەعییەتەکان دەکەن،بۆهەڵبژاردنەکانی ئێستای ئەنجوومەنی پارێزگای نەجەف بەهاوبەشی لەگەڵ چەند گرووپێکی دیکەی عەلمانی لیستی هێزە مەدەنییەکانیان دروستکردووە. ئەوان هەوڵدەدەن پتر وەک گرووپێکی نیشتمانی مەدەنی خۆیان نیشانبدەن نەک کۆمۆنیستی. ئەبو سەرمەد دەڵێ لە هەڵبژاردەکانی ڕابردوو مافی سێ تا چوار کورسییان هەبوو، بەڵام ئەنجامەکان دەسکاری کراون و ئەوانیان لێ بێ بەشکردووە. ئەبو سیهام ئەندامی لیژنەی مەحەلی نەجەف بوو، کۆلیژی مافی لە بەسرە تەواو کردووە و خەڵکی بەسرە بوو، مەینەتییەکی زۆری بەدەست کەشوهەوای داخراوی نەجەفەوە هەبوو، ڕەخنەی زۆری لە لایەنە باڵادەستەکانی ئێستای نەجەفی هەبوو، زمانی هەر لە ستایشی هێزە کوردییەکان دەگەڕا، کە گرووپی نیشتمانین و خێری عێراقیان گەرەکە! .

ئەبو ئایاری بەرپرسی حیزبی شیوعی لە بابل ژمارەی ئەندامانی حیزبەکەی بۆ ئاشکرا نەکردین و دەیگووت "ئەوە نهێنییەکی حیزبە و نابێ ئاشکرا بکرێ" . ئەبو ئایار کە تا ئێستا شەقڵاوەی نەبینیبوو بە پێچەوانەی ئەبو سەرمەد و ئەبو سیهام ڕەخنەیەکی زۆری لە هێزە کوردییەکان دەگرت کە وەک پێویست وەفادار نەبوونە بەرامبەر ڕۆڵی حیزبی شیوعی لە پشتیوانی دۆزی کورد و، بە دەستڕاوەشاندنەوە دەیگوت" حیزبی شیوعی ماڵی خۆی لە پێناو کورد وێرانکرد و ئامانجە نیشتمانییەکانی عێراقی کردە قوربانی کورد، بەڵام نمەکی کورد لەئاست ئەو هەڵوێستانەی حیزبی شیوعی نەبووە" .



## سەلام عادلی سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق لە بنەماڵەی پێغەمبەرە

ئەبو سەرمەد

بەرپرسی لیژنەی مەحەلی حیزبی شیوعی لە نەجەف



# کۆرییەکان خەون بە گەڕانەوە بۆ هەولێر دەبینن

## کاپتن یو کوینگ هوا: ئاسمانە سافەکەی هەولێر زیاتری ئاسمانی سیئۆل ئەستێرەی پێوەبوون

"ئێمە دۆستی ئێوەین"بەم دروشمە سوپای کۆریا و تیپی زەیتون، لەساڵی 2004 پێیان نایە ئەو هەرێمەی باکووری عێراق.

سوپای کۆریا لەو ماوەیەدا 280 قوتابخانە و بیری ئاوی پاک و بنکەی تەندروستیان دروستکرد، هەروەها نزیکەی 88 هەزار نەخۆشیان چارەسەرکرد و مەشق و ڕاهێنانیشیان بە 2300 کەس کرد.

هەردوو لا قازانجیان لەم ئەرکەی تیپی زەیتون وەرگرت : خەڵکی باکووری عێراق لە ڕووی ئاوەدانکردنەوە و فراوانکردنی پرۆسەی ئاشتەوایی قازانجیان کرد، سەربازانی کوریاش لە ڕووی کۆکردنەوەی زانیاری و بیرەوەرییەکانیان لەو ناوچەیە قازانجیان کرد.

ڕۆژنامەی (جونگ ئانگ)، چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند سەربازێکی تیپی زەیتون کرد، کە 19ی ئەم مانگە لە باکووری عێراقەوە گەیشتنەوە کۆریا.

### بەخشینی هیوا

دوای ئەوەی باوکی نەخۆش دەکەوێت،کچەکەی داودەرمانی بۆ دەکڕێت،بەڵام لەبەرئەوەی کچەکە خوێندەواری نییە، نازانێت چەند دەرمان بداتە باوکی. لەگەڵ ئەوەی ژیانی باوکی لەمەترسیدایە، ئایا ئەو کچە دەتوانێ ژیانی باوکی بپارێزێت؟

ئەمە بەشێکبوو لەو وانانەی بە قوتابییە کوردەکان دەوترایەوە، بەمەبەستی پیشاندانی گرنگی خوێندەواری و ئەم پرۆگرامە لە ساڵی 2004وە دەستی پێکرد و تاکۆتایی هاتنی ئەرکەکەیان لە کوردستانی عێراق بەردەوامبوو .لەو بارەوە لیوا لی جی سیک، ڕایگەیاند کە ئەو پرۆگرامە یەکێکبوو لە خۆشترین ئەزموونەکانی ژیانی.

لیوا لی لە سەرەتایی ئەمساڵدا ڕەوانەی کوردستانی عێراق کرا، ئەو لەبارەی گەشتەکەیەوە گوتی" ستافی کامپی زەیتون کار و خزمەتگوزاری زۆریان پێشکێش بەو هەرێمە کرد، بەڵام دەمەوێت ستایشی پرۆگرامی نەهێشتنی نەخوێندەواری بکەم، لەبەرئەوەی ڕێژەی خوێندەواری لەو هەرێمە تەنیا 40% بوو، ڕێژەکەش زۆر کەمتر بوو بۆ ئافرەتان".

ئەو پرۆگرامە هەفتانە چوار وانە بوو،بەدرێژایی هەر چوار ساڵەکە بەردەوامبوو، زیاتر لە 7 هەزار دەرچووی هەبوو. لەسەرەتادا کامپی زەیتون هەموو مامۆستا و ستافی بۆ ئەو پرۆگرامە دابین دەکرد،بەڵام پاشان حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی دابینکردنی مامۆستا و ستافەکەی گرتە ئەستۆ. لیوا لی گوتی" سەرسام بووم بە حەزی ئەو قوتابیانە بۆ فێربوون،کە قوتابخانەی شەوانی کۆریای بەبیر دەهێنامەوە".

لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو، قوتابخانەی شەوان لە کۆریا زۆر باو بوون، لەبەرئەوەی ئەوکات کۆریا لەژێر دەستی ژاپۆنییەکان بوو، قوتابخانەی شەویش بە خۆڕایی بوو.

لەدرێژەی قسەکانیدا لی گوتی" پێموابێت گرنگترین دەستکەوتی ئێمە لە عێراق، ئەوەبوو کە حەزکردن بۆ فێربوون و خوێندنی خۆمانمان لەو ناوچەیەدا بڵاوکردەوە. کاتێک لە کۆریا بووم، هەستم نەدەکرد کە دەتوانم یارمەتی خەڵکی دیکە بدەم، بەڵام کاتێک گەیشتمە هەولێر زۆر شانازیم بەوە دەکرد کە خەڵکی وڵاتێکی دیکەم و دەتوانم یارمەتی خەڵک بدەم. حەزیش دەکەم کاتێک بگەڕێمەوە بۆ هەولێر بەچاوی خۆم ببینم کە قوتابخانە و پەرتوکخانەی زیاتر دروستکراون".

### هێزی گۆڕینەوەی کلتوور

کاپتن (یو کوینگ هوا)ی، تەمەن 27 ساڵ، بیرەوەری خۆش و ناوخۆشی لە هەولێر هەیە. ناوبراو هەفتەی ڕابردوو گەڕایەوە کۆریا و لەوبارەوە گوتی" کچەکەم جەژنی لەدایکبوونی بوو کە تەمەنی بووە ساڵێک، هەمووان پێیاندەگوتم کە دڵم زۆر ڕەقە، لەبەرئەوەی کچەکەتت بەجێهێشتووە. لە هەولێر هەرکاتێک بیرم لە هاوسەر و کچەکەم دەکردەوە، تەماشای ئاسمانە سافەکەی هەولێرم دەکرد کە لەچاو ئاسمانی سیئۆل زیاتر ئەستێرەی پێوە بوو".

یو یەکێکبوو لەو سەربازانەی کە بە هەشت قۆناخ ڕەوانەی کوردستانی عێراق کران، ناوبراو لە بەشی ڕاگەیاندنی کەمپی زەیتون کاری دەکرد و پێوەندی لەگەڵ میدیاکانی عێراق و کۆریا دەکرد.

لە بارەی میدیاکانی کوردستانەوە، یو گوتی" نێزیکەی30 ڕۆژنامە و گۆڤار کەناڵی تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆ لە هەولێر هەیە،بەڵام لەچاو گرووپی میدیاکانی کۆریا ئەوانە زۆر بچووکن، بەڵام ئەوان زۆر بەپەرۆش بوون بەوەی کە کەمپی زەیتون دەیەوێت چی لەو هەرێمە بەدەست بێنێت، بەگشتی ساڵانە 600 ڕاپۆرتی میدیایی لەسەر کەمپی زەیتون هەبوون، کە زۆربەیان سەر بە میدیاکانی شاری هەولێر بوون".

یو، لە عێراق بۆی ئاشکرا بوو کە گۆڕینەوەی کلتوور زۆر بەهێزە .یەکێک لە هاوڕێ نێزیکەکانی یو، وەرگێڕێکی کورد بوو بەناوی عەلی کاوەیس وەلی، کە تەمەنی 41 ساڵ بوو و، لە ساڵی 2004وە یارمەتی سوپای کۆریای داوە.

سەرەڕای جیاوازی تەمەنیان وباکگراوەندیان، یو ڕایگەیاند کە خۆی و عەلی تیمێکی بەهێزیان پێکدەهێنا .هەردووکیان بەپەرۆش بوون بۆ ئەوەی لەیەکتر فێرببن و شارەزایی کلتور و زمانی یەکتر بن. هەروەها یو ڕایگەیاند هەردووکیان ستایشی کلتور و دابونەریتی یەکتریان دەکرد و بەهۆی ئەمەشەوە کاری یەکتریان ئاسان دەکرد.

لەم بارەوە یو گوتی" لەگەڵ ئەوەی من موسڵمان نیم، بەڵام ڕێز لە کلتور و دابونەریتی ئیسلامی دەگرم و لەو بڕوایەشدام کە ئەوە یەکێکبوو لە هۆکارەکانی ڕێزگرتنە گەرمەی خەڵکی کوردستان بەرامبەر ئێمە هەیبوو".

لەگەڵ ئەوەی خۆیشی دایکە، یو بە خۆشیەوە ئەو ساتانە دەگێڕێتەوە کە چاوی بە منداڵانی کورد دەکەوت. تیپی زەیتون هەر کاتێک کارێکی ئاوەدانکردنەوەیان ئەنجامدەدا، دوای ئەنجامدانی کارەکانیان ئاهەنگێکی بچووکیان لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچەیەدا ساز دەکرد.

یو لەوبارەوە دەڵێ" ئەو منداڵانەی من بینیمن زۆر بەستەزمان و بەهیوا بوون، لەبیرمە کاتێک گەڕاینەوە بۆ کۆریا، چۆن ئەو منداڵانە دەستیان بە ئۆتۆمبیلەکانمانەوە گرتبوو و خواحافیزییان لێدەکردین".

هەروەها یو گوتی" پێش ئەوەی بچمە عێراق، کارەکەم بریتیبوو لە پەروەردەکردنی سەربازەکان، سەربازەکانم فێردەکرد کە چۆن وڵاتەکەمان لە هیچەوە لەلایەن سەربازی بیانییەوە دروستکرا و پێویستە ئێمەش هەمان کار لە وڵاتانی دیکە ئەنجامبدەین".

یو کە ئێستا گەڕاوەتەوە کۆریا، خەون بەو ڕۆژەوە دەبینێت کە لەگەڵ کچ و هاوسەرەکەی بچێتەوە هەولێر" ئەوکاتەی عێراق لە برینەکانی شەڕ چاک بوویێتەوەو گەشتکردن بۆ عێراق ئاسایی بوویێتەوە".

### نزیکبوونەوە لە خۆشگوزەرانی

ساڵی 2005 ساڵێکی مێژوویی بوو بۆ عێراق. دوای زیاتر لە 20 ساڵ دیکتاتۆری، ئەو ساڵە لە عێراقدا سێ هەڵبژاردن بەڕێوەچوو. هەروەها ساڵێکی گەورەش بوو بۆ ئەو 3 هەزار سەربازەی کۆریا لە هەولێر. ملازم چانگ یونگ جو، تەمەن 27 ساڵ، یەکێکبوو لەوانەی لە مانگی ئابی 2005 بۆ مانگی ئازاری 2006 وەرگێڕی زمانی ئینگلیزی تیپی زەیتون بوو.

چانگ ڕایگەیاند کە لەماوەی ئەو هەشت مانگەی لەهەولێر بوو، بەچاوی خۆی پێشکەوتنێکی بێ وێنەی لەو ناوچەیە بینی. یەکێک لەو کارانەی کە ئەنجامیدا، بەشداریکردن بوو لە دابینکردنی ئاسایش بۆ دەنگدەران لەکاتی هەڵبژاردنەکانی مانگی کانوونی یەکەمی 2005.

چانگ لەو بارەوە گوتی" ئەوێ وڵاتی من نەبوو، بەڵام شانازی بوو بۆ من کە شایەتحاڵی ئەو ساتە بم، ئەوە یەکەم هەنگاوی عێراق بوو بەرەو پرۆسەی دیموکراتیکردن.ئەرکی ئێمە بریتیبوو لە دابینکردنی ئاسایش و ئارامی بۆ دەنگدەران و چاودێری بنکەکانی دەنگدانمان دەکرد".

چانگ ئەوەشی ڕاگەیاند کە ڕەنگە ئەو هەنگاوانە بچووک بووبن، بەڵام هەنگاوی گرنگ بوون،ناوبراو ڕەوشی هاووڵاتیانی عێراقی بەچاوی خۆی بینی،ئەو گوتی"هەر هەنگاوێک، ئەو خەڵکە هاویشتیان، نێزیک بوونەوە بوو لە خۆشگوزەرانی".

لە درێژەی قسەکانیدا چانگ گوتی" ئێمە لە کوریا هەندێ پێداویستی بەگرنگ دانانێین، وەکو ئاوی پاک، دووچاری شۆک دەبووی کاتێک منداڵت دەبینی لە چڵکاودا ئاویان دەخواردەوە".

کاتێک چانگ هەواڵی گەڕانەوەی بۆ کۆریا پێگەیشت، زۆر دڵگران بوو، ئەو هەستی دەکرد کە زەیتون دەیتوانی کاری زیاتر بۆ خەڵکی عێراق بکات.

چانگ لەو بارەوە گوتی" هیچ شتێک لەم دونیایەدا زیاتر دڵشادت ناکات لەوەی وڵاتێک ببینیت لەدایک ببێتەوە و بەرەو پێشەوە بڕوات و بتوانی ڕۆڵێکت هەبێت لەو کارە مێژووییەدا".

بەڵام چانگ، پەشیمانە لە هەندێ شت، وەکو ئەوەی حەزی دەکرد کۆریا ڕۆڵێکی گەورەتری هەبووایە لەعێراقدا سەرەڕای ئەوەی کە دەبووە هۆی گیان لەدەستدانی هەندێ لە سەربازەکانی.

چانگ دەڵێ" ئێمە وەکو سەرباز، نابێ لە مردن بترسێین، حەزم دەکرد کۆریا بەشداری لەو پرۆسە سەربازییەش بکردایە کە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق، لەجیاتی ئەوەی ڕۆڵی ئاوەدانکردنەوە ببینین لە هەولێر. باشتر دەبوو ئەگەر توانای سەربازی خۆمان تاقی بکردباوە".

**لە ڕۆژنامەی joong Ang-ی کۆرییەوە**



ئەفسەرێکی کۆری دەڵێ: لەکاتی گەڕانەوەمان منداڵانی هەولێر دەستیان بە ئۆتۆمبیلەکانمانەوە گرتبوو و خواحافیزیان لێدەکردین (فۆتۆ:AFP)

## کوردستانی

**فەلەکەدین کاکەیی :**
**کورد بە کردنەوەی TRT 6 هەڵناخەڵەتێن**



ڕووداو- DÎHA

◆ دوای ئەوەی تورکیا بڕیاریدا کەناڵی 6TRT لە 2009/1/1 بکاتەوە، بۆ پەخشکردنی بەرنامە بەزمانەکانی نا تورکی و بەشێوەیەکی سەرەکی زمانی کوردی، فەلەکەدین کاکەیی، وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستان ڕایگەیاند "پێویستە زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی و بەخۆیان بەرنامەکانیان پەخش بکەن"،هەروەها گوتیشی " ئەمڕۆ نزیکەی 12 کەناڵی ئاسمانی کوردی و بە دەیان ڕۆژنامە هەیە، باوەڕ ناکەم کورد بەو سیاسەتەی لە ڕێگای ئەو تەلەفزیۆنە پەیڕەو دەکرێت هەڵبخەڵەتێن".



## سەرنووسەری ڕۆژنامەی (تودەی زەمان)ی تورکی بۆ (ڕووداو):

# نەبوونی دیموکراسییەکی تەواو لە تورکیا هۆکاری بوونی کێشەی کوردە

**بولەنت کەنەش یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە دیارەکانی تورکیا و ئێستا سەرنووسەری ڕۆژنامەی TODAY'S ZAMAN ە کە ڤێرژنی ئینگلیزی ڕۆژنامەی (زەمان)ی بەنێوبانگی تورکیایە و بەوە ناسراوە کە نزیکی پارتی داد وگەشەپێدانی دەسەڵاتدار AKP یە. ئەم ڕۆژنامەیە کە بە بەهێزترین ڕۆژنامەی ئینگلیزی تورکیا دادەنرێت، لە نێوخۆ و دەرەوەی تورکیا چاپ وبڵاودەکرێتەوەو خاوەنی خوێنەرێکی زۆرە لە جیهاندا.**

**بولەنت لە ساڵانی نەوەتەکانەوە تا سەرەتای 2000 بەرپرسی بەشی هەواڵ بووە لە ڕۆژنامەی زەمان و TURKISH DAILY NEWS. لە ساڵی 2004 بەرپرسی نووسینگەی نیویۆرکی ئاژانسی هەواڵی ئەنادۆڵ بووە، کە ئاژانسێکی نیمچە فەرمی تورکیایە و، پێش ئەوەی ببێتە سەرنووسەری TODAY'S ZAMAN سەرنووسەری TURKISH DAILY BUGUN بووە.**

**بولەنت کەنەش، لەم هەڤپەیڤینە تایبەتەیدا لەگەڵ (ڕووداو)دا، تێبینیەکانی خۆی، کە نزیکن لە تێڕوانینەکانی AKP، لەسەر دوایین گۆڕانکارییەکان لە بارەی دۆزی کورد لە تورکیا دەخاتەڕوو، لە هەمانکاتیشدا ڕای خۆی لەسەر دوا گۆڕانکارییەکانی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا دەخاتەڕوو:**

**هەڤپەیڤین: نامۆ عەبدوڵڵا**

**ڕووداو: وەکو ڕۆژنامەنووسێکی تورک، تاچەند گەشبینی کە کێشەی کورد لە تورکیادا بەم نزیکانە چارەسەر بکرێت؟**

**بولەنت کەنەش:** مەسەلەی کورد یەکێکە لە گرنگترین ئەو مەسەلانەی کە تورکیا پێویستە چارسەریان بکات. لەهەمانکاتدا ڕەنگە دژوارترین مەسەلەش بێت. بۆ نموونە، گرفتی حیجاب لە تورکیا دوای چەندین ساڵ گفتوگۆ هەر چارەسەر نەدەکرا. هەر چەندە ئەم گرفتە کاریگەری نەرێنی (سلبی) هەبوو لەسەر ملیۆنان خەڵک، بەڵام من هێشتا وای نابینم کە کێشەی حیجاب هێندەی کێشەی کورد دژوار بێت. لە هەمووی گرنگتر کێشەی حیجاب کێشەیەکی دەستکردبوو لەگەڵ عەقڵیەتێکی گرگن کە ترسی ئایدۆلۆژی بەسەریدا زاڵە. لەبەر ئەمە، تەنیا دەکرا لاپەڕەکانی ئەو مێژووە ڕەشەی کە ڕێگربوو لە بەردەم کێشەی حیجابدا بە ئاسانی گۆڕانکاری بەسەردا بهێندرێت و لەشەوێکدا چارەسەر بکرێت.

بەڵام، کێشەی کورد نەک هەر کێشەیەکی دەستکرد نییە،بەڵکو کێشەیەکی ڕاستەقینە و فرەڕەهەند و ئاڵۆزە و، ناکرێت بە خێرایی چارەسەربکرێت. چونکە ئەم کێشەیە چەندین ڕووخساری هەیە: سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری،سایکۆلۆژی کلتوری و ڕەهەندی پەیوەستدار بە باری ئاسایشەوە. چارەسەری کێشەی کورد تەنیا بە جەختکردنە سەر کێشەکە مەحاڵە،چونکە ئەم مەسەلەیە چەندین مەسەلەی دیکە بەخۆوە دەگرێت، کە هۆکارەکەی نەبوونی تورکیایەکی تەواو

## داخستنی DTP پەیامێکی خراپ دەداتە گەنجانی کورد

دیموکراسییە. بەشێکی گرنگی نێوەڕۆکی کێشەی کورد چەندین گرفتی دیکە لە خۆ دەگرێت کە تورکەکان، سوننەکان، عەلەوی و کەمینە دینیەکانی دیکەش پێیەوە دەناڵێنن. بەڕای من گرفتی تورکیا گرفت نییە لەگەڵ یەک نەژاد، یەک بیروباوەڕ، یان کەمایەتییەکی ئاینییدا. بۆیە ئەگەر لەم تێڕوانینەوە بڕوانین، ئەوا تورکیا کێشەیەکی نییە بە تەنیا ناوی کێشەی کورد بێت. گرفتی سەرەکی تورکیا، یاخود دایکی هەموو کێشەکانی تورکیا، گرفتی نەبوونی دیموکراسیەتێکی کامل و کۆمەڵگەیەکی کراوەیە. چارەسەری کێشەی کورد و زۆر کێشەی دیکەی تورکیاش ئەو کاتە دەکرێت کە تورکیا ببێتە وڵاتێکی تەواو لیبرال و دیموکراسی. بێگومان بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی لیبرال دەبێت پێش هەموو شتێک، دەستورێکی مۆدێرنی هەبێت، کە ڕێزی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بگرێت، واتە دەستورێکی مەدەنی، جەماوەری و لیبرال بێت.

بە کورتی، گرفتی تورکیا تەنیا مەسەلەی کورد نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی فرە ڕەهەندە کە مەسەلەی دیموکراسییە. مەسەلەی کورد تەنیا بەشێکە لە کێشەی دیموکراسی تورکیا. چەندە تورکیا بەرەو دیموکراسی هەنگاو بنێت، هێندەش کێشەی کورد لە چارەسەر نزیک دەبێتەوە. ئەگەر شرۆڤەی خێرای هەنگاوانی تورکیا بەرەو دیموکراسی بکەین، بەداخەوە دەتوانین بەبێ بیرکردنەوە وەڵامبدەینەوە و بڵێین کە ئەم کێشەیە چەندین ساڵی دیکەی ماوە بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت.

**ڕووداو: ئایا تۆ دژی قەدەخەکردن و داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP ی؟**

**بولەنت کەنەش:** بێگومان من دژی داخستنی DTP م، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایێت کە تەواوی سیاسەتی DTP م بەلاوە دروستە. لە ڕاستیدا من کۆک نیم لەگەڵ زۆربەی زۆری سیاسەتەکانی ئەم دواییەی DTP. لەبەرئەوەی ئاسان نییە بتوانی پێوەرێکی دیموکراسی بدۆزیەوە کە ڕێگەت بدات بەرگری لە گوتارە توندوتیژ ئامێزەکانی ئەم دوایەی DTP بکەی، کە بەتەواوی ئەو جیاوازییەی لەنێوان DTP و گرووپی تیرۆریستی PKKدا هەبوو نەیهێشت. سەرەڕای ئەمانەش، لە وڵاتێکدا کە بانگەشەی دیموکراسی دەکات، بەهیچ شێوەیەک ناکرێت پارتی سیاسی تێدا دابخرێن جا ئەو پارتە ئەندامی لە پەرلەماندا هەبن یان نا. بە دڵنیاییەوە بەهەمان شێوە لە سیاسەتی دیموکراسیدا بە هیچ شێوەیەک ئەو پارتانەی کە پەردەن بۆ کاری تیرۆریستی و توندوتیژی جێگایان نابێتەوە، تەنانەت ئەگەر خودی DTP خۆیشی دەستی لە ڕووداوە توندوتیژیەکاندا نەبێت. تەسککردنەوەی سیاسەتەکانی DTP تەنیا بۆ مەسەلەیەکی نەژادی و سازکردنی تراژیدیایەکی سیاسی لە چوارچێوەیەکی تەسکدا لەجیاتی ئەوەی خۆی لە تەواوی پێوەرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بدات بۆ خۆی گرفتە. لە جیاتی ئەوەی DTP هەڵگری ڕووخساری پارتێکی سیاسی بێت کە ئەرکی نوێنەرایەتیکردنی لە ئەستۆدایە، کارەکانی DTP وەکو ڕێکخراوێکی پەراوێزخرا و نهێنی دەردەکەون. پێموانییە نە تورکیا و نە هاووڵاتییە کوردەکانیشمان ئەم چەشنە نوێنەرایەتی کردنەیان بە دڵ بێت. DTP بەم شێوەیەی ئێستایەوە، ڕەنگە دروستبێت ئەگەر بڵێین بە گومانین لەوەی تەنانەت ئەم پارتە نوێنەرایەتی تەنیا یەک بەشی هاووڵاتییە کوردەکانمان بکات، بەڵام دووبارە، ئەمانە بەس نین بۆ ئەوەی شەرعیەت بدەینە داخستنی DTP. لەکاتێکدا DTP ململانێ بۆ ئەوە دەکات کە ئەگەرەکانی داخستنەکەی بکاتە پاڵپشتێکی سیاسی بۆ خۆی، پێویستە لە بری ئەوەی وەکو پارتەکانی پێشووتر دابخرێت و ئینجا دیسان بەناوێکی دیکەوە بێنەوە مەیدان، چارەسەرێکی دیکەی بۆ بدۆزرێتەوە. ڕێگەیەکی دووروودرێژمان بڕیوە تا دیموکراسی تورکیا پێ بگات کە لە ڕابردوودا گۆڕستانی پارتە سیاسییەکان بوو. هەروەکو چۆن چاوەڕوانی ئەوەین کە پارتێکی سیاسی کوردی بێت و کردارەکانی خۆی لە چوارچێوەیەکی تەسکدا ئەنجامنەدات کە سەرنجی تەواوی تورکیا ڕابکێشێت.

**ڕووداو: ئەگەر داوات لێبکەن چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد لە تورکیا پێشکێش بکەی، یەکەمین شت لە کوێوە دەستپێدەکەی؟**

**بولەنت کەنەش:** بۆ ئەوەی بگەینە چارەسەرێکی دروستی پرسی کورد، وەکو هەر پرسێکی دیکە، پێویستە تورکیا لە پێش هەمووشتێکەوە ببێتە وڵاتێکی تەواو دیموکراسی، یەکەم هەنگاویش بۆ ئەوە پێویستە ببینە خاوەنی دەستوورێکی دیموکراسی و پلۆرالیزمی (فرەیی).

**ڕووداو: محەممەدعەلی بیراند دەڵێ ئەگەر DTP دابخرێت، ئەوە واتای ئەوەیە ئێمەی تورک بە کورد دەڵێین نامانەوێت گوێ لە داواکانی ئێوەی کورد بگرین و ڕێگەی شاخەکانیان پیشاندەدەین. ڕای تۆ چییە؟**

**بولەنت کەنەش:** مەحاڵە بتوانیت ناکۆکبی لە گەڵ قسەکەی بیراندا. بەڵام دەبێ وریابین و ئەو هەڵەیە نەکەین کە پێمان وابێت DTPنوێنەرایەتی هەموو کورد دەکات. بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەکی جیاواز، کورد بە 12 تا 15 ملیۆن هاووڵاتی لە تورکیادا خەملێنراوە. لەکاتێکدا، کاندیدەکانی DTP کە بە سەربەخۆ خۆیان پاڵاوت، لە دوایین هەڵبژاردندا تەنیا دوو ملیۆن دەنگیان بەدەستهێنا. واتە ئەو ڕێژە زۆرەی کورد کە دەنگیان بە DTP نەدا پارتەکانی دیکە بە نوێنەری خۆیان دادەنێن. بێگومان داخستنیDTP هەڵەیە، بێگومان ئەم داخستنە پەیامێکی خراپ دەبێ بۆ هاووڵاتییە کوردەکانمان بەتایبەتی گەنجان و، دەستی ئەوانەش لاوازدەکات کە دەیانەوێ لە ڕێی دیموکراسییەوە کێشەی کورد چارەسەر بکەن. بەڵام دیسان هەڵەیە بەو مانایەش لە قسەکەی بیراند بگەین کە DTP نوێنەرایەتی تەواوی کوردی بۆخۆی مۆنۆپۆڵکردووە، چونکە بەم کارەمان زیاتر لەوەی کە DTP شایانیەتی گرنگی پێدەدەین.

**ڕووداو: پێتوایە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەوپێشەوە بچن؟**

**بولەنت کەنەش:** لە چەند مانگی ڕابردوودا گۆڕانی بەرەچاو لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بینراوە. من شەخسی خۆم لایەنگری ئەوەم کە ئەم پەیوەندییانە بەردەوام زیاتر پەرە بستێنن، بڕواشم وایە زیاتریش بەرەوپێش دەچن. زیاتر لە هەزار ساڵ کورد و تورک وەکو دوو نەتەوەی جیاواز لە ناخۆشترین بارودۆخەکاندا بەیەکەوە ژیاون و هاوچارەنووس بوون، بەرادەیەک بەهۆی ژنخوازی لە یەکتر ژمارەیەکی زۆر کەم تورک هەن کە کوردێک یەکێک لە خزمە نزیکەکانی نەبێت، بە هەمان شێوە کوردیش. من خۆم چەندین خزمی کوردم هەیە کە بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە بوونەتە خزمم. ناکرێ بڵێی هەبوونی ئەم پەیوەندییە نزیکە نابێتە هۆی زیادبوونی پەیوەندییە کلتوری و ئابورییەکان. ئەگەر شرۆڤەی ئەو باکگراوەندە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کلتورییە بکەین، ئەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە لەسەر ئەم زەوییەدا هیچ میللەتێک هێندەی تورک و کورد پەیوەندییەکانیان بەخێرایی پەرەپێنەداوە.

## چارەسەری کێشەی حیجاب لە تورکیا لەچارەسەرکردنی کێشەی کورد دژوارترە

لە کاتێکدا ئەم پەیوەندییە هەیە، سەرسوڕهێنەر نییە کە بەرەوپێشچون لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێم ببینین، بەڵام هۆکاری درەنگ بەرەوپێشچوونی ڕۆمانتیکی ئەو پێوەندییانە لەسەرئاستی سیاسی،گرنگترینیان مەسەلەی هەبوونی PKKیە کە ساڵانێکە لەو هەرێمەدان کە حکومەتی هەرێم ئیدارەی دەکات. بەویستی ئەو بێت یان نا، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا ئیدارەی ناوچەیەک دەکات کە میلیشیاکانی PKKی تێدایە. گەورەترین بەربەستی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی تورکیا و برا کوردەکانمان لە باکووری عێراق هەبوونی ڕێکخراوی تیرۆریستی PKKیە. بە دڵنیاییەوە گرفتی دیکەش هەن کە دەکرێت تەگەری خستبێتە بەردەم پەیوەندییەکان، وەکو کەرکووک، یەکپارچەیی خاکی عێراق. خەڵکی تورکیا کوردەکانی باکووری عێراق بە دۆست و تەنانەت برای ڕاستەقینەی خۆیان دەزانن. ئەو وەبەرهێنانەی کە لەهەرێمەکەدا دەکرێت و ئەو زیاتر لە 10 قوتابخانە تورکییە تایبەتەی کە تورک لەوێدا کردوویانەتەوەو، بەم دواییەش کردنەوەی زانکۆی ئیشق، نیشانەی ئەم برایەتییەن.

**ڕووداو: هەبوونی پەیوەندی و گفتوگۆ لە نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تا چەند گرنگە بۆ دۆزینەوەی چارسەر بۆ پرسی کورد لە تورکیادا؟**

**بولەنت کەنەش:** هەرچەندە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی نێوخۆییە، کارە تیرۆریستیەکانی PKK کە ناهێڵێت ئەم کێشەیە چارسەربێت، پەیوەندی بە هاوکاری دەرەکییەوە هەیە. PKK هەر کە هاوکاری دەرەکی نەما تێدەگات کە تواناکانی بۆ ڕێگرتن لە چارەسەری دیموکراسی کێشەی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەتەوە. بەم دواییە، بەداخەوە ئەو هەرێمەی کە زۆرترین هاوکاری بووە بۆ PKK ئەو هەرێمەیە کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە. بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو حکومەتی هەرێمی کوردستان هیوایەکی بەخشی کە ئەو پاڵپشتییەی لەلایەن ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە دابین کرابوو کەمبووەوە. لە حاڵەتێکدا کە تێگەیشتین هاوکاری زیاددەکات لە نێوان تورکیا و ئیدارەی ئەو هەرێمەدا کە مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، بەشێوەیەکی سروشتی تیرۆری PKK ش کەمدەبێتەوە. ئەجێندای ئێمە کە لەم کاتەدا جەختیکردووەتە سەر تیرۆر دەگۆڕێت و، بەم شێوەیە ئیدی شیاو دەبێت کە بوێرانە چارەسەر بۆکێشەی کورد بخرێتە بەر باس، کە ئەم بوێرییە تائێستا بە هۆی PKK وە نەبووە. بەرەوپێشچونی پەیوەندییەکانی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەک PKK لاوازدەکات و لەلایەکی دیکەشەوە ئومێدەکان بۆ چارسەری کێشەی کورد بەهێزدەکات.



بولەنت کەنەش، لەگەڵ ستافی ڕۆژنامەکەیدا

# ئەحمەدی نەژاد گرووپە خوێندکارییە کوردییەکانی بێدەنگ کرد

**هێمن خۆشناو**
**ڕووداو-هەولێر**

ئەو بزووتنەوە خوێندکاریەی لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتی محەممەد خاتەمیدا سەریهەڵدا و ژمارەیەکی زۆر گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردی لە زانکۆکانی ئێران بڵاوکرانەوە، دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد، ئەو بزووتنەوە ڕۆشنبیری و مەدەنییە بێدەنگ بوو.

چیا، 22 ساڵ، خەڵکی بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ماوەی 3 ساڵە بۆ خوێندن هاتووەتە باشوور و ئێستا قوتابی بەشی کۆمەڵناسییە لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین. هەرچەندە لە کۆلیژی یاسای زانکۆی پەیامی نووری مەهاباد وەرگیرابوو، بڕیاری دا بێتە باشووری کوردستان بخوێنێت"کە ناوم لەزانکۆ دەرچوو بەهۆی باوکمەوە کەپەیوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکرات هەبوو هەندێ کێشەی سیاسیم بۆ هاتە پێش و هاتمە باشوور بۆ ئەوەی خوێندنەکەم تەواو بکەم". بەگشتی ئێستا نزیکەی 500 قوتابی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەخوێنن.

بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی خاتەمی کە ئازادی بیرورا و چالاکی مەدەنی لە ئێران لە دوای هەڵبژێردرانی ئەحمەدی نەژاد بە سەرۆک کۆماری ئێران کەمبووەتەوە و، نزیکەی 100 ڕۆژنامە و گۆڤار کە لەلایەن خوێندکاران لە زانکۆ دەردەچوون داخراونو ڕێی دەرچوونیان لێگیراوە. لە سەردەمی سەرۆکایەتی خاتەمی، کە بە باڵی ریفۆرمخوازی ئێران دادەنرێ، بووژانەوەیەکی فەرهەنگی و ئازادی بیرورا لە ئێران هاتە کایەوە.



ئەگەرچی لەسەردەمی خاتەمی دەیان گرووپی خوێندکاران لەو وڵاتە بە گشتی و لەزانکۆکانی تاران بە تایبەتی هەبوون، بۆ هێنانە کایەی ریفۆرمی سیاسی ڕۆژانە لەسەرشەقام و چالاکیدا بوون، زۆر ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی خوێندکاریشیان بڵاودەکردەوە، کە هەندێ لەسەرچاوەکان ژمارەیان بە 300 بڵاوکراوە مەزەندە دەکەن، بەڵام لەسەر سەربەخۆیی ئەو گرووپانە گومان دەکرێت، وا لێکدەدرێتەوە کە ئەو گرووپانە زۆربەیان لەدەسەڵات نزیک بوون یان ڕەنگدانەوەی پارتە سیاسیەکانی ناو سیستەمی ئێران بوون.بەڵام داخران و نەمانیان ڕای لای بەرامبەر بەرزتردەکاتەوە کە ئەوانە بزووتنەوەی سەربەخۆبوون.

لەزانکۆکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر گرووپی خوێندکاری سەریان هەڵدا، کە ئێستاش هەندێکیان بەنهێنی ماون، بەڵام ئەوکات کاری فەرهەنگی ئاشکرایان دەکرد .

ئازاد محەممەد، ناوی خواستراوی گەنجێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئێستا لەیەکێک لە دەزگا ناحکومییەکان لە هەولێر کاردەکات،پێیوایە جگە لەسێ گرووپی خوێندکاری کە سەربەخۆ بوون (سازمانی دانیشجوان کە حیشمەتی تەبەرزەدی ڕێبەرایەتی دەکرد، سازمانی دەفتەری حیکمەتی وەحدەت کە هەردووکیان نزیک خاتەمی بوون وهەروەها سازمانی دانیشجوانی کوردستان)، ئەوانیدیکە هەموویان پەیوەست بوون بە حیزب و لایەنە سیاسیەکانی ناو ئێران.

هەرچەندە محەممەد خاتەمی کە لە ساڵی 1998 بۆ ماوەی 8 ساڵ سەرۆکایەتی ئێرانی کرد، بە کەسێکی ریفۆرمخواز و لایەنگری مافی ڕێکخراوبوون دەناسرا، بەڵام لەسەردەمی ئەویش دا گورزی گەورە بەر بزووتنەوەی خوێندکاران کەوت، بە تایبەتی هێرشی سوپای پاسداران و هێزەکانی دەزگای ئیتلاعات لە18ی پوشپەڕی 2005 کە دوا ساتەکانی دەسەڵاتی خاتەمی بوو بۆ سەر بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی تاران کە تێیدا زۆربەی ڕێبەرە خوێندکارییەکان دەستگیرکران.

دیاکۆ ڕۆژهەڵاتیش یەکێکە لەو خوێندکارانەی زانکۆی تەورێز کە بەهۆی نەبوونی بە ئەندامی سوپای پاسداران لە زانکۆی تەورێز دەرکرا وەو ئێستا لەباشووری کوردستان دادەنیشێت بۆ ( ڕووداو ) ئەو قسەیە پشت ڕاست دەکاتەوە کە خاتەمی نەیتوانی پشتگیری لەخوێندکاران بکات"لەبەر ئەوەش ئەو گرووپانە ئەمڕۆ زۆر لاوازن و ناتوانن وەکو ڕابردوو بجوڵێنەوە".

دیاکۆ پێیوایە کەمکردنەوەی چالاکی گرووپە خوێندکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە ڕێگەی سوپای پاسدارانەوە ئەنجامدرا،بەتایبەتیش کە بە جۆرەها شێوە گەنجانی کورد ناچاردەکرێن ببنە خۆبەختکار(بەسیج) "ئەمەش وایکرد کە کۆماری ئیسلامی بتوانێت هەڕەشەی خوێندکاران بۆ گۆڕان و ریفۆرم ئاستەنگ بکات".

ئازاد محەممەدیش هەمان بۆ چوونی هەیە کە دەڵێت ئەوەبوو جوڵە و شیرازەی ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی ئاستەنگ کرد و ڕێگەی لەبەردەم ئەو کەسانە کردەوە کە نمرەی چوونە زانکۆیان نەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی (بەسیج)ی بوون چوونە زانکۆکان " بەمەشەوە نەوەستان بەڵکو بوونە هەڕەشە لەسەر خوێندکارانی ئازادیخواز و سەربەخۆ".



## خاوەنی تیۆرەی پێکدادانی شارستانێتییەکان کۆچی دوایی کرد

ڕووداو- ئاژانسەکان

◆ سامۆئیل هانتینگتۆن، تویژەری سیاسی ناوداری ئەمریکی و خاوەنی تیۆری پێکدادانی شارستانێتییەکان، دوێنێ لەتەمەنی 81 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. هانتینگتۆن، ماوەی 58 ساڵ لە زانکۆی هارڤارد کاری کردووەو خاوەنی یەکێک لە ناودارترین پەرتووکەکانی دوو دەیەی ڕابردوو بوو کە لەسەر ئاستی جیهان زۆرترین مشتومڕی لەبارەوە کرا، کە ئەویش پەرتووکی (پێکدادانی شارستانێتیەکان و دارشتنەوەی سیستمی جیهانی)ەو، وەرگێردراوەتە سەر 39 زمان.

# بە ڕۆیشتنی مەشهەدانی شەڕەجنێوی ناو پەرلەمان کۆتایی نایێت

## مەشهەدانی: من بۆ ئەوە لادرام تاوەکو لادانی مالیکی ئاسان ببێت

**ڕووداو-بەغدا**

بەهۆی‌هەڵسوکەوت‌وشەڕەجنێوەکانییەوە، پەرلەمانتارانی‌عێراق د.مەحموودمەشهەدانیان ناچارکرد بڕیاری دەست لەکارکێشانەوە بدات، بەڵام بەشێکی پەرلەمانتاران گومان دەکەن بەرۆیشتنی سەرۆکەکەیان شەڕەجنێو لەپەرلەماندا کۆتایی بێت.

مەحموود مەشهەدانی، لەکاتی دەستبەکاربوونیەوە وەک سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، لەهەڵسوکەوتی لەگەڵ پەرلەمانتاراندا توونببوو، بەتێپەڕبوونی کاتیش ئەم توندییە رووی لەزیادبوون کرد.

مەحموود داود سەلمان مەشهەدانی، لەگەڕەکی کازمیەی شاری بەغدا لەدایکبووە، ناوبراو پێش تێکەڵبوونی بە سیاسەت لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا پزیشک بووە و لەگەڕەکی حورییەی شاری بەغدا کلینیکی هەبووە، دوای هەڵبژاردنی 2005ی پەرلەمانی عێراق، لەسەر لیستی بەرەی تەوافوق بووە سەرۆکی پەرلەمانی عێراق.

بەپێی قسەی کەسە نزیکەکانی، مەشهەدانی کەسێکی‌تووڕەیەولەکاتی‌گفتوگۆکاندابەدەست هەڕەشە دەکات و تاوەکو ئێستاش چەندینجار لەپەرلەمان لەسەر ئەو هەڵسوکەوتانەی رەخنەی لێگیراوە، لەمانگی تەمووزی 2007 بەهۆی ڕەفتارە ناشایستەکانیەوە هەریەک لە لیستەکانی ئیئتیلاف و هاوپەیمانی کوردستان داوای لەسەر کارلابردنی مەشهەدانییان کرد.

مەشهەدانی جگە لەهەڵسوکەوتەکانی، زۆر شتیشی بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆی دەکرد، بۆ نموونە نهۆمی سێیەمی کۆشکی کۆنگرەکانی پەرلەمانی تەرخانکردبوو بۆ پاسەوانەکانی کە ژمارەیان 200 پاسەوان دەبوو، هەروەها مووچەیەکی زۆری هەبوو کە مانگانە خۆی لەنزیکەی 40 ملیۆن دینار دەدا.

سامی ئەتروشی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "مەشهەدانی لەسەرەتاوە توند بوو، زۆرجار لەگەڵ پەرلەمانتاران دەستی بە شەڕە جنێو دەکرد، بەڵام ئەو شەڕە جنێوانە پەیوەندی بەکێشەکانی ناو پەرلەمانەوە نەبوو، بەڵکو پەیوەندی بە خودی کەسایەتی مەشهەدانییەوە بوو".

ئەتروشی، ئاماژە بەوەدەکات کە بەتێپەڕبوونی کات مەشهەدانی زیاتر تووڕە دەبوو "لەدواییدا گەیشتە ئاستێک کە لەگەڵ ئەندامێکی پەرلەماندا ببێتە شەڕە بۆکسیان، پاشان دژ بەکوتلەکان قسەی دەکرد، لە10 رۆژی رابردوودا جنێوی زۆر خراپی بەهەموو پەرلەمانتاران دا".

رۆژی 2008/12/16، لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای کشانەوەی هێزە بیانییەکان لەعێراق و باسکردنی ئەو رۆژنامەنووسەی کە پێڵاوەکەی گرتە جۆرج بوش، مەشهەدانی چەندین جنێوی بە پەرلەمانتارانی ناو کۆبوونەوەکە دا، لەنێو جنێوەکاندا گوتبوی، ئەمە هیچترین پەرلەمانە کە من سەرۆکیم و سەگی کوڕی سەگم ئەگەر دەست لەکارنەکێشمەوەو ئێوەش وەک منن ئەگەر رازی نەبن".

ئەم جنێوانەی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بەشێوەیەک پەرلەمانتارانی تووڕە کرد کە کار گەیشتە ئەوەی 153 ئەندامی پەرلەمان واژوویان کۆکردەوە بۆ لەسەرکارلادانی، لە 2008/12/23، مەشهەدانی بەفەرمی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بەدەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد.

لەکاتی بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەکەیدا، مەشهەدانی ویستی بە وتارێک سۆزی پەرلەمانتاران بۆ لای خۆی رابکێشێت، بەقورگی پڕ لەگریانەوە ئاماژەی بەمێژووی سیاسی خۆی دەدا کە هەمیشە کەسێکی تووڕە بووەو دەیگوت تووڕە بوونیشم لەپەرلەمانتاران مایەی خۆشەویستیم بووە بۆیان، بۆیە ملکەچی داواکەتان دەبم لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا. کەچی دواتر لە دیدارێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (ئینتەرناشناڵ هیراڵد تریبیون)، مەحمود مەشهەدانی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق و هاوپەیمانی کوردستان و حزبی ئیسلامی عێراقی بەوە تۆمەتبارکرد کە ناچاریان کردووە دەست لەکار بکێشێتەوە، مەشهەدانی رایگەیاندبوو کە ئەو سێ لایەنە بەلادانی ئەو خەریکی زەمینە خۆشکردنن بۆ ئەوەی دواتر نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانیش لە کار لابدەن.

بەشێک لەپەرلەمانتاران، هێندە لەزمانی سەرۆکەکەیان دەترسان، هەمیشە خۆیان دوور دەگرت بۆ ئەوەی جنێویان پێنەدات، عەبد موتڵەگ جبوری، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی کوتلەی عەرەبی سەربەخۆ، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (ڕووداو)، رەخنەی لەو جنێوانەی مەشهەدانی گرت "دیاردەی جنێودان، شێوازێکی ناشرینە، پێویستە دووربکەوینەوە لێی، مەشهەدانی زمانی پیسبوو خۆم دوور دەخستەوە، تاوەکو بەقسە بریندارم نەکات، خۆشی دانی بەوەدا ناوە کە چەندین هەڵەی کردووە".

ئەو پەرلەمانتارەی لیستی عەرەبیی سەربەخۆ، پێیوایە بەڕێوەبردنی پەرلەمان لەلایەن مەشهەدانی بەتایبەت و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بەگشتی سەرکەوتوو نەبووە "پێویستە دەستەی سەرۆکایەتی بەشێوەیەکی بێلایەنانە مامەڵە لەگەڵ پەرلەمانتاراندا بکات، مامەڵەکردنیشیان لەگەڵ پەرلەمانتار و کوتلەکان و نەتەوەو مەزهەبەکاندا بەبێ جیاوازی بێت".

عەبد موتڵەگ، پێی وانییە رۆشتنی مەشهەدانی کۆتایی بەشەڕەجنێو بهێنێ "باوەڕناکەم ئەم دیاردەی شەڕەجنێوە کۆتایی بێت و ئەم دیاردەیەش لەزۆر پەرلەمانی جیهاندا هەیە".

جەلالەدین عەلی حوسێن، پەرلەمانتار لەسەر لیستی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بێ ئومێدە لەوەی کەشەڕە جنێو لەپەرلەمانی عێراقدا کۆتایی بێت "ئەم رەفتارە تەنیا لەلایەن مەشهەدانییەوە نەدەکرا، ئەم شێوازی هەڵسوکەوتە لەلایەن هەندێک لەئەندامانی دیکەی پەرلەمانیشەوە هەیە، بۆیە باوەڕناکەم وازهێنانی مەشهەدانی چارەسەری هەڵسوکەوتی ئەوانی دیکە بکات و ئەو رەفتارە هەر دەمێنێ".

پەرلەمانتارە کوردەکان، ئاماژە بەوە دەکەن کە شەڕە جنێو لای هەندێک پەرلەمانتاری عێراقی بووە بە بەشێک لەکلتوریان، سامی ئەتروشی، پێیوایە کە دەست لەکارکێشانەوەی مەشهەدانی کاریگەری دەبێت لەسەر کەمبوونەوەی شەڕە جنێو "بەڵام شەڕە جنێو کۆتایی نایەت و هەر دەمێنێت، چونکە هەندێک کەس هەن فێربوون قەرەباڵخی دروستبکەن، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردنی سەرۆک پەرلەمانی نوێ عەقڵانی بێت و بۆچوونی هەموو لایەک وەربگیرێت، شەڕە جنێوەکە کەمدەبێتەوە".

لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەئاشکرا پێداگیری لەسەر لادانی د.مەحمود مەشهەدانی دەکرد، د.عەبدوڵڵا عەلیاوەیی ئەندامی ئەو لیستە، هۆکاری ئەو پێداگیرییەی بۆ هەڵسوکەوتەکانی مەشهەدانی گێڕایەوە.

دوای مەشهەدانی چەند ناوێک دەگوترێن کە شوێنی بگرنەوە، ئەوانیش ئوسامە تکریتی، ئەیاد سامەڕایی، حاچم حەسەنی، خەلەف عەلەییان و زافر عانی. ئاخۆ ئەمانە کۆتایی بەشەڕە جنێو دەهێنن، د.عەبدوڵڵا عەلیاوەیی لەو باوەڕەدایە "ئەگەر یەکێک لە ئوسامە تکریتی، ئەیاد سامەڕایی و حاچم حەسەنی ببنە سەرۆکی پەرلەمان کۆتایی بەشەڕە جنێو دێت، چونکە پیاوی بەڕێزن، بەڵام ئەگەر کەسێکی وەک خەلەف عەلەییان یان زافر عانی دابندرێت هەمان شت دووبارە دەبێتەوە".

بەپێی گوتەی د.عەبدوڵا عەلیاوەیی، دیاریکردنی سەرۆکی پەرلەمان کارێکی قورسەو ماوەی زۆری دەوێت "کوتلەکان سورن لەسەر ئەوەی کە کەسێک دابندرێت شایستەی ئەو شوێنە بێت و هەمووشیان کۆک بن لەسەری، ئەگەر وابێت قۆناخی جنێودان کۆتایی دێت، هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان کاتێکی زۆری دەوێت، بەتایبەت پاش ئەوەی رۆژی 2008/12/24 گرفت کەوتە نێو کوتلەی تەوافوقەوە".



مەشهەدانی سەرچاوەیەکی بەردەوامی قڕەو کێشەکانی ناو پەرلەمانی عێراق بوو (فۆتۆ:AFP)

# 2008 لەسلێمانی بووە ساڵی سەرجادە

## "ئەمساڵ 298 چالاکی مەدەنی لەشاری سلێمانی و دەوروبەری ئەنجامدران"



نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

**ڕووداو- سلێمانی**

دوای دەستپێکردنی ڕاپەڕینی بەهاری 1991، محەممەد ئیبراهیمی تەمەن 41 ساڵ، لەپەنجەرەکەی ماڵی خۆیانەوە دەیویست لەزەت لەبینینی پێشمەرگە ببینێ، کاتێک بەسەر شەقامەکاندا بڵاودەبوونەوە. ئەو لەو باوەڕەدا بوو، سەردەمی نارەزایی و تووڕەبونی جەماوەری، بەهاتنی ئەو پێشمەرگانە کۆتایی دێ وجارێکی دی بەر دەرکی سەرا تووڕەبونی جەماوەری بەخۆیەوە نابینێتەوە، کەچی محەممەد لەماوەی ئەمساڵدا دووجار بەشداری خۆنیشاندانی کردووە لە بەرامبەر کەموکوڕی خزمەتگوزاری "ئێستا پێشمەرگەکان لەبیریان چووەتەوە بۆچی شۆڕشیان کرد".

شاری سلێمانی، لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بووەتە شاری ڤێللا بەڕن بەرزەکان، ئەوەی کە ئازاد و زۆر لەدانیشتوانی ئەو شارەی نیگەرانکردووە، پەیدابوونی لە ناکاوی خاوەنی ئەو ڤێللایانەیە. ئازاد تەمەنی 34ساڵەو هەموو ڕۆژێک کاژێر هەشتی بەیانی تاکسییەکەی دێنێتە دەرەوەو 7ی ئێوارە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، بۆ ئەوەی مانگانە بەدەر لەکرێی خانوو، بژێوی خێزانە چوار کەسییەکەی دابین بکات "تا کاسبی نەکەیت، تێناگەیت ڤێللا بە کاسبی دروست ناکرێ". ئازاد گوتیشی "زۆر روونە کە خەڵک لەکوردستان، لەکەمی خزمەتگوزاری تورەیە".

لەشارەکەی ئازاد دا، خۆنیشاندان لەدیاردەوە بووەتە حاڵەتێکی ئاسایی ولەدوای یەکگرتنەوەی ئیدارەکانەوە، هەفتە نییە چەند کەسێک بەمەبەستی داواکاری وناڕەزایی دەربڕین، نەچنە بەردەگای پارێزگای سلێمانی.

بەپێی ئەو ئامارەی لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگاری چالاکییە مەدەنییەکانی سلێمانی دەست (ڕووداو) کەوتووە، لەماوەی ئەمساڵدا 298 چالاکی مەدەنی لەشاری سلێمانی ودەوروبەری ئەنجامدراون.

عەمید لوقمان عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆ لیسی پارێزگاری چالاکیە مەدەنییەکان، ڕوونیکردەوە مەرج نییە ئەو ژمارەیە هەمووی خۆنیشاندان بێت "چونکە هەموو جۆرە چالاکییەک لای ئێمە تۆماردەکرێت". بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی پۆلیس چەکە قورسەکەی خۆشیان بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات، کە ئاوە "بە ئاو یان جۆرە دەمانچەیەکی کارەبایی، ڕووناکی وگازی، ئاژاوەگێڕان بڵاوە پێدەکەین، ئەگەر بیانەوێ کاری ئاژاوەگێڕی ئەنجام بدەن". ناوبراو شانازیش بەوە دەکات کە دوای ئەو هەموو چالاکییە مەدەنییە، تاکە کەسێکیان ئازار نەداوە "مامەڵەی هێزەکانی ئێمە زۆر شارستانییە".

ڕەفعەت عەبدولرەحمان، بەرپرسی نوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە کە لەشاری سلێمانی کەموکوڕی ئیداری زۆرەو خەڵکیش داوای مافی خۆیان دەکەن، بۆ ئەوان وەک نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان، لەو ماوەیە ڕاپۆرتێکیان لەبارەی خراپی ڕەوشی خزمەتگوزاری شاری سلێمانی داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان و داوایان کردووە وەزیری شارەوانی بێتە پەرلەمان.

بەرپرسی نوسینگەی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ئەو ڕایەدا نییە کە دەڵێ، ئاستی هوشیاری خەڵک لەپشت زۆربونی خۆنیشاندانەکانەوەیە "ئەمساڵ پەتای گرانەتاو خراپی ئاوی خواردنەوەو ڕێگاکان و گرانی بازاڕ و خواردەمەنی ئێکسپایەر، ناچاریان کردین کە لەنوسینگەی سلێمانییەوە چەند لیژنەیەکی بەدواداچون پێکبهێنین و دواجار بەراپۆرتێک سەرۆکایەتی پەرلەمانمان ئاگادارکردەوە".

لەساڵی 2008دا، دانیشتوانی سلێمانی زۆرترین لافیتەی داواکارییان بەدەستەوە گرت. ئاو و کارەبا و گرانەتاو ڕێگەوبان و خوێندن و دامەزراندن، چەند جارێک هاووڵاتیانی شارەکەیان هێنایە سەرجادە.

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەپێچەوانەی رای زۆرینەی دانیشتوانی شارەکەوە، پێیوایە کە سلێمانی لەرووی ئاواکارییەوە کاری زۆر باشی تێدائەنجامدراوەو رەتیکردەوە کە سلێمانی لەدوای شارەکانی دیکەوە بێ "ئەوە تێڕوانینێکی ڕاست نییە کە پێیوایە سلێمانی دواکەوتووە لەرووی خزمەتگوزارییەوە، ئێستا چەندین پرۆژەی قیرتاوکردن و خزمەتگوزاریمان بەدەستەوەیە".

ئەوەی زیاتر هاووڵاتییانی نیگەران کردووە، سستی و خراپ بەڕێوەچوونی پرۆژەکانە، نەورۆز مستەفا ئەمین، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی سلێمانی لەبارەی سستی پرۆژەکانەوە دەڵێ "زۆر لەپرۆژەکان بەچەند هۆیەک گرفتیان دێتەڕێ و ئەوەش لەدەسەڵاتی ئێمەدا نییە". ڕاشیگەیاند "لەساڵی 2008دا 247پرۆژەی گەورەو بچووک لەشاری سلێمانی کاری تێدا دەکرێت، کە بایی 201ملیار دینارەو 2009ش لیستێکمان لەبەردەستدایە، کە 480 پرۆژە لەخۆ دەگرێ".

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی سلێمانی هەروەها گوتی"35 کۆمپانیا لەساڵی 2008دا بەهۆی سستی وخراپی ئیشەکانیانەوە ئینزاریان وەرگرتووەو دوو کۆمپانیاش خراونەتە لیستی ڕەشەوە".

هاوینی ئەمساڵ، بێئاوی بەشێوەیەک تەنگی بەسلێمانی هەڵچنی، وێڕای بڵاوبوونەوەی گرانەتا، هەندێک لەهاووڵاتییان گەمارۆیان خستە سەر ئامێری فێنککەرەوەکانیان و واتەرپەمی موبەریدەکانیان کوژاندەوە و دواجاریش خۆنیشاندانێکیشی لێکەوتەوە بۆ داواکردنی ئاو.

رزگار عەلی دەروێش، بەڕێوەبەری دابەشکردنی ئاوی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بە تەواو بوونی پرۆژەی ئاوی دوکان، کە سێ هەزار مەتر سێجا ئاو بەرهەمدەهێنێ کۆتایی بەکێشەی کەمئاوی دێت وپرۆژەکە لەکۆتایی نزیک بووەتەوە". دەروێش گوتیشی "لەهاوین و پایزدا ئێمە کێشەی کەمئاویمان هەیەو هاووڵاتییانیش زۆر بەکاردێنن، بۆیە هەوڵ دەدەین سەرچاوەکانی ئاوی سلێمانی زیاتر بکەین و بەهۆی باران بارینیشەوە، سەرچاوەی ئاوی سەرچنار زیادی کردووە".

هەفتەی کۆتایی مانگی 10ی ئەمساڵ، خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی دووجار ڕژانە بەردەم پارێزگای سلێمانی و لەئێستاو ڕابردووشدا، خوێندکارانی ئەو زانکۆیە بەسەردەقشکێنی مانگرتن و خۆنیشاندان ناسراون، لەمانگی ئەیلولی ئەمساڵیشدا، درێژترین مانگرتنیان لەژێرخێمەدا بەڕێوەبرد. کە مانگرتنی خوێندکارانی بەشی زانستی کۆمپیوتەر بوو.

د. ئاری عەلی محەممەد، سەرۆکی بەشی زانستی کۆمپیوتەر لەو زانکۆیە، زۆربەی خۆنیشاندانی زانکۆییەکانی سلێمانی دەگێڕێتەوە بۆ کەمتوانایی مامۆستایان، کە ناتوانن بەتەواوەتی مافی فێربوون بدەنە قوتابییان "تا ئێستا لە کوردستان لیژنەی هەڵسەنگاندن نییە بۆ دەرخستنی توانای مامۆستایان و تەنها بڕوانامەکەیە

بە بڕوای د.ئاری، ئەگەر مامۆستایان لەئاستی پێویستی فێرکردندابن، ڕێژەی تورەبوونەکانی زانکۆ کەم دەبێتەوە، هەرچەندە نکوڵی لەکەموکوڕییە ئیداری و خزمەتگوزارییەکانی ناوزانکۆش ناکات، وەک بەشێکی دیکەی مەسەلەکە.

ڕاپەڕین و دەنگ بەرزکردنەوە بەردەوامەکانی سلێمانی لەبەردەم ڕژێمی بەعسدا، نازناوی "هەڵمەت و قوربانی" بەخشییە شارەکە. مامۆستا کارزان محەممەد، ئەوە لە بیر ناکات کە دانیشتوانی سلێمانی، هەڵگری هوشیارییەکی باشن و جیاوازن لەشارەکانی دیکە. ئەومامۆستایە زیاتر دەڵێ "پەیوەندیکردن وڕۆشنبیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم شارەدا زیاترە". هەروەها د.ئاری دەڵێ"خۆنیشاندانەکان، هەم ئاستی بەرزی هوشیاری و هەم کەمی خزمەتگوزاریشی لەپشتەوەیە".

دڵتەنگی خەڵک لەبارەی خراپی ڕەوشی خزمەتگوزاری شارەکەوە، جێگری سەرۆکی حکومەتی هێنایە سلێمانی و داوای دروستکردنی لیژنەیەکی کرد بۆ بەدواداچونی پرۆژەکان. بەڕێوەبەری پلاندانانی سلێمانی لەبارەی ئەو کارەکانی ئەو لێژنەیە گوتی "بەڕێوەبەرایەتیەکی سەربەخۆی بۆ دروست دەکرێت". گوتیشی"248 کۆمپانیا ئەمساڵ لەسلێمانی پرۆژەیان وەرگرتووەو هەوڵ دەدەین کۆمپانیای دیکە بۆ ساڵی ئایندە بەشداری پێبکەین".



# هەرێمی کوردستان گوتارەکەی بەرامبەر PKK دەگۆڕێ

## مالیکی لە ئەنقەرە: شەڕکردن دژی PKK کارێکی هەرە لەپێشی لیژنە سێ قۆڵییەکەیە

**بەپێی هەندێ سەرچاوە لەوەتەی PKK لە 1984/8/15 دەستی بە شەڕی چەکداری کردووە دژی تورکیا تاوەکو ئێستا، زیاتر لە 44 هەزار کەس لە هەردوولا کوژراون . PKK کە سەرەتا دروشمی سەربەخۆیی بەرزدەکرەوەوە، ئێستا داواکانی لەنێوان ئۆتۆنۆمی و فیدرالیدا دێن و دەچن. بەڵام ئێستا کەوتووەتە ژێر فشارێکی زۆر بۆ چەک دانان.**

نامۆ عەبدوڵڵا
رووداو-هەولێر

جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی ئاکشامی تورکی لە رۆژی 12/23/ 2008، وتی پارتە سەرەکییەکانی کوردستان بەم زووانە لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا داوا لە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK دەکەن چەک دابنێت.

تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە لە ساڵی 1975 دامەزراوە. لەکاتی ساڵی 1993 دا لە نێو یەکەمین هەوڵی ئاگربەستی یەک لایەنەی PKK دا بوو لەگەڵ تورکیا، لەسەردەمی سەرۆکی پێشووی تورکیا تۆرگۆت ئۆزال دا، کە بەپێی هەندێ سەرچاوە بەهۆی پشتیوانیکردنی لە هەوڵی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا، لەلایەن دەزگا نهێنییەکانی سوپای تورکیاوە کوژرا.

هەرچەندە گرفتێکی سەرەکی تورکیا لەگەڵ سەرکردەکانی باشووری کوردستان، ئەوەیە کە PKK وەک رێکخراوێکی تیرۆریستی راناگەیێنن، لە هەمانکاتدا ئێستا نەرمییەکی زۆر بەرامبەر تورکیا دەنوێنن.

مام جەلال دەڵێ "لێمگەڕێن بە روونی پێتانبڵێم: ئێمە، کوردەکانی عێراق، بەهیچ شێوەیەک رێگە نادەین خەڵکی چەکدار، ئینجا سەر بە هەر گرووپێکی کوردی بێت خاکی ئێمە بەکاربێنێت بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا و ئێران".

تورکیا زۆر جار هەرێمی کوردستان، بەوە تۆمەتباردەکات کە رێگە بەبوونی PKK دەدات لە ناوچەکەیدا وتەنانەت هەندێکجار بە یارمەتیدانیشی تۆمەتبار دەکات . هەرچەندە، تورکیا خۆشحاڵە کە لەمانگی ئایاری 2008 ەوە گۆران لە گوتاری سیاسی کوردی دا روویدا، کاتێک بارزانی و تاڵەبانی هێرشی PKK یان بۆ سەر سەربازگەی بێزەلێ (ئاک توتن) پرۆتستۆ کرد، هەرچەندە PKK پێیوایە ئەو هێرشە، جگە لەوەی چالاکییەکی سەرکەوتووی سەربازی بوو، سوودی سیاسیشی هەبوو و، رێگەی دیالۆگی لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا کردەوە.

بەپێی هەندێ سەرچاوە لەوەتەی PKK لە 1984/8/15 دەستی بە شەڕی چەکداری کردووە دژی تورکیا تاوەکو ئێستا، زیاتر لە 44 هەزار کەس لە هەردوولا کوژراون . PKK کە سەرەتا دروشمی سەربەخۆیی بەرزدەکرەوەوە، ئێستا داواکانی لەنێوان ئۆتۆنۆمی و فیدرالیدا دێن و دەچن.بەڵام ئێستا کەوتووەتە ژێر فشارێکی زۆر بۆ چەک دانان.

فەرید ئەسەسەرد،ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و بەرپرسی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سەبارەت بە داوای مام جەلال لە PKKبۆ چەکدانان گوتی"ئەوە هەوڵێکە بۆ دەرهێنانی کوردستان لە گێچەڵێک کە لە 1990 ەوە گیرۆدەی بووە".

ئەسەسەرد دەڵێ"هەریەک لە تاڵەبانی و بارزانی بەرپرسیارێتی پارێزگاریکردنی ئاسایش و بەرژەوندییەکانی هەرێمی کوردستانیان لەسەر شانە، هەبوونی PKK گێچەڵێ بۆ ئەوە دروستکردووە".

ئەسەسەرد، باس لەوە دەکات کە رێککەوتنێک لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا هەیە کە نابێت کوردستان ببێتە جێگایەک کە PKK لێیەوە هێرش بکاتە سەر سنوورەکانی تورکیا.

هەرچەندە PKK زۆرجار داوای لە تورکیا کردووە، کێشەکانی نێوانیان لە رێگەی دیالۆگەوە چارەسەربکەن، بەڵام تورکیا دەڵێت ئەو لەگەڵ تیرۆریستاندا لە سەر مێز دانانیشێت. PKK یەک لایەنە لەتەواوی رۆژەکانی جەژنی قوربانی پیرۆزی رابردودا ئاگربەستی راگەیاند.

دارا حوسێن، پەیامنێر و بەرپرسی نووسینگەی BBC لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت مێژوو سەلماندوویەتی کە مەسەلەی PKK بە رێگەی سەربازی چارەسەر ناکرێت.

بەڵام هەروەک رۆژنامەی (تودەی زەمان)ی تورکی لە راپۆرتێکیدا بڵاویکردووەتەوە، کە باشبۆخی سەرفەرماندارى گشتیی ئێستای سوپای تورکیا جیاواز بیوک ئانتی سەرفەرماندارى پێشوو، دژی گفتوگۆ نییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو حکومەت هاواڕان کە نابێ گفتوگۆ لەگەڵ PKK بکرێ و لێبووردن بۆ سەرکردەکانی دەربکرێ.

دارا حوسێن دەڵێت "ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لایەنگری تورکیا بکات دژی PKK، شتێکی وا ناگۆڕێت، بە پێچەوانەوە رەنگە تورەیی لە نێو خەڵکی کوردی تورکیادا بەرامبەر کوردەکانی هەرێمی کوردستان دروستبێت. بۆیە لەو بڕوایەدام، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم ململانێیەدا دەبێت بێ لایەن بێت".

محەممەد عەلی بیراند، رۆژنامەڤانی نێوداری تورکیا، لە وتارێکدا دەڵێ، PKK زۆر دەترسێت کە پەیوەندییەکانی نێوان بارزانی و تورکیا پێشکەوتنی زیاتر بەخۆوە ببینن. بۆیە هەر چەشنە کارێک دەکات تا رێگە لە پێشکەوتنی ئەو پەیوەندییانە بگرێت. ئەوە لەکاتێکدایە کە موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK دەڵێت ئەوان دژی بوونی پەیوەندی نین لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان و، خۆشیان دەیانەوێ گفتوگۆی سیاسی لەگەڵ تورکیا بکەن.

بیراند دەڵێ "لە راستیدا، ئێستا PKK هیچ کردەوەیەکی تیرۆریستی لە باکووری عێراق ئەنجامنادات، چونکە هێز و تواناکانی خۆی لە تورکیادا چڕکردووەتەوە، ئەگەر بارزانی و تورکیا زیاتر لەیەکتر نزیک ببنەوە ئەوا PKK ددانەکانی لە باکووری عێراقیش چیر دەکاتەوە، وەکو لە داهاتوودا دەیبینین".

وایپێدەچێت، بیراند دڵنیابێ لە دروستبوونی شەڕ لەنێوان هەرێمی کوردستان و PKK دا، بەڵام شاندی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتDTP، کە پارتێکی یاسایی تورکیایە و نزیکە لە PKK دەڵێ بارزانی و تاڵەبانی گوتوویانە، شەڕی کورد و کورد دووبارە نابێتەوە.

تاڵەبانی لە بەشێکی دیکەی هەڤپەیڤینەکەیدا لەگەڵ ئەو رۆژنامە تورکییە دەڵێ "کاتێک ئێمە داوا لەو چەکدارانەی شاخەکان دەکەین چەک دابنێن وبگەڕێنەوە ماڵی خۆیان، مەبەستمان ئەوە نییە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ بەندیخانەکانی تورکیا، ئێمە دەڵێین دەبێت بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان".

ئەم داوایەی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ چەکدانانی PKK، وەک لەو قسانەیدا دیارە داوایەکیشە بۆ تورکیا تاوەکو لێبووردنێکی گشتی بۆ چەکدارانی PKK دەربکات.

بەهەمان شێوە، سەنتەری دیراساتی ئابوری و کۆمەڵایەتی تورکی TESEV، لەدوایین راپۆرتیدا، داوا لە دەوڵەتی تورکیا دەکات کە لێبووردنی گشتی و بێمەرج بۆ ئەندامانی PKK دەربکات.

راپۆرتەکەی TESEV کێشەی کورد بە "کێشەیەکی دەستوری" دەبینێت کە، چارەسەرەکەی پەیوەستە بە گۆڕینی دەستووری ئێستای کە لەسەر بنچینەی بوونی یەک نەتەوەو یەک زمان لە تورکیا دارێژراوەو، دەبێ دەستوورێکی کراوە inclusive constitution دابرێژرێ کە جیاوازییەکان لە خۆ بگرێت.

کان پاکەر سەرۆکی سەنتەری TESEV. لە سەرەتای کردنەوەی کۆنفرانسێکدا کە سێشەمەی رابردوو بۆ خستنەرووی راپۆرتەکە بەسترا، وتی ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت، ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا لە خەونێک زیاتر هیچی دیکە نابێت.

پاکەر دەڵێت "هەرچەندە چەند هەنگاوێکی باش بەئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەی کورددا نراوە، بەڵام هیچ حکومەتێک نەیتوانیوە خۆی لە گرفتە ریشەییەکانی کێشەی کورد بدات کە ئەویش نەبوونی متمانەیە لە نێوان کورد و دەوڵەتی تورکیادا".

رۆژێک دوای ئەو هەڤپەیڤینەی مام جەلال، سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری مالیکی بۆ قسەکردن لەسەر مەسەلەی PKK گەیشتە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا. نزیکەی مانگێک لەمەوبەر تورکیا و ئەمریکا و عێراق، باسیان لە چالاککردنی ئەو لیژنەیە کرد کە بەناوی "رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر" دروستیان کرد و تورکیا تا ئێستا دژی ئەوەیە نوێنەری هەرێمی کوردستانی تێدابێ.

مالیکی دەڵێت "لیژنە سێ قۆڵییەکە دامەزراوە و کۆبوونەوەیەکییش لە بەغدا ئەنجامدراوەو گەیشتووەتە کۆمەڵێک بڕیار، ئێمە پاڵپشتی هەر بڕیارێک دەکەین ئەو لیژنەیە بیدات". شەقامی باشووری کوردستان کە لە هەموو جموجۆڵێکی مالیکی کەوتووەتە گومان، بەهۆی جێبەجێنەکردنی مادە دەستوورییەکانی تایبەت بە کورد و دژایەتیکردنی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو لێدوانەی مالیکی لە ئەنقەرەش زیاتر کورد لەو سەردانەی بۆ تورکیا دەخاتە گومان کە دەڵێ "شەڕکردن دژی PKK کارێکی هەرە لەپێشی لیژنەکەیە".



سێ سەرکردەکەی PKK: موراد قەرەیلان، دوران کالکان، جەمیل بایک

## چارەنووسی موجاهیدینی خەلق لە عێراق بە کوێ دەگات؟

# کاربەدەستە شیعەکان دەیانەوێ تەسلیمی ئێرانیان بکەن و ئەمریکاش دژە

نامۆ عەبدوڵڵا
تایبەت بە رووداو

حکومەتی عێراق،کە شیعە سەرۆکایەتی دەکات، لە سەرەتای هەفتەی رابردوو، لە بەیاننامەیەکدا وتی بوونی رێکخراوی موجاهیدینی خەلق، وەکو گەورەترین هێزی چەکداری ئۆپۆزسیۆنی ئێران، لە عێراقدا رێگەی پێنادرێت. بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وەک ناڕەزایی دەربڕینێک بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی ئەمریکا گوتی عێراق ئازاد نییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ رێکخراوی موجاهدینی خەلق.

راوێژکاری ئەمنی قەومی عێراق موەفەق روبەیعی رۆژی شەممەی رابردوو لە سەردانێکیدا بۆ کامپی ئەشرەف، کە بارەگای سەرەکی سەربازی هێزەکانی موجاهیدینی خەلقە، پێی راگەیاندن کە ئەوان سنووداش دەکرێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان ئەگەر وڵاتێکی دیکە نەدۆزنەوە تا بۆی بچن.ئەوەش لەکاتێکدایە کە وڵاتانی ئەورووپا وەرگرتنی ئەندامانی موجاهدینی خەلقیان رەتکردەوە.

روبەیعی وتی"بۆیان نییە مانەوە لە عێراق هەڵبژێرن" .حکومەتی ئێران بەردەوام داوا لە حکومەتی عێراق دەکات، کە ئەوان تەسلیمی ئێران بکاتەوە یان لانیکەم دەریانبکات. حکومەتی عێراقیش، کە سەرۆکەکەی شیعەیەکی نزیکی ئێرانە، لەنێوان رەتکردنەوەی ئەمریکا و ئێران دا ماوەتەوە. بەڵام هەر زوو دوای ناڕەزایی ئەمریکا لە بەیاننامەکەی حکومەتی عێراق، وتەبێژەکەی بۆ دڵدانەوەی ئەمریکا رایگەیاند کە عێراق موجاهدینی خەلق بەهیچ شێوەیەک ناداتەوە دەست ئێران. ئەو لێدوانەی حکومەتی عێراقیش دوای لێدوانی جۆن ماکۆرماکی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هات کە گوتی، راستە عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆیە " بەڵام هەندێ پێوەری نێودەوڵەتی هەن دەبێ ئێمەو عێراق و هەموو دەوڵەتانی دیکە بیپارێزن".

موجاهیدینی خەلق، دوای ئەوەی لەکاتی هاتنە سەر کاری خومەینی لەساڵی 1979دا ماوەیەک هاوپەیمان و بەشداری خومەینی بوون لە دەسەڵاتدا، دواتر پەیوەندییان تێکچوو و بوونە هاوپەیمانێکی نزیکی سەدام، لەلایەن سەدامیشەوە بە هەموو شێوەیەک هاوکاری دەکران.لەدوای رووخانی رژێمی سەدامیشەوە، ئەمریکا پارێزگاریان لێدەکات.

هەرچەندە، دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکەی روبەیعی، لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیدا، جێگری وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رۆبێرت ود وتی حکومەتی عێراق ئەمریکای دڵنیاکردووەتەوە کە بە هیچ شێوەیەک موجاهیدانی خەلک بە زۆر لە عێراق دەرناکرێن. هەروەها ود گوتی"لەگەڵ عێراقیەکاندا لە بارەی موجاهیدینی خەلقەوە لە کامپی ئەشرەف قسەمان کردووە، بەڵێنیان پێداوین کە بەپێی دەستوری عێراق مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن و هیچ کەسێک بەزۆر نانێرنەوە بۆ ئێران".

موجاهیدینی خەلق، بەهۆی کوشتنی خەڵکی سڤیلەوە، لە لایەن یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکاوە بە تیرۆریست هەژماردەکرێن،بەڵام هەندێ وڵات خەریکی دەرهێنانیانن لە لیستی تیرۆر .هەروەها زۆر کورد رێکخراوی موجاهدینی خەلق بەوە تۆمەتبار دەکەن کە یارمەتی حکومەتی عێراقیان دا لە سەرکوتکردنی راپەڕینی 1991ی باشووری کوردستان.

موجاهدینی خەلق لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو، وەکو گرووپێک کە خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی تێکەڵە لە ئایدۆلۆژیای چەپ و ئیسلامیزم دژی حکومەتی محەممەد رەزا شا کە لایەنگری خۆرئاوابوو دروستبوو. لە ساڵانی حەفتاکاندا، ئەم رێکخراوە هێرشی کردە سەر کۆمەڵێک ئەمریکی لە ئێران و هەندێکی لێکوشتن و بەشداری ئەو پەلامارەشی کرد کە دوای رووخاندنی رژێمی کرایە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران و، تێیدا 52 ئەمریکی بۆ ماوەی 444 رۆژ بە بارمتەگیران.

لەبەر گرنگی موجاهیدینی خەلق وەکو گەورەترین هێزی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، ئەمریکا هەر زوو لە ساڵی2003 دا گفتوگۆی لەجیاتی شەڕکردن لە گەڵیان هەڵبژاردو لەگەڵیاندا رێککەوت.

یودیت نورینک، کەر رۆژنامەڤانێکی هۆڵەندییە و کتێبێکی لەبارەی موجاهدینی خەلق نووسیوەو، وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمان، لەبارەی ئەو مامەڵەیەی ئەمریکا بە (رووداو)ی راگەیاند " ئەمریکا ئەم گرووپە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری لەسەر ئێران و بەتایبەتی مەسەلە ناوەکییەکەی ئێران بەکاردەهێنێت".

موجاهیدینی خەلق، کە مریەم رەجەوی سەرۆکایەتی دەکات و، پیاوەکەشی مەسعودی رەجەوی سەرکردایەتی هێزی چەکداری رێکخراوەکە دەکات، کە ئێستا لە عێراق جموجۆلی سەربازی لێ قەدەخە کراوە .مریەم و مەسعود رەجەوی لە فەرەنسا دادەنیشن.

پێش 2003، سەدام حسێن گەورەترین سەرچاوەی داهاتی دارایی ئەو رێکخراوە بوو، دوای ئەوانیش بەشێک لە ئێرانییەکانی دانیشتووی دەرەوەی ئێران.

ئەو باسکردنەی چارەنووسی موجاهدینی خەلق، هاوکات لەگەڵ باسکردنی چارەنووسی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، لە هەرێمی کوردستان . کە ئەمریکا وەک موجاهدینی خەلق لە لیستی رێکخراوە تیرۆریستەکاندا دایناوە، بەڵام بەپێی سەرچاوەکانی PKK، گفتوگۆی راستەوخۆ لەنێوان ئەمریکا و PKK دا روویندداوە، هەرچەندە تورکیا چەند جارێک ئەمریکای بە یارمەتیدانیان تۆمەتبار کردووە.

بەپێی سەرچاوە رۆژنامەنووسییەکان، ژمارەی ئەندامانی موجاهیدینی خەلق لەکەمپی ئەشرەف کە دەکەوێتە نزیک رومادی 3،500 کەس، کە کەمپێکە لەسەردەمی رژێمی سەدام، بۆیان دروستکراوەو دەکەوێتە نزیک ناوچەی خاڵس کە 100 کم دەکەوێتە باکووری بەغدا. ئەم رێکخراوە پێش 2003 چەندین کامپی سەربازی دیکەیان لە عێراق هەبوو، وەک: کامپی ئەنزالی نزیک شارۆچکەی جەلەولا، کامپی فایزەح لە کوت، کامپی حەبیب لە بەسرە، کامپی هومایۆن لە عوممارە و کامپی عەلەوی نزیکی شاری میقدادیە.

ئەمریکا سەرکێشی شەڕی دژی رێکخراوە تیرۆریستییەکان دەکات، بەڵام بەرامبەر موجاهیدینی خەلق لەمامەڵەیەکی جیاوازدایە، لەکاتێکدا رێکخراوی موجاهدینی خەلق لەلایەن خودیس ئەمریکاشەوە لە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکاندا دانراوە.

یودیت نورینک لەمبارەوە دەڵێت هەندێک بەرپرسانی ئەمریکا دەڵێن "راستە و قبوڵمانە کە موجاهیدینی خەلق تیرۆریستن، بەڵام ئەوان تیرۆریستی ئێمەن".

لە لایەکی دیکەوە، کینز کاتزمان، پسپۆڕی کاروباری ئێران لە کۆنگرێسی ئەمریکا، لە لێدوانێکی تایبەت بە (رووداو)دا گوتی پێدەچێت حکومەتی ئەمریکا لەگەڵ حکومەتی عێراقدا گفتوگۆبکات تا دڵنیابێت کە ئەندامانی موجاهیدینی خەلق لەعێراق دەرناکرێن. کاتزمان گوتی چونکە "ئەم ئەکتیڤیستانە شوێنێکی وایان نییە تا بۆی بچن".

تەنانەت رۆبێرت ود دەڵێت لەئەمریکاشدا ئاسان نییە رێگە بە موجاهیدینی خەلق بدەین بمێننەوە چونکە حکومەتی ئەمریکا لە ریزی رێکخراوە تیرۆریستییەکان پۆلێنی کردوون، بەڵام گوتیشی کە ئیدارەی بوش دەیەوێت بە کەیسەکەیەکاندا بچێتەوە.

رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)ی ئەمریکی دەڵێت "ماوەیەکی زۆرە حکومەتی عێراق دەیەوێت ئەم گرووپە لە عێراق وەدەربنێت"، رۆژنامەکە دەڵێ پێشبینی دەکرێ کە حکومەتی عێراق دوای دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ئەو کارە بکات .

ئەم رێکخراوە لەلایەن هیچ یەک لە کورد و شیعە، کە دوو هێزی گەورەی عێراقن، خۆشەویست نییە، بەڵام بەهۆی هەڵویستی ئەمریکا نەرمی بەرامبەر دەنوێنن .

لە دوای 2003 ەوە موجاهیدینی خەلق چالاکی چەکدارییان لە عێراق نەکردووە، بەڵام پێشبینی دەکرێ ئەگەر فشاری زیاتریان بخرێتە سەر و هەوڵبدرێ تەسلیمی ئێران بکرێنەوە، ئەوانیش دەست بە نواندنی توندوتیژی بکەن.

کاتزمان دەڵێت "پێموایە ئەم ئەکتیڤیستانە بە توندی لە دژی هەر فشارێک دەوەستنەوە تا نەنێردرێنەوە بۆ ئێران، چونکە ئاشکرایە لەوێ دەکوژرێن".

موجاهیدینی خەلق ئێستا رەنگە تاکە پشتیوانیان ئەمریکا بێت. زیادبوونی پشتیوانیکردنی ئەم رێکخراوە رەنگە ئەو مانایە بگەیێنێت کە ئەمریکا لێدان یاخود گۆڕینی رژێمی ئێرانی لە ئەجێندادایە.

باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکاش ئێستا بە زمانێکی توندتر لە پێش هەڵبژاردنەکان قسە بەرامبەر ئێران دەکات. ئۆباما لە بەرنامەی (Meet The Press) ی کەناڵی NBC و دا گوتی "راستەوخۆ لە رێی دیپلۆماسیەوە، بەڵام بەشێوەیەکی توند" هەوڵدەدات کێشەکان لەگەڵ ئێران چارەسەر بکەین.

ئۆباما گوتی سەرەتا "گێزەر" بە ئێران دەدەین (واتا بە رێگەی دیپلۆماسی) تا واز لە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی بێنێت. ئەگەر نەیکرد ئەوا سزای توندتر یان "کوتەک" بەکاردەهێنین.

یودیت نورینک، کە کتێبەکەی خۆی لەسەر موجاهدینی خەلق لەئەنجامی لێکۆلینەوەیەکی مەیدانی نووسیوە، دەڵێ لەبەرئەوەی ئەمریکا پاڵپشتیانە پێموانییە ئەندامانی ئەم رێکخراوە بدرێنەوە ئێران، لە هەمانکاتیشدا گوتی ئەگەر ئۆباما بەڕاستی بیەوێت گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بکات ئەوا چارەنووسی ئەم رێکخراوە باش نابێت .



وێنەی مریەم رەجەوی و مەسعود رەجەوی لە سەربازگەی ئەشرەف

(فۆتۆ: PICASA)



160
ملیاری دزیوە

ڕووداو - القبس
◆ بەپێی ڕۆژنامەکانی ئێران، سەرکردەکانی سوپای پاسداران بە ئاژانسی (فارس)یان ڕاگەیاند، کە حکومەتی خاتەمی لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی خۆیدا 50 ملیار دۆلاری پارەی میللەتی دزیوە، کە لە زیادبوونی نرخی نەوت هاتبووە خەزێنە. لە بەرانبەردا ریفۆرمخوازەکانیش داوای ئاشکراکردنی چارەنووسی 110 ملیار دۆلار لە حکومەتی ئەحمەدی نەژاد دەکەن.



| | دینار | | 1 تەن |
|---|---|---|---|
| $ 100 | 118500 | $ 580 |  |
| € 100 | 153000 | $ 135 |  |

## هەرێمی کوردستان 45 ملیار بەرمیل نەوت و 82 تریلیۆن پێ سێجا گازی سروشتی وەک یەدەگ هەیە

# دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان چاو لە ئەزموونی عوممان و بەرازیل بکات نەک دوبەی



وەزیری پلاندانانی هەرێمی کوردستان راپۆرتەکە وەردەگرێت (فۆتۆ: ڕووداو)

**تایبەت بە ڕووداو**

ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی USAID، لە راپۆرتی هەڵسەنگاندنی رەوشی پەرەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان دا، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە جیاتی ئەزموونی دوبەی، چاو لە ئەزموونی عوممان و بەرازیل بکات بۆ بووژاندنەوەی کەرتی ئابووری هەرێمی کوردستان.

ئەو راپۆرتە، کە وێنەیەکی لێدراوەتە (ڕووداو)، لە رۆژی 2008/12/22 بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان RRT پێشکێشی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا. USAID داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات" جیهانیانە بیر بکاتەوە و خۆماڵیانە کاربکات". هەر لەو راپۆرتەدا رەوشی ئابووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئابووری چەندین وڵات و ویلایەتی ئەمریکایی بەراورد کراوە. هەڵسەنگاندنەکەش تەواوی ئەو بوارانەی گرتووەتەوە، کە شادەماری ئابووری کوردستان پێکدەهێنن، بە ژمارە و زانیاری وردەوە شەن وکەوی دۆخی داتەپیوی ئابووری هەرێمی کوردستانی کردووە.

**پێویستە سیستەمی مووچەی بریمەر هەڵبوەشێندرێتەوە**

بە پێی ئەو راپۆرتە 167 لاپەڕەیە کە کۆپییەکی بە زمانی کوردی لەلایەن ئۆفیسی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە هەولێرەوە دراوەتە (ڕووداو)، ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان 3.757.058 کەسە، کە نزیکەی 1.5ملیۆنی فەرمانبەری حکومین، واتە لە 2.5 کەسی هەرێمی کوردستان یەکێکیان فەرمانبەری حکومەتە.

یەکەم کەرتی هەڵسەنگێنراوی نێو راپۆرتەکە بواری کشتوکاڵە. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەو دەزگا فەرمییەی حکومەتی ئەمریکا، وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان 13.320 فەرمانبەری هەیە، ئەو ژمارەیەی بە ویلایەتی کالیفۆرنیا بەراوورد کردووە و دەڵێ" بەشی خۆراک وکشتوکاڵ لە کالیفۆرنیا 1.892 فەرمانبەری هەیە و بەشی خۆراک و کشتوکاڵی ویلایەتی ئەریزۆناش تەنیا 320 فەرمانبەری هەیە" .ئەوە لەکاتێکدایە کە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان زۆر کەمترە لە دانیشتوانی ئەو دوو ویلایەتەی ئەمریکا، کە ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتی کالیفۆرنیا 33ملیۆن و 871هەزار و 648 کەسە و ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتی ئەریزۆناش6ملیۆن کەسە .هەر لەم بەشەدا رەخنە لەو دەگرێت کە کوردستان شوێن پێی دوبەی هەڵدەگرێت و بەبڕوای USAID پێویستە هەرێمی کوردستان رەچاوی ئەزموون و مۆدیلی بەرازیل و عوممان بکات و دەڵێ "حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمدواییانە مەبەستی خۆی نیشانداوە بۆ شوێن پێهەڵگرتنی ئەو شێوازە پێشکەوتنەی لە دوبەی پەیڕەوکراوە، لە روانگەیەکی کشتوکاڵییەوە پێویستە لە مۆدێلەکان و ئەزموونی بەرازیل و عوممان بکۆڵرێتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە دەسەڵاتێکی گشتی -تایبەتی دروست بکات هاوشێوەی ئەوەی لە عومان بەکارهێنراوە، دەسەڵاتی گشتی بۆ خستنە بازاڕی بەرهەمی کشتوکاڵ، وەک هەنگاوێکی ئینتیقالی بۆ هاندان و هاوکاریکردنی بەرهەمهێنەرانی کشتوکاڵی بۆ ئەوەی بەرهەمی خۆیان بخەنە بازاڕ".

راپۆرتەکە زۆری ژمارەی فەرمانبەران بە هۆکارێکی گەورەی پێشنەکەوتنی دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان دادەنێت و داوای پێداچوونەوە بە سیستەمی مووچەی فەرمانبەران دەکات و دەڵێ" پێویستە رێنماییەکانی بریمەر کە مووچە بەپێی ساڵانی خزمەت هەژمار دەکرێت، هەڵبوەشێنرێتەوە و، شارەزایی و ئاستی خوێندەواری و توانای بەجێگەیاندن بکرێتە پێوەر، بۆ لەدەستنەدانی تواناکان". بە گوێرەی تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی ئەو دەزگا ئەمریکییە" بەرزی ئاستی مووچە و بوونی مووچەی ناراستەقینە کاری کردووەتە سەر نەهاتنی وەبەرهێنی بیانی".هەروەها راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات نەبوونی بەڕێوبەر و تەکنیکارو پسپۆر و ئەندازیاری شارەزا و بە ئەزموون هۆکارێکی سستی ئابووری هەرێمی کوردستانە.




لە ساڵی 2007دا، رێژەی ئەو مادە خۆراکییە سەرەکیانەی لەدەرەوە هاوردەکراوە 65%بووە و، تەنیا 35%ی بەرهەمی ناوخۆ بووە. لە کاتێکدا بەپێی ئامارەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەی جوتیارانی هەرێمی کوردستان دەگاتە 153669جوتیار و، بەگوێرەی ئەو زەوییانەش کە بە کەڵکی کشتوکاڵ دێن، هەر یەک لەو جوتیارانە 10هێکتار زەوی بەردەکەوێت، کە ئەوەش رووبەرێکی زۆرە.

**زۆری خاڵەکانی پشکنین و بوونی هێزەکانی ئاسایش لە هوتێلەکان شوێنێک وای کردووە هاتنی گەشتیاران سنووردار بێت**

**هەرێمی کوردستان هێندەی لیبیا و نایجیریا یەدەگی نەوتی هەیە**

بەشێکی دیکەی ئەو راپۆرتە تەرخانکراوە، بۆ هەڵسەنگاندنی کەرتی پیشەسازی و دەرهێنانی کانزاکان و، راپۆرتەکە یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستانی بە 45ملیار بەرمیل نەوت خەملاندووە.

USAID هەروەها داوای لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەکردنی کەرتی تایبەت دەکات بە پێی ئەم ڕاپۆرتە" نەبوونی بەڕێوبەر و تەکنیکارو پسپۆر و ئەندازیاری شارەزا و بە ئەزموون هۆکارێکی دیکەی سستی ئابووری هەرێمی کوردستانە".

لە کەرتی ئاوەدانکردنەوەدا رەخنە لە پلانی ئاوەدانکردنەوە دەگرێت و بەڵێندەرەکان بە خاڵێکی لاوازی ئەم بوارە دادەنێت و دەڵێ"بەڵێندەرەکان زیاتر بیرلە قازانجی خۆیان دەکەنەوە نەک لە پتەوی پڕۆژەکان".

راپۆرتەکە، ژمارەی بەڵێندەر و ئەو کۆمپانیانەشی ئاشکراکردووە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەن و تێیدا هاتووە" یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان 2000 ئەندامی هەیە: 400لە دهۆک، 735 لە سلێمانی و 835 لە هەولێر،59 بەڵێندەری بیانی لە کوردستانن کە 51یان تورکن و 8ی دیکەش ئێرانین، لەهەولێر 500کۆمپانیای بیانی کاردەکەن و 350کۆمپانیای تورکی لە کوردستانن، 150 کۆمپانیا پڕۆژەی وایان ئەنجامداوە کە گوژمەیان لە 30ملیۆن دۆلار زیاتر بووە".

**95%ی سەرمایەی ئاوەدانکردنەوە لەژێر کۆنترۆڵی کۆمپانیا تورکییەکاندایە**

قەبارەی‌سەرمایەی‌ئاوەدانکردنەوە5 .2ملیار دۆلار بووە،کە 95%ی لەژێر کۆنترۆڵی کۆمپانیا تورکیەکاندایە، بە گوێرەی زانیارییەکانی ئەو دەزگا ئەمریکییە " ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان پێویستی بە 5 ملیار دۆلارە". هەر لە راپۆرتەکەدا هاتووە، بڕی ساڵانەی بەکارهێنانی چیمەنتۆ لە عێراق 10ملیۆن تۆنە، لەو بڕە 25تا40%ی بۆ کوردستانە، لە ساڵی 2006 بڕی هاوردەی چیمەنتۆ لە ئێران و تورکیا 7ملیۆن تۆن بوو.

راپۆرتەکە رەوشی پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان لە رووی نەخۆشخانەوە لەگەڵ ئێران بەراورد دەکات و دەڵێ" لە تاران بۆ هەر 1000کەس یەک نەخۆشخانەی قەرەوێڵەیی هەیە، بەڵام لە کوردستان بۆ 5000 تا 10000کەس یەک نەخۆشخانە هەیە".

هەروەها راپۆرتەکە لەسەر کێشەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستانیش دەوەستێ و، رونیدەکاتەوە کە " کوردستان پێویستی بە 200هەزار یەکەی نیشتەجێبوونە، کە 60هەزاری بۆ هەولێرە".

**ئاوەدانکردنەوەی کوردستان پێویستی بە 10 ملیار دۆلارە**

سەبارەت بە خەملاندنەکانیشی بۆ پێنج ساڵی داهاتوو بۆ کەرتی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان، راپۆرتەکە پێیوایە کوردستان "پێویستی بە 10ملیار دۆلارە".

بە گوێرەی زانیارییە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی گواستنەوە" چاککردنەوەو ونۆژەنکردنەوەی هێڵی ئاسنین لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە 5ملیار دۆلارە". هەرچی بواری رێگاوبانیشە وەک راپۆرتەکە دەڵێ " لە ساڵی 2007 کۆمپانیا تورکییەکان بایی 90ملیۆن دۆلار رێگاو بایی 220ملیۆن دۆلاریش پردیان دروستکردووە". لەماوەی پێنج ساڵی رابردووا 2500 پڕۆژە تەواو کراون و 30تا 35هەزار کرێکار کاریان تێدا کردووە.

**28 کۆمپانیا لە کوردستان بەدوای نەوتدا دەگەڕێن**

بواری وەبەرهێنانی نەوتی یەکێکە لەو بوارانەی کە راپۆرتەکە زانیاری زۆر لە بارەیەوە پێشکێش دەکات، کە تاڕادەیەکی زۆر ئەو زانیاریانە بۆ راگەیاندنی کوردستان و هاووڵاتیان شتی تازەن و تێیدا هاتووە" لە نێوان ساڵانی 2003و 2006هەردوو ئیدارەی پارتی و یەکێتی 6گرێبەستیان لەگەڵ

دەقی ئەو ڕاپۆرتە
لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
WWW.RUDAW.NET

کۆمپانیا بیانیەکان مۆرکردووە، لە ساڵی 2007دا لەبواری نەوت 17کۆمپانیا گرێبەستی نەوتیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم مۆر کردووە وسێ کۆمپانیاش لە ساڵی 2008، ژمارەی کۆمپانیاکانیش کە بۆ گەڕان بەدوای نەوتدا کار دەکەن گەیشتە 28کۆمپانیا، 90%ی ئیمتیازەکان بۆ حکومەتە و 10%ی بۆ بەڵێندەرەکەیە" .راپۆرتەکە دوو کۆمپانیای کوردستان بەناوەکانی KEPCOکۆمپانیای بەدواداگەڕان و بەرهەمهێنانی کوردستان و کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی کوردستان، بەشدارن لەو گرێبەستانەدا.

وەک لە راپۆرتەکەدا هاتووە کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی کۆریا زۆرترین پشکی هەیە و، راپۆرتەکە ژمارەیەکی سەرنج راکێش لەبارەی یەدەگی نەوتی خاوی دەرنەهێندراو لە هەرێمی کوردستاندا، دەخاتەڕوو و دەڵێ نەوتی یەدەگ لە هەرێمی کوردستان "45ملیار بەرمیلە و هاوشانی یەدەگی نەوتی نایجیریا و لیبیایە"، کە دوو دەوڵەتی گرنگی نەوتین لە جیهاندا.

**رۆژانە 20 هەزار بەرمیل نەوت لە تەقتەق بەرهەمدەهێندرێ**

بەپێی راپۆرتەکە یەدەگی غازی سروشتی سەلمێنراو و نەسەلمێنراویش لە هەرێمی کوردستان خۆی لە 82تریلیۆن پێ سێجا دەدات.

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا، ئاماژە بە بەرهەمی بیرە نەوتەکانی کوردستان کراوەو، بە گوێرەی زانیارییەکانی ئەو راپۆرتە ئەمریکییە، پاڵاوگەی تەقتەق رۆژانە 20هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت و، 250 کارمەندی نێوخۆیی لە کێڵگەی تۆپۆکۆی تەقتەق 250 کار دەکەن "ئەوان دەتوانن رۆژانە 40تا 50هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم بێنن" .هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە وا پێشبینی دەکرێ کە یەک ملیار بەرمیل نەوت لەو بیرە نەوتەی

**82**
**تریلیۆن پێ سێجا یەدەگی گازی سروشتی هەیە**

ناوچەی تەقتەق دا هەبێت.

وەک لەو راپۆرتە ئەمریکییەدا هاتووە، خزمەتگوزارییەکانی کەرتی پیشەسازی نەوت 11هەزار تا 13هەزار دەرفەتی کار لە هەرێمی کوردستاندا دەرەخسێنێت. هەروەک راپۆرتەکە ئاماژەی بۆ دەکات یەکەمین جار یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی 2003 گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای پێت ئۆیل مۆر کرد، دواتر چەند کۆمپانیایەک هاتنە پاڵی. لەساڵی 2004یەکێتی گرێبەستی لەگەڵ جێنیۆم پێترۆلییەم بەست "لەساڵی 2007حکومەتی هەرێمی کوردستان 49 بەڵیننامەی ریزبەند کرد، لەوانە سێ یەکە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان مۆر کراون و چواریشیان بە ئاشکرا جاڕنەدراون".

راپۆرتەکە ئەوەشی ئاشکرا دەکات کە کۆمپانیای ریلانسی نەوتی بڕی 5تا 17ملیۆن دۆلاری، وەک پاداشت و شیرینی بۆ مۆرکردنی گرێبەستەکان تەرخانکردووە. کە ئەوەش شتێکی ئاساییە لە مۆرکردنی گرێبەستە نەوتییەکاندا.

**کولتووری گەشتووگوزار لە کوردستان نییە**

راپۆرتی USAID داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات هانی دانانی پرۆگرامی کۆمپیوتەری بدات بەزمانی کوردی.

کەرتی گەشتوگوزاریش بە کەرتێکی زیندوو بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان دادەنێ، وێڕای چەندین پێشنیار و راسپاردە، چەند رەخنەیەکیشی لەو بوارەدا خستووەتە پێش چاو، لەوانەش نەبوونی کولتوری گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان. راپۆرتەکە رەخنەی لە زۆری خاڵەکانی پشکنین و ئامادەیی ئاسایش لە هەموو شوێنێک گرتووە، کە بوونیان لە مێوانخانەکان وایکردووە لێشاوی ئاسایی هاتنی گەشتیاران سنووردار بێت.

بڕی پارەی بازرگانی دەرەکی لە نێوان 5تا 5،5ملیار دۆلاردایە. لەبارەی کەرتی بازرگانیش بە پێی راپۆرتەکە تورکیا گەورەترین هاوبەشی بازرگانی دەرەکی هەرێمی کوردستانە، بەرپرسانی تورکیا ئاشکرایان کردووە کە لەساڵی 2007دا تورکیا بایی2.8تا 8.3ملیار دۆلار کەلوپەلی ناردووەتە عێراق. وەزیری دەوڵەتی تورکیا بۆ بازرگانی پێیوایە بازرگانی دوولایەنەی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان 3.5ملیار دۆلار بووە، لەساڵی 2008 شەش ملیار بووە و لەساڵی 2009 دەگاتە 10ملیار دۆلار.

ئێرانیش بە پلەی دووەم دێت لەو بازرگانی کردنە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا و، لە ساڵی 2007 بایی 2.8ملیار دۆلار کەلوپەلی ناردووەتە عێراق، کە 1ملیاری دۆلاری بۆ بازرگانی لە سنووری هەرێمی کوردستاندا بووە. هەناردەکانی هەرێمی کوردستانیش بۆ ئێران تەنیا 5%ی چالاکیی بازرگانییەکەی نێوان هەردوولا بووە، کە زۆربەی بریتی بووە لە ناردنە دەرەوەی ئەلکحول و جگەرە، ئەوانیش لە تورکیاوە دێن و دەنێردرێنە ئێران.

**سەیرە لە ساڵی رابردوو هیچ بەرپرسێک لەسەر گەندەڵی نەدراوەتە دادگا**

USAID لەو راپۆرتەدا رەخنە لە حکومەت دەگرێ کە لەلایەکەوە چاوی لە هێنانی وەبەرهێنی بیانییە و لەلایەکی دیکەشەوە بە خۆی کارەکان ئەنجامدەدات. راپۆرتەکە دەڵێ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێ سەرنجی وەبەرهێنەرانی بیانی رابکێشێت "بەڵام خۆی گەورەترین خاوەن کاری هەرێمە،

**نەبوونی بەڕێوبەر و تەکنیکارو پسپۆر و ئەندازیاری شارەزا و بە ئەزموون هۆکارێکی دیکەی سستی ئابووری هەرێمی کوردستانە**

ئەمەش کۆسپ و تەگەرە دەخاتە بەردەم پێشکەوتنی". لە ساڵی 2007وەبەرهێنانی تایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا بایی 7.6بلیۆن دۆلاری ئەمریکی بووە، کە رێژەی وەبەرهێنانی ئەمریکا لەو هەرێمەدا 2%یە.

**بانکەکانی کوردستانیش متمانەیان بە یەکتر نییە**

راپۆرتەکە، بەبایەخەوە باسی نەبوونی متمانە بە وەبەرهێنان لە کوردستان دەکات، بە گوێرەی راپۆرتەکە وەبەرهێنەرە فرەرەگەزەکان پێویستی بە ئاماری ئابووری بنچینەیی هەیە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن ئاخۆ کارکردن لە هەرێمی کوردستان ئەوەندە دەهێنێ خۆیان بخەنە مەترسییەوە؟ هەروەها ئاماژە بە بوونی "گەندەڵی"ش لە هەرێمی کوردستان دەدات،وەک بەربەستێکی گەورەی بەردەم وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان. راپۆرتەکە داوادەکات بە "ئاشکرا و توندی شەڕی گەندەڵی نێو حکومەت بکرێت و داهات و خەرجییەکانی حکومەت ئاشکرا بکرێن". USAID بە سەرسوڕمانەوە لەوە دەڕوانێ کە "لەساڵی رابردوودا هیچ بەرپرسێکی حکومی بەگەندەڵی تۆمەتبار نەکراوە و نەدراوەتە دادگا".

راپۆرتەکە لە چەندین، پەرەگرافدا ئاماژە بە لاوازی سیستەمی بانکی هەرێمی کوردستان دەکات، کە بە دڵی ئابووری دادەنرێ و راپۆرتەکە لەبارەی رەوشی بانکەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێ " لە هەرێمی کوردستان نەک پارەدانەران متمانەیان بە بانک نییە، بەڵکو خودی بانکەکانیش متمانەیان بەیەکدی نییە".

# پێشینەی خانووبەرە لە ساڵی داهاتوو بەردەوام دەبێ

**ڕووداو-هەولێر، سلێمانی**

هەردوو وەزارەتی دارایی و هەرێم بۆکاروباری دارایی، یەک ڕێنمایی بۆ پێدانی پێشینەی‌خانووبەرە لەپارێزگاکانی‌کوردستان دەردەکەن، بەڵام لەهەولێرو سلێمانی بەدوو شێوازی جیا ڕێنماییەکان جێبەجێ دەکرێن، ساڵی ئاییندەش پێشینەی خانووبەرە بەردەوام دەبێت.

بەپێی ڕێنماییەکانی هەولێر هەر زەوییەک رووبەرەکەی لە 200 مەتر کەمتر بێ، بێبەش دەبێ لەپێدانی پێشینەی خانوبەرە، بەڵام لەسلێمانی ئەو هاووڵاتییانەی زەوی 100 مەتریشیان هەیە، دەتوانن سوودمەند بن پێشینەی خانوبەرە.

سەباحەت مەجید، بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرەی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێشنیەی خانووبەرە نادرێتە ئەو زەوییەی رووبەرەکەی لە 200 مەتر کەمتر بێ"، هەروەها ڕاشیگەیاند کە "ساڵی ئایندەش پێشینەی خانووبەرە دەدرێت و بودجەی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە".

بەپێی زانیاری (ڕووداو) لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری دانی پێشینەی خانوبەرە تاوەکو ئێستا لەهەولێر تەنیا 300 کەس ئەو پێشینەیەی وەرگرتووەو 200 کەسی دیکەش مامەڵەکانیان لەژێر وردبینی کردن دایە.

بەپێچەوانەی هەولێرەوە، پێدانی پێشینەی خانووبەرە لەسلێمانی گوڕوتینێکی زیاتری هەیەو ژمارەیەکی زۆرتری هاووڵاتیانیش سودمەندبوون لەپێدانی ئەم پێشینە. بەپێی ئامارەکانی‌بەڕێوەبەرایەتی‌بانکی‌خانووبەرەی سلێمانی، زیاتر لە 6 هەزار هاووڵاتی مامەڵەی وەرگرتنی پێشینەی خانوبەرەیان کردووەو نزیکەی 2 هەزار مامەڵە پشکنینی بۆ کراوەو زیاتر لە 1000مامەڵەش چەکی وەرگرتنی پارەیان بۆکراوە.

گەلاوێژ عەلی، بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرەی سلێمانی، روونیکردەوە کە ئەوان لاریان نییە، لەپێدانی پێشینەکە بەزەوی 100مەتری "ئەو کەسەی زەوی 100مەتری هەیە لەسلێمانی دەتوانێت پێشینەی خانوبەرە وەربگرێت، خۆی لەبڕیاری پێشینەی خانوبەرەدا باسی مەتر نەکراوە، تەنیا دەبێت زەویەکە مۆڵەتی دروستکردنی بینای هەبێت".

تائێستا هاووڵاتیانی پارێزگای هەولێر، زانیاری تەواویان نییە، لەبارەی ئەوەی کە لەسلێمانی پێشینەی خانووبەرە دەدرێتە زەوی 100مەتری و لەهەولێر نادرێت.

یونس عوسمان، خاوەنی زەوییەکی 125 مەترییە لەگەڕەکی گەلاوێژی سەر ڕێگای هەولێر- بنەسڵاوە، گوتی "ئەگەر لەسلێمانی بدرێت پێویستە پارێزگای هەولێریش هەوڵێک بۆ ئێمە بدات، ئێستا ئەگەر سولفەی عەقارم بدرێتێ، هەر چۆن بێت خانووەکە دروست دەکەم و لەکرێچییەتی رزگارم دەبێت".

پەرلەمانی کوردستانیش نیگەرانە بەوەی کە لەهەولێر و سلێمانیدا دوو بڕیاری جیاواز هەیە لەپێدانی پێشینەی خانووبەرەدا. زرار تاهیر، سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەپەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەردوو وەزارەتی دارایی هەولێر و سلێمانی یەک ڕێنماییان دەرکرد بۆ پێدانی پێشینەی خانووبەرە، بۆیە دەبێت هەردووکیشیان بەیەک سیستەم دابەشی بکەن".

ناوبراو گوتیشی "لەڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە هەوڵدەدەین قسە لەگەڵ حکومەتدا بکەین، بۆ ئەوەی لەهەولێریش پێشینەی خانووبەرە، زەوی 100مەتریش بگرێتەوە".





## عەبدوڵڵا دەمیرباش، ئەندامی سەرکردایەتی DTP:

# مام جەلال گوتی نەمگوتووە و ناڵێم با کورد دەنگ بدەنە حیزبەکەی ئەردۆغان

**عەبدوڵڵا دەمیرباش، لە سەرۆکایەتی شارەوانی سووری (کە سەر بە شارەوانی گەورەی ئامەدە) لەکار لادرا، لەبەرئەوەی لەماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا هەوڵیدا زمانی کوردی و ئەرمەنی و عەرەبی بەکاربێنێ، ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی DTPیە و، ئەندامی ئەو شاندەیDTP بوو کە سەردانی باشووری کوردستانی کرد.کە دوای ئەو سەردانە باسی بەستنی کۆنگرەیەک بۆ چارەسەری سیاسی کێشەی باکووری کوردستان و چەکدانانی PKK بووە رۆژەڤی سیاسی کورد. دەمیرباش لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) تەوەری باس و ئامانجەکانی سەردانەکەیان ڕوونده‌کاتەوە:**

**هەڤپەیڤین: هێمن خۆشناو**

## لەو باوەڕەدانیم عەبدوڵڵا گیول سەردانی هەولێر بکات

**رووداو: پەیامی سەرەکی سەردانەکەتان کە پێش سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی عەبدوڵڵا گیول کەوت چییە؟**

**دەمیرباش:** ئەو سەردانەی ئێمە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بەسەردانەکەی عەبدوڵڵا گیولەوە نەبوو. ئامانجی ئێمە لەو سەردانە پێشخستنی پەیوەندییەکان بوو لەگەڵ هێزەکانی باشووری کوردستان،راستە هەر پارچەیەکی کوردستان جیاوازی خۆی هەیە، بەڵام دەبێ پەیوەندییان هەبێ. لە گفتوگۆکانمان لە باشوور جەختمان لەسەر ئەوە کرد کە کێشەی کورد لە تورکیا کێشەیەکی سیاسی و نەتەوەییە، نەک کێشەی تیرۆریزم و ئاسایش،تەنیا کێشەی PKK نییە بەڵکو کێشەی نەتەوەیەکە و دەبێ بە شێوازی سیاسی چارەسەر بکرێ. لەو بارەشەوە بۆچوونی ئێمە و هێزەکانی باشووری کوردستان وەک یەک بوو.

## PKK و DTP هەریەکەیان سیاسەتی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام خاوەن یەک بنکەی جەماوەرین

**رووداو: ئەگەر عەبدوڵڵا گیول لەساڵی تازەدا سەردانی بەغدا بکات، لەو بڕوایەدای سەردانی هەولێریش بکات؟**

**دەمیرباش:** هیوادارین سەردانی هەولێر بکات و لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆببێتەوە، چونکە هەولێر پایتەختی هەرێمێکە کە بەدەستوور دامەزراوە و ناوی هەرێمی کوردستانە. بەڵام لەو باوەڕەدانیم سەردانی هەولێر بکات، چونکە تاوەکو ئێستا دانانن بە کورد و قەوارەی کوردی لە مێشکی تورکاندا جێگەی نەبووەتەوە. لە بەر ئەوە هاتنە هەولێر واتە دانانان بە کورد، بەگوێرەی لێکدانەوەی ئەوان ئەوە نابێ.

**رووداو: هەندێک ناوەندی سیاسی دەڵێن، گیول و ئەردۆغان بەهۆی دابەزینی ڕێژەی دەنگەکانی AKP لە باکووری کوردستان، خۆیان لە کوردانی باشوور نزیکدەکەنەوە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکان لە 2009/3/30 دا حیزبەکەیان دەنگی کورد بەدەستبێنێتەوە، رای ئێوە چییە؟**

**دەمیرباش:** ئێمە سیاسەتی AKP مان بۆ بەڕێزان مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی و کۆسرەت رەسوڵ روونکردەوە، ئەوانیش دژی سیاسەتی" یەک نەتەوە، یەک ئاڵا، یەک دەوڵەت"ن کە ئەردۆغان بانگەشەی بۆ دەکات. لەوانەیە ئەردۆغان بۆ ئەوەی دەنگی کورد بەدەستبێنێ پەیوەندی لەگەڵ باشوور ببەستێ، بەڵام کوردانی باشوور ناتوانن کار لە دەنگدەرانی باکووری کوردستان بکەن. لەکاتی دانیشتنمان لەگەڵ مام جەلال پرسیاری ئەوەمان لێکرد کە بەڕێزتان گوتبووتان با کوردی باکوور لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی خۆیان بدەنە AKP، بەڵام مام جەلال هیوای سەرکەوتنی بۆ DTP خواست و گوتی: مومکین نییە، شتێکی وا بڵێم و، هیچ شتێکی بەم شێوەیەشم نەگوتووە، چونکە من سەرۆک کۆماری وڵاتێکم، بۆم نییە دەست لە هەڵبژاردنی وڵاتێکی دیکە وەربدەم، مومکین نییە شتێکی وا بۆ کوردان بڵێم، جا چۆن بۆ AKPی دەڵێم.

**رووداو: هەندێک پسپۆڕی سیاسی دەڵێن لەوانەیە ئەمجارە AKP شارەوانی گەورەی ئامەد بباتەوە، ئایا ئێوە شتێکی وا بە نزیک دەبینن ؟**

**دەمیرباش:** نزیکەی ساڵێکە لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لە 2007/7/22، فێڵەکانی AKP بەرامبەر گەلی کورد و گەلانی ئاشتیخواز ئاشکرابووە، ئەمە تەنیا بۆچوونی ئێمە نییە، بەڵکو بۆچوونی رۆناکبیران و نووسەران و ئەکادیمیەکانیشە، لەبەر ئەوە پێشتگیری خۆیان لە AKP کێشایەوە، هەروەها پشتگیری کوردیشی نەما. چونکە ناڕاستگۆیی بۆ بەڵێنەکانی خۆی بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری و هەڵوەشاندنەوەی کەمالیزم و چەسپاندنی دیموکراسی بە جێنەهێنان. ئێستا رەوشی AKP لەتورکیا و هەرێمەکەمان زۆر خراپە. بەر لەدوو مانگ کۆمپانیای تارهان ئەردەم، کە بە گەورەترین کۆمپانیای راپرسی دەژمێردرێت لە تورکیا، راپرسییەکی ئەنجامدا و دەرکەوت لە ئامەد DTP بەگشتی 60%لە پێشەوەی AKP یە، تەنانەت ئەنجامدەری راپرسییەکە دەڵێ " ئەگەر AKP بەڕێز عوسمان بایدەمیریش بکاتە کاندیدی خۆی ناتوانێت لە ئامەد سەرکەوێت". ئەوانەی دەنگدەدەنە AKP زۆر کەمن و بەپێچەوانەشەوە دەنگدەرانی ئێمە روو لەزیادبوونن، هەندێک راپرسی دیکەی ئەم دواییەش نیشاندەدەن 34% ـە، تەنانەت لە ناوچە کوردنشینەکان ناتوانن کاندیدیش بۆخۆیان بدۆزنەوە، کەس خۆی بۆ AKP کاندید ناکات.

**رووداو: دەگوترێ AKP بۆ ئامەد هاشم هاشمی دەکاتە کاندیدی خۆی؟**

**دەمیرباش:** نەخێرهاشمی بەخۆی رایگەیاند ئەوە ناکات، هەروەها غالیب ئەنسار ئۆغلۆیان دەستنیشان کرد، ئەویش نەیکرد، هەروەها ئاڵتان تانیش بەهەمان شێوە ئەو داواکاریەی رەتکردەوە. لەشارەوانی سوور من خۆم کاندید کردووە، لەو باوەڕەدام بەرێژەیەکی گەورە پێشدەکەوین، هیوادارین لە هەرێمەکە زیاتر لە 100 شارەوانی بەدەستبێنین. لە هەرێمە جیاوازەکاندا، لەسەر گەندەڵی و کاری نایاسایی کردن لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵ شارەدارییەکانی AKP هەیە، یەک لەوانەش شارەوانی سێرتە.

**رووداو: رۆژنامەکان بڵاویانکردەوە کە ئێوە لەیلا زانا دەکەنە پاڵێوراوی خۆتان بۆ سەرۆک شارەوانی ئامەد، ئەوە راستە ؟**

**دەمیرباش:** دەمانەوێ خەتیب دیجلە و لەیلا زانا بکەینە پاڵێوراوی وان یان باتمان، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەمە رون نەبووەتەوە چونکە هەردووکیان دەڵێن ئێمە خۆمان نا پاڵێوین. بۆ ئامەد تاوەکو ئێستا تەنیا عوسمان بایدەمیر ئامادەیی خۆی نیشانداوە، سەلیم ساداکیش بۆ سێرت.

**رووداو: بەردەوام رەخنەی ئەوە لە DTPدەگیرێت، کە بەبێ PKK ناتوانێت هیچ بڕیارێک بدات،ئایا ئەوە راستە؟**

**دەمیرباش:** ئەوە راست نییە، DTP و PKK هەریەکەیان سیاسەتی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام هەردووکیان خاوەن یەک بنکەی جەماوەرین و دەربارەی هەندێک مەسەلەش خاوەن بۆچوونێکی هاوبەشن، لەبەر ئەوەDTP و PKK هەرچەند لەیەکتر جیاوازیش بن، لەوانەیە لەهەندێک بواردا هاوبیربن، لەناو DTP تەنیا هەوادارنی PKK نین، بەڵکو هەموو کەس هەن.

**رووداو: لێک نزیکبوونەوەی تورکیا و هەرێمی کوردستان، دەبێتە یارمەتیدەری چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان، یاخود پێتانوایە ئەو کێشەیە تەنیا بە گفتوگۆی راستەوخۆ لەگەڵ PKK چارەسەر دەبێت؟**

**دەمیرباش:** کێشەی کورد کێشەی نەتەوەیەکە، لە هەرچوار پارچەی کوردستان، سەرەڕای جیاوازیەکانیشیان، بەڵام کێشەی کورد بەیەکێتی کورد چارەسەر دەکرێت، هیچ پارچەیەک ناتوانن بە تەنیا کێشەکانیان چارەسەربکەن، پێویستە پشتگیری یەکتربکەن بۆ چارەسەری. هەرچەند یەکێتی کورد پتەوتربێت، گەیشتنەچارەسەریش ئەوەندە نزیکدەبێتەوە.

## ئەگەر چارەسەری سیاسی بێتە ئاراوە چەک هیچ مانەیەکی نامێنێ

**رووداو: هەندێک جارهەندێک لە بەرپرسانی DTP لێدوانی توند دژی یەکێتی و پارتی دەدەن، بۆنموونە سە لا حە د ین دەمیرتاش لەهەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی (زەمان)ی تورکی دەڵێت ئەوانەی باشوور دەرەبەگن ئێمە لەوان جیاوازین، بۆ ئەمە چی دەڵێن؟**

**دەمیرباش:** پێویستە بە زمانێکی بونیادنەرانە سەیری یەکتر بکەین، رەخنەی ئەو هەڤاڵانە بۆ شکاندن نییە، بەڵکو بۆ پێشکەوتنی باشووری کوردستانە و، پێویستە بەم شێوەیە هەڵبسەنگێندرێن. ئەگەر هەڤاڵەکانمان رەخنەی بەم جۆرەشیان گرتبێت نیازیان شتێکی خراپ نییە. هەموو کەس ئازادە لە دەربڕینی بۆچوونی تایبەتی خۆی، بەڵام ئێمە وەک DTPدەڵێین هەرچەند پەیوەندیمان لەگەڵ پارتەکانی باشوور باشتر بێت، بۆ پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد باشە. پێشکەوتنی کۆمەڵگەی باشوور پێشکەوتنی تەواوی کوردە، بەپێچەوانەشەوە.

**رووداو: چۆن دەڕواننە پرۆژەی ئەمرە تەنەر سەرۆکی میت، کە دەخوازێت PKK لە چیاکان بێنێتە خوارەوە؟**

**دەمیرباش:** پێموایە تاوەکو کێشەی کورد چارەسەرنەبێت، بۆ چارەسەرکردنیش پرۆژە نەهێنە ئاراوە، کۆتایی بە چەکداری نایێت. ئەگەر PKK یش کۆتایی پێ بێت، کێشەی کورد کۆتایی پێنایێت، لەبەر ئەوە ئەو شتانە چارەسەر نین، بەڵکو چارەسەری لە پرۆژەی دیموکراسی و ئاشتی و سیاسیدایە، بە تاقیکردنەوەش دەرکەوت ئۆپەراسیۆن چارەسەر نییە. پێموایە کاری هەرەباش دانانە بەمافەکانی کورد لەچوارچێوەی یەکێتی تورکیادا. ئەگەر چارەسەرێکی وابکرێت، ئەو کات هەربەخۆ واتای چەک نامێنێت. ئەگەر دەخوازن چارەسەری بدۆزنەوە بابێن ئەو پرۆژانە ئاشکرابکەین و گفتوگۆیان لەسەر بکەین. لەسەدەی بیست و یەکەمین جێگا بۆ چەک نەماوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەمڕۆ رۆژگاری چارەسەری سیاسی و دیموکراسیانەیە، ئەمەش بە یەکێتی کورد بەدیدێت.

**رووداو: ئایا ئێوە وەکو DTP دەخوازن ببنە بەشێک لەو پرۆژەیە؟**

**دەمیرباش:** ئێمە وەکو DTP پرۆژەیەکمان راگەیاندووە کە داوای ئۆتۆنۆمی بۆ باکووری کوردستان دەکات لە چوارچێوەی یەکێتی تورکیادا.

**رووداو: واتە ئێوە پرۆژەی ئەمرە تەنەر رەتدەکەنەوە؟**

**دەمیرباش:** ئێمە لەسەر پرۆژەی خۆمان رادەوەستین نەک پرۆژەیەکی دیکە،دەکرێ لایەنێکیتر پرۆژەیەکی جیاوازی هەبێت.

**رووداو: لە باشووری کوردستان بە ئامانجی راگرتنی شەڕ چ پێشنیارێکتان پێشکەش کرد؟**

**دەمیرباش:** خاڵی هەرە گرنگ ئەوەبوو کە کێشەی کورد بەیەکێتی کورد ئاسانتر چارەسەر دەبێت و،شەڕ ڕێگەی چارەسەری نییە، بەڵکو چارەسەری لەپرۆژەیەکی سیاسیدایە، بۆ ئەمەش پەیوەندی و دیالۆگ پێویستە. هێزە نێودەوڵەتییەکانیش وەک ئەمەریکا و ئەوروپا خوازیارن ئاشتی بچەسپێت، لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و،کێشەکان بە ڕێگەی دیموکراسیانە چارەسەر بکرێن. لەسەدەی بیست و یەکەمدا چارەسەری چەکداری جێگای نییە، ئیتر چارە براکوژی نییە، هەموو هێزەکانی کورد دەڵێن ئیتر ئێمە یەکتر ناکوژین، بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی هەروەها ئێمە و کاک نێچیرڤانیش جەخت لەسەر ئەمە دەکەینەوە، کە قسە بەیەکتر گوتن و شەڕکردن لەگەڵ یەکتر هێڵی سوورە بۆ ئێمە،هەروەها ئێمە برای یەکترین، یەکێتیمان پتەوتردەکەین و بەیەکەوە بەدوای چارەسەری دا دەگەڕێین.

**رووداو: ئایا بەڕێوەبەرایەتی باشوور خوازیاری ئەوەیە PKK دەستبەرداری چەک بێت؟**

**دەمیرباش:** ئەوانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە ئەو کێشەیە بە ڕێگە چارەی سیاسی چارەسەربکرێت.

**رووداو: نووسەر یاسەمین چونگار لە رۆژنامەی (تەرەف) ی تورکی، نووسیویەتی دەستبەرداربوونی PKK لەژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێت، ئایا لایەنە نێونەتەوەییەکان لەمە ئاگادارن؟**

**دەمیرباش:** ئێمە ئاگادارنین،بەڵام دووبارەی دەکەمەوە کێشەکە دەستبەرداربوونی چەک نییە، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە بۆچی مرۆڤەکان پەنایان بۆ چەک بردووە، بۆ ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی، بۆ ناسنامە و زمان و کلتووری کورد، ئەگەر پرۆژەی لەسەر ئەو بنەمایانە دروست بێن، ئەو کات چەک واتای نامێنێت.

**رووداو: لەسەردانتان بۆ باشووری کوردستان بۆنی بەرپابوونی شەڕێکی ناوخۆیتان کرد یان پتەوبوونی یەکێتی کورد؟**

**دەمیرباش:** بەدڵخۆشییەوە ئەو پەیامەمان وەرگرت کە کورد زیاتر لە رابردوو حەز لە یەکێتی دەکەن و، حەز لەشەڕ ناکەن.

**رووداو: ئێوە لە هەڵوێستەکانتان دا زۆر تووندن لە دژی AKP، لەکاتێکدا هەندێک کورد پێیانوایە ئەمە راست نییە، چونکە ئەگەر پارتەکانی دیکە جێگای AKP بگرنەوە رەوشەکە بەرەو خراپی دەڕوات؟**

**دەمیرباش:** ئێمە دەڵێین رووی رەشی AKP ئاشکرابووە، AKP وسوپا یەکیان گرتووە، بۆ ئەمەش هەوڵدەدەن چارەسەری دیموکراسی نەگرنەبەر، هەوڵدەدات جارێکیتر پەرە بەشەڕ بدات، بۆ ئەوەش دەخوازێت لە دژی گەلی کورد شەڕبکات، گەلی کوردیش لەباکووری کوردستان ناخوازێت ئەو کارە بکات، واتە گەلی کورد وەکو رابردوو دەنگ بۆ AKP نادات، AKP لەهەوڵی بەجێکردنی پلانێکدایە، هەوڵدەدات دەنگی کورد بەدەست بێنێت، پاشانیش وەکو لۆزان بڵێت کورد بوونی نییە، بەڵام لەمەولا کورد ناخافڵێندرێن. سەرۆک وەزیر ئەردۆغان لە ساڵی 2005 گوتی کێشەی کورد کێشەی منە، ئەز دەخوازم ئەو کێشەیە چارەسەر بکەم، بەڵام ئەمڕۆ گەیشتووەتە قۆناغێک دەڵێت (یەک نەتەوە یەک زمان یەک ئاڵا)، (ئەوەی ئەم وڵاتە و ئاڵاکەی خۆشناوێت بابڕوات )، گەلی کوردیش ئەمە پەسند ناکات، ئێمە دەڵێین کاتێک تورک هاتنە ئانادۆڵ، کورد لەوێ بوون، کورد میوانداریيان لە تورک کرد بۆ برایەتی و ئاشتی و یەکێتی گەلان.

## پێویستە هۆکارەکانی چەک هەڵگرتن چارەسەر بکرێن

**رووداو: ئایا زەمینە بۆ کوردانی باکوور رەخساوە، بەبێ بوونی گەریلا بتوانن پەرە بەسەرکەوتن بدەن؟**

**دەمیرباش:** پێویستە کۆتایی بەشەڕبێت، بەڵام لەهەمانکاتدا پێویستە هۆکارەکانی پەنابردن بۆ چەک نەمێنن، ئەگەر ئەو هۆکارانە بمێنن جارێکیتر پەنا دەبرێتەوە بۆ چەک، لەبەرئەوە تاوەکو ئێستا رەوشی دیموکراسی لە تورکیا بەباشی نابینین.

**رووداو: لە سەردانەکەتاندا چ پەیامێکتان لە سەرۆکی هەرێم و سەرک کۆماری عێراق و بەناڕاستەخۆش لە ئەمریکا وەرگرت؟**

**دەمیرباش:** یەکەم پەیام ئەوەبوو کە پێویستە کێشەی کورد بە ڕێگەی سیاسی چارەسەر بکرێت، پێویستە ئەمریکا و ئەوروپا کاریگەری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکەن و رێگای دیموکراسی بکرێتەوە، ئێمەش لەمە زۆر مەمنون بووین.

**رووداو: ئایا ئەو پەیامە پەیوەست بوو بە چەک دانانی PKK؟**

**دەمیرباش:** ئەمە دوارۆژ دیاردەبێت، بەو هیوایەم کێشەی کورد چارەسەر بکرێت، ئەوکاتیش PKK دەستبەرداری چەک ببێت.

**رووداو: ئێوە وەکو شاندی DTP چ داواکاریەکتان لە کوردستان و عێراق و ئەمەریکا کرد؟**

**دەمیرباش:** ئێمە داوامان کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد یەکیەتی کورد بێتە کایەوە.

**رووداو: لەباکووری کوردستان هەڵمەتێک بۆ خوێندنی زمانی کوردی دەستی پێکرد، بەڵام نەگەیشتە پەرلەمانی تورکیا بۆچی؟**

**دەمیرباش:** لەم رۆژانەی دواییدا هەڤاڵانمان لە پەرلەمان جەختیان لەو مەسەلەیە کردەوە، ئەوەیان هێنایە زمان، بەڵام تاوەکو ئێستا دەوڵەتی تورکیا دەڵێت ئێمە نازانین ئەو زمانە چییە. لەم رۆژانەدا عوسمان ئۆزچەلیک لە پەرلەمانی تورکیا بە کوردی قسەی کرد، بۆ پیرۆزبایی جەژنی قوربان داوەتنامەیەکی بە پۆستی پەرلەمان دایە سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام ئەفسەرەکەی پۆلیس لە پەرلەمان کە کارتەکەی وەرگرتبوو گوتبووی عوسمان ئۆزچەلیک بەزمانێک قسەی کردووە کە تێیناگەم، واتە هێشتا دەوڵەتی تورکیا دان بە زمانی کورد دانانێت. لەلایەک پەخشی کوردی لە تەلەڤزیۆنی دەوڵەتدا دادەنێ، لەلایەکی دیکەش لەپەرلەمانی خۆی دەڵێت ئەو زمانە ناناسم، ئەمەش دووڕووییە.



عەبدوڵڵا دەمیرباش دەڵێ DTP هیوادارە لە هەڵبژاردنەکانی 2009/3/30 دا زیاتر لە 100 شارەوانی بەدەستبێنێ (فۆتۆ:DIHA)

هونەر



## بڵند و دلێر بەیەکەوە



ڕووداو- هەولێر

◆ بۆ یەکەمجار هەردوو هونەرمەند بڵند ئیبراهیم و دلێر عەبدولقادر بەیەکەوە ئاهەنگێک لەشاری هەولێر ساز دەکەن. سەرچاوەیەک نزیک لەو دوو هونەرمەندە بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوە یەکەمجارە ئەم دوو هونەرمەندە پێکەوە کۆنسێرت سازبکەن. ئەو کۆنسێرتەش بە بۆنەی ئاهەنگی سەری ساڵی تازە لە هۆڵی ئاشتی لەشاری هەولێر سازدەکرێت.

## بەیتۆجان داوای 1ملیۆن و 500 هەزار دۆلار لە ئیبراهیم تاتڵس دەکات

# "ئێستاش لە تورکان دەترسێم"



بەیتۆجان دەڵێ بە منداڵی دەچووە تەکیەی باوکی، بەڵام نەیدەزانی مەسەلە چییە (فۆتۆ: ڕووداو)

**تایبەت بە ڕووداو**

بەیتۆجان، بەهۆی گۆرانییەکانی بووەتە ناوێکی ئاشنا بۆ کوردانی باشووری کوردستان، لە فیستیڤاڵی خەڵاتکردنی لاوی ساڵ لە هەولێر، چەندین گەنج هاواریان کرد"بەیتۆجان ئەزقوربان" .ئەویش کە یەکەمجارە کوردستانی ئازاد دەبینێ دەڵێ " ئێستا کە کوردستانی ئازاد دەبینم مووی لاشەم هەڵدەستن، هێندە پێی دڵخۆشم" .بۆیەش دوای 25 ساڵ ژیان لە سوێد و نەبینینی کوردستان دەڵێ "ئەزیش دەخوازم بێم لێرە بژیم" .

بەدەنگێکی نزم قسەدەکات، ئەو ئێستاش لە تورکان دەترسێ و ڕۆژی لە دایکبوونی خۆی نازانێت " لە دایکی خۆم پرسی چ ڕۆژێک لە دایکبووم، گوتی وەڵڵا ئەو ڕۆژە بەفر دەهات" .بەپێی تۆماری دەوڵەتی تورکیا ئەو لە ساڵی 1955 لە ئامەد (دیاربەکر) لەدایکبووە،دەڵێ لەسەردەمی ئەوان لە جیاتی ڕۆژبووین، تورک منداڵانی کوردیان لەژێر کۆدێکدا تۆماردەکردن بۆ ئەوەی بناسرێنەوە کە کوردن ئەگەر ناوی خۆشیان بگۆڕن.

شێخ زادەی باوکی بەیتۆجان، خاوەن تەکییەکی گەرمی قادری بوو "ئەویش لە سیستەمی ترکان دەترسا، چەند شێخ بەهۆی داواکردنی مافی کورد بەدارەوە کران" .

بەیتۆجان، دەڵێ ئەو و برا گەورەکەشی بە عەرەبانەکەیانەوە دەچوونە ناو موریدان " ئەوکات نەماندەزانی مەسەلە چییە، بەڵام ژینگەی ئەوکات زۆر کاریگەری بەسەر هونەری منەوە هەیە"، شێوازی زیکرو چەند هەڵبەستێکی ئەو دەروێشانە لەوانەش شیعرێکی باوکی هاشم هاشمی پەرلەمانتاری پێشووی دیاربەکر، لە نێو گۆرانییەکانی بەیتۆجاندایە. ئەو لە بارەی ژمارەی موریدەکانی باوکییەوە دەڵێ " کار لە زۆربوون نەبوو، والی و قایمقامیش دەهاتنە تەکیەی باوکم" .

باوکی بەیتۆجان،دوای دەوروبەری 100 ساڵ ژیان، لەساڵی 1985 کۆچی دوایی کرد، دوای ئەو ڕێگەی گۆرانی گوتنی بۆ کرایەوە، چونکە وەک ئەوە دەڵێ بەهۆی باوکییەوە "ساز بۆ من حەرام بوو، تۆپانێ کردن حەرام بوو، پایسکل هاژۆتن حەرامبوو. لەنێو هەبوونیدا من لە نەبوونیدا دەژیام . بۆیە ئێستاش یەک شت لەوانە نازانم" .بەڵام ئەو ئێستا وادەبینێ بنەماڵەکەی خۆیشی بە هونەرەکەی خۆی گۆڕیوە "ئێستا شانازیم پێوە دەکەن، بۆنمونە دایکم دەڵێ ئەز دایکی بەیتۆ جانم، خوشک و براکانم دەڵێن ئێمە خوشک و برای بەیتۆجانین . من ئەوانیشم گۆڕیوە" .

بەیتۆ جان، دوای کودەتای 11ی ئەیلولی 1980 بەهۆی کارکردن لە بواری هونەری کوردی دا شەش ساڵ و پێنج مانگ و سێ ڕۆژ زیندانیکرا " ئەوکات کارکردن بۆ هونەری کوردی و گۆرانی گوتن بە کوردی تاوان بوو" .دوای ئەوەی لە زیندان دەردەکەوێ و باوکی کۆچی دوایی دەکات، لەبەر ئەوەی برادەرەکانی پێیاندەگوت مادام هەر لە بواری هونەردا کار دەکەی گۆرانیش بڵێ، ئەویش بەوشێوەیە دەست پێدەکات و تا ئێستا چوار ئەلبوومی هەیە و، بەرهەمی پێنجەمیشی لەوانەیە لەو نەورۆزەدا بڵاوبکرێتەوە .



> ### حەز دەکەم لە باشووری کوردستان بژیم

بەیتۆجان، وەک هەمووکەسێکی دیکە کە ئەشکەنجەدراوە، لەلایەن پزیشکانی سوێد بۆ دڵنیابوون لە قسەکانی رووتکراوەتەوەو پشکێندراوە دەڵێ "ئێستاش شوێنەواری ئەشکەنجەدان بە لەشمەوەیە، ئێستاش لە تورکان دەترسم، ئەوەم لە تەلەڤزیۆنەکانیشدا گوتووە" .

بەیتۆجان دەڵێ، 25 ساڵە دەوڵەتی تورکیا ڕێگەی پێنادات بچێت سەردانی دیاربەکر و کەسوکاری بکات "بە برایەکی خۆم گوت باش ئەوەیە، ناو و پاشناوی خۆم بگۆڕم و بچم خوشک و دایکی خۆم ببینم، کە زۆریان کۆچی دواییان کردو نەمبینینەوە، بەڵام کاتێک دەچمە سەر شانۆ، دەزانم یەکسەر دێن دەمگرن" . هەر لەبەر ئەو دوورییە، هەستدەکەی وشەی گۆرانەیەکانی لەناو ناخی خۆیەوە دەردەچن، بەتایبەتیش کە گۆرانی دیاربەکر دەڵێ : دیاربەکر ماڵا من، تێدا دگری گولا من. بەیتۆ دەڵێ" زۆر حەسرەت دەکێشم، ئەز بە گۆرانییەکانم سڵاویان بۆ دەنێرم، ئاخ چیبکەم" .

ئەو بە گەنجێتی، برادەری ئیبراهیم تاتڵس بووە، بەڵام ئێستا بەیتۆ کەسێکی ئاوارە و بەلەنگازە و ئیبۆش هەمەکارەیە لە تورکیا . ئیبراهیم تاتڵس دوای ئەوەی هاتە هەولێر و گوتی " ئەز تورک کوڕی تورکم"، ئەوانەی لەبەر کوردبوون خۆشیان دەویست چیتر هەواداری نین. بەیتۆ دەڵێ ئەوکاتیش کوردی ئاخافتنی ئیبۆ باش نەبوو، ئێستاش نازانێ دایکی کوردە و باوکی عەرەبە یاخود بە پێچەوانەوەیە، بەڵام ئەوەی لێی دڵنیایە هیچ کام لە باوک و دایکی تورک نین.

"ئەوانەی دەڵێن ئێمە تورکین، هەموویان لە بنەڕەتدا یوگسلاڤ و بولگارن. هەموویان وەک کوڕی هاوڕێیەکی هونەرمەندی منن کە تەتەریوو و ناوی ئۆرهان جەنگەڤای بوو، کچێکی کوردی هێنا و کوڕێکی بوو" .گوتی ئەو کوڕە یەکێکە لەو ملیۆنان کەسەی دواتر دەڵێن ئێمە تورکین.

بەیتۆجان، ئێستا هیچ دۆستی گەنجیی خۆی خۆشناوێت چونکە پێیوایە " دۆست نابێ خیانەتت لێ بکات و لەپشتەوە خەنجەرت لێبدا"، هەروەها پێیوایە ئیبراهیم، بەهۆی دەرکەوتنی زۆر لە هونەرمەندانی باکووری کوردستان بۆ ئەوروپا، بە ئارەزووی خۆی بەربووەتە تاڵانکردنی هونەر و فۆلکلۆری کوردی، بەیتۆجان دەڵێ "پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ : پسیک نە ل ماڵە مشک عەقدرەحمانێ کالە- پشیلە لەماڵ نییە مشک عەبدولڕەحمانی ریش سپییە" .

یەکێک لە گۆرانییە نێودارەکانی بەیتۆجان (ئاگر کەتییە دلێ من)ە، کە تێکستەکەی هی خۆیەتی و ئاوازەکەی ئاوازێکی کۆنی کەرکوکە و لەساڵی 1988 ئەو گۆرانیەی گوتووە . بەیتۆ جان دەڵێ تا ئێستا 32 کەس ئەو گۆرانییەیان گوتووەتەوە" تەنیا گلەییم لە ئیبۆ هەیە و هیچم بەرامبەر 31 کەسەکەی دیکە نییە" . لەبەر ئەوەی ئیبۆ ناوی بەیتۆجانی لەسەر گۆرانییەکە نەنووسیوە، ئێستا لە ڕێگەی پارێزەرێکی خەڵکی فارقین کە نێوی یەحیایە سکاڵای لەدژی ئیبۆ تۆمارکردووە .بەیتۆجان دەڵێ "دەردی من و ئەو جیاوازە، چونکە ئەو هێشتا نەببووە تاتلیسەس ئێمە برادەری یەک بووین، کەچی ناوی منی لەسەر گۆرانییەکە نەنووسیوە" .

بەیتۆجان، لە سکاڵانامەکەیدا داوای 1 ملیۆن و 500 هەزار دۆلار لە ئیبراهیم تاتڵس دەکات " 500هەزار دۆلار لە خۆی داوا دەکەم، 500هەزار دۆلار لە کۆمپانیایەکەی، 500 هەزار دۆلاریش لەبەرئەوەی تێکستەکەی شێواندووە، چونکە من نەمگووتووە ئیبۆ دینە، ئەو لە خۆیەوە دایناوە" . ئەو دەڵێ پێنج ساڵە نەیهێشتووە بچێتە ئەوروپا و، دوایین جار لە دانیمارک پێش پێنج ساڵ هەڕەشەی لێکردووە و پێیگووتووە ئەگەر هەڵەکەت ڕاست ناکەیەوە "ئاگات لە خۆت بێ "، بەیتۆجان دەڵێ پێمگوت ئەگەر ناوی من ناوی بێ شەرەفی بێت، ناوێکی بێ ناموس بێت باشە نەینووسە . ئەو کاسێتەی بەخێری ئەو گۆرانییە دەفرۆشرێ، هیچی دیکەی تێدا نییە" .

بەیتۆجان، هەرچەندە سکاڵاکەشی تۆمارکردووە، بەڵام دڵنیاشە دادگاکەش ناباتەوە " لە تورکیا کەس بە ئیبۆ ناوێرێت. بە پارە دەتوانێ دەنگی هەموو کەسێک ببڕێت، هەروەها هونەری کوردی لە تورکیا بەپێی یاسا ناپارێزرێ " . بەڵام دووبارەی دەکاتەوە و دەڵێ " پێنج ساڵە ئەز ڕێی پێنادەم بێتە ئەوروپا، لێناگەڕێم" .

بەیتۆجان، ڕەوشی هونەری کوردی لەباکووری کوردستان باش نابینێ، لەبەرئەوەی لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگیری ناکرێ " ڕێگری زۆرن. ئەگەر تۆ سیدییەک دەربکەی و ئاڵای ئەوانی بخەیە سەر ئەوان پارەت پێدەدەن، بەڵام بۆ سیدی و بەرهەمی کوردی کەس نییە" .

تەواوی هەڤپەیڤینەکە لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
WWW.RUDAW.NET

بەیتۆجان، خۆی دەلەرزێنێ و چەقەنەیەک لێدەدا و پێدەکەنێ، بەو شێوەیە ڕەخنەی لە کلیپی هەندێ لە هونەرمەندانی باشووری کوردستان دەگرێ کە دەچنە تورکیا و چەند کچێک لەدەوری خۆیان کۆدەکەنەوە بۆیان هەڵپەڕن .

زەکەریا عەبدوڵڵاش، کە گۆرانی ئاگر کەتییە دلێ منی گوتووەتەوە، لەو سەردانەدا میوانداری بەیتۆجانی کرد. بەیتۆجان دەڵێ ئەو ڕەخنەیەی لە زەکەریاش گرت. بەیتۆجان دەڵێ " بالێرە دروستی بکەن، عەشقەکە بدەنە گەلەکەیان" .

ڕۆژی 2008/12/23 لەکاتی فیستیڤاڵی خەڵاتی لاوی ساڵ لە هۆڵی پێشەوا، لە هەولێر گەنجانی ئامادەبوو، بەتایبەتی باکوورییەکان بە چەپڵەو لەگەڵ گوتنەوە و خۆقوربانکردن بۆ بەیتۆجان، خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ بەیتۆجان نیشاندا، ئەویش لەو کۆمەڵە گۆرانییەی گوتی تەنیا یەک پارچە گۆرانی لەسەر شانۆ گوت، هەموو گۆرانییەکانی دیکەی لەنێو جەماوەردا گوتن، ئەوە یادگارییەکی خۆش لەلای ئەو بەجێدەهێڵێ کە یەکەمجارە کوردستانی ئازاد دەبینێ. بەیتۆجان، کە ئێستا لە خۆشیان بەنێو باشووری کوردستاندا دەگەڕێ مووی لاشەی هەڵدەستن دەڵێ " پێشبینی من ئەوەیە دوای پەنجا ساڵی دیکە، باشووری کوردستان دەبێتە بەهەشت" . بەڵام بۆئەوەی خۆشتر بێ وایدەبینێ کە پەیوەندی نێوان باکوور و باشوور گەرمتر بێ و سەرکردەکان یەکتریان خۆشبووێ، چونکە بەڕای ئەو هێشتا ئەو پەیوەندییە گەرمە نییە.

بەیتۆجان، دەڵێ "ئەزیش دەخوازم بێم لێرە بژیم .بەلای خۆمیان لێدەدەم .ئێرە وڵاتی منە، بۆچی ئێمەش نەهێینە ئێرە . من لەوێ لە زیندان دام" .

## شەوی سەری ساڵ، شەوی دەستکەوتی هونەرمەندان

# هونەرمەندانی عەرەب نانی هونەرمەندانی کورد دەبڕن



نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

**ڕووداو- هەولێرو سلێمانی**

دوو هەفتە پێش شەوی سەری ساڵی 2009، دیوارەکانی ناوبازاڕ و شاشەی تەلەڤزیۆنەکان پڕبوو لە ریکلامی ریستۆرانت و هۆڵەکانی شارەکانی کوردستان هەموویان بە خەڵک دەڵێن خۆشترین ئاهەنگ لای ئێمەیە . زۆر لەو ریکلامانە بە وێنەی ئەو هونەرمەندە عەرەبانە داپۆشراوە، کە لەبەغداوە دەهێنرێن بۆ داگیرکردنی مایکەکانی گۆرانی گوتن و هەرزانترین بلیتیش بە 35 هەزار دینارە .

چەند ساڵێکە شارەکانی کوردستان بەشێوەیەکی بەربڵاو ئاهەنگی سەری ساڵی تازەی زایینی دەگێڕێ، لاپەڕەی زۆربەی ڕۆژنامەکان و شاشەی تەلەڤزیۆنەکان ڕێکلامی ئەو ئاهەنگانەیە کە بەبۆنەی سەری ساڵ لەهۆڵ و هوتێلەکاندا ساز دەکرێن. بەو جۆرەش هونەرمەندان لەو ڕۆژەدا بازاڕیان گەرمە.



زیاتر لە 12 هۆڵ و ڕێستووڕانت لەناو شاری سلێمانی بەبۆنەی سەری ساڵەوە ئاهەنگ دەگێڕن و، زۆربەی ئەو هونەرمەندانەی ئاهەنگەکانیش بەڕێوە دەبەن لەشارەکانی دیکەی عێراق هێنراون. هەروەها لەشاری هەولێریش لەچەندین هۆڵ و ئوتێل ئاهەنگی خێزانی ساز دەکرێ. بەپێی ئەو ئامارانەی (ڕووداو) لەزۆربەی هۆڵەکانی سلێمانی دەستیکەوتووە، پێشبینی دەکرێت زیاتر لە 3000خێزان بلیتی ئەو ئاهەنگانە ببڕن و شەوارە بکەن بۆ شەوە ئاهەنگی کۆتایی هێنان بە 2008 و دەستپێکردنی 2009 .

میران محەممەد، بەرپرسی هۆڵی مۆنالیزا لە سلێمانی ئاشکرای کرد، کە بۆ ئاهەنگی شەوێک، 16 هەزار دۆلار دەدەنە گۆرانیبێژێکی بەغدا، هونەرمەندێکی کوردیش هێنانی هونەرمەندانی عەرەب بۆ کوردستان دەگرێتەوە بۆ "بێگانە پەرستی" جەماوەرو خاوەن هۆڵەکان.

بڵێسە محەممەد، خاوەنی هۆڵی بۆلینگ لەسلێمانی، کە پێنج هونەرمەندی عەرەب و دوو هونەرمەندی کوردییان بۆ سازکردنی ئاهەنگەکەیان بانگ کردووە، هێنانی هونەرمەندانی عەرەبی گێڕایەوە، بۆ کەمی ئەو پارەی وەریدەگرن، کە وەک هونەرمەندانی کورد داوای پارەی زۆر ناکەن "هەوڵمان زۆر لەگەڵ هونەرمەندانی کورد دا، بەڵام بەدەستەوە نەهاتن و ئەوانەی باش بوون دەستی ئێمە نەکەوتن". بڵێسە گوتیشی " عەرەبەکان لەگەڵت ڕێک دەکەون و زۆر داواناکەن" .

بەڵام میران محەممەد، بەپێچەوانەی ڕای بڵێسە محەممەدەوە، ڕەتیکرەوە کە داوەتکردنی هونەرمەندان لە بەغداوە لەبەر کەمی نرخەکانیان بێت "هونەرمەندە عەرەبەکانمان لە هونەرمەندانی کورد گرانتر هێناون" . مۆنالیزا کە بە چوار گۆرانیبێژی عەرەب و دوو کوردەوە ئاهەنگە خێزانییەکەی خۆی دەگێڕێت، هۆڵەکەشی بەکرێداوەتە چەند هاووڵاتییەکی عەرەب تا ئاهەنگەکە بەڕێوە ببەن.

هونەرمەند لوقمان سەلیم کە لەهۆڵی دەریا لەشاری سلێمانی هاوشانی چالاک ماملێ داوەتکراوە تا بە گۆرانی، دوا شەوی 2008بە یەکەمین ڕۆژی 2009ەوە گرێبدات، نەیتوانی نیگەرانی خۆی بشارێتەوە لەو لێشاوە گۆرانیبێژە عەرەبەی بۆ سەری ساڵ دەهێنرێنە کوردستان. لوقمان سەلیم گوتی"ئەوە دەگێڕمەوە بۆ کەمتەرخەمی جەماوەری کوردی، کە ئینتیمایان بۆ هونەرمەندی دەرەکی زیاترە " . ئەو زیاتر دەڵێ "بۆ عەرەبەکان بە بەستە پارە هەڵدەڕێژرێ و ئاهەنگەکانیش بوونەتە بێگانە پەرستی" .

لوقمان سەلیم بەدەر لەو نیگەرانییە، پێشیوایە کە عەرەبەکان لەو شەوەدا پارەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستان دەخەنە گیرفانییانەوە"ئەوان دەهێنرێن تا نانی هونەرمەندانی کورد بخۆن" .

بلیتی ئاهەنگەکانی گۆرانی و موزیک، لەهەرێمی کوردستان ساڵ لەدوای ساڵ هەڵدەکشێن و لەهەریەک لەهۆڵەکانی مۆنالیزاو ئوتێل خانزادی هەولێر بلیت بە 100 دۆلارە، لەهۆڵی ئۆسکار 75 هەزار دینارە، لەهۆڵی های ستی هەولێریش 50 هەزار دینارە، کەمترینیان بلیتی هۆڵی نۆبڵە لەشاری سلێمانی کە 30 دۆلارە .

فەرهاد فەرەج، کە هونەرمەندێکی بەغدایی‌و لەسلێمانی پالاس ئاهەنگ دەگێڕێت، گوتی"ئاهەنگێکی خۆش بۆ میوانانی سلێمانی پالاس دەگێڕین " . ئەو کەئامادە نەبوو ئەو پارەیە ئاشکرا بکات کە لەبەرامبەر بەشداریکردن لەو ئاهەنگەدا وەریدەگرێت، تەنها وتی " ئەوە ڕێککەوتنی نێوان خۆمان و هۆڵەکەیە" .

ڕێبوار ئەحمەد، تەمەن 24ساڵ، دەزانێ کە 75 هەزار دینار پارەیەکی زۆرە بیداتە بلیتی شەوێک بۆ گۆرانی و هەڵپەڕکێ، بەڵام بەوە دڵی خۆی دەداتەوە کە " لە هەموو ئەو ساڵەدا تەنها شەوێکە" . ڕێبوار دەڵێ "ئەمساڵ چەند گۆرانیبێژێکی عەرەب تامۆچێژێکی خۆشتر دەدەنە ئاهەنگەکان" .

ڕێژوانی تەمەن 22ساڵیش کە ئەوە سێیەمین ساڵ دەبێت لەگەڵ خێزانەکەیدا بەشداری ئاهەنگی سەری ساڵ بکات، لەو باوەڕەدایە کە ئاهەنگەکان ئەوە دەهێنن زیاتر لەو پارەشیان بۆ خەرجبکرێ، ئەو کە باری دارایی باشە گوتی "شەوێک تابەیانی بەگۆرانی و خواردن و هەڵپەڕکێ بەسەر بەریت ئەوە دەهێنێت پارەی بۆ خەرج بکەیت" .

ئەگەر زۆربەی هونەرمەندان لەپێناو دەستکەوتێکی دارایی بەشداری لەو ئاهەنگانەدا بکەن، هەندێ هونەرمەندیش هەن بەبێ بەرامبەر بەشداری بۆنەکانی سەری ساڵ دەکەن.

کەمال محەممەد، هونەرمەندی تاراوگەنشینی کورد، کە ئێستا بەمەبەستی ئامادەکردنی بەرهەمە تازەکەی گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی، لەهۆڵی ئۆسکار بەشداری ئاهەنگی سەری ساڵ دەکات، ئەو گوتی بۆ پارە بەشداری لەو ئاهەنگەدا ناکات و گوتی "کاتی خۆی ئەو هۆڵە لەکۆنسێرتێک هاوکارییان کردم و منیش بیست خولەک بەخۆڕایی گۆرانیان بۆ دەڵێم" .



لەشاری هەولێریش، هەریەک لە هوتێلەکانی خانزاد و شیراتۆن و هۆڵی های ستی، بەهاوبەشی گۆرانیبێژانی کوردو عەرەب ئاهەنگ ساز دەکەن. سەید قادر بەرزنجی خاوەنی هۆڵی های ستی دەڵێ " نەورۆز تیڤی ڕاستەوخۆ ئاهەنگەکەمان دەگوازێتەوە" . ئەو بەپێچەوانەی ڕای خەڵک، پێیوانییە کە سەری ساڵ ڕۆژی پارە پەیداکردنی هونەمەندان بێت "لەهەموو دونیادا چەندین ئاهەنگ و بۆنە هەیەو لێرە تەنها یەک سەری ساڵ هەیە، ئیتر هونەرمەندانیش هەقی خۆیانە پارە پەیدا بکەن" .

ئەوەی کە لە ئاهەنگەکانی ئەمساڵی هەرێمی کوردستاندا نوێیە، تەنها ئەوەنییە کە دواساتەکانی 2008بەگۆرانی و موزیک گرێدەدەن بەیەکەمین چرکەی دەستپێکردنی 2009ەوە، بەڵکو هاتنی ئەو لێشاوە گۆرانیبێژە عەرەبەی بەغدایە، کە کریسمسی کوردی بەگۆرانی و موزیکی عەرەبی بەڕێوەدەچێت.

هونەرمەند عوسمانی وایەرمەن لەو بارەوە دەڵێت، خەڵک ئازادە گوێ لەکێ دەگرێت و چۆن هەڵدەپەرێت، بەڵام کەس داوای لەمن نەکردووە بەشداری ئاهەنگەکان بکەم . ئەو گوتیشی "ئەوەی بەلای منەوە گرنگە، ئەوەیە کە بانگ نەکرابووم بۆ دیدارەکەی سەرۆک بارزانی ئەگەر بچومایەتە لای کاک مەسعود پێمدەگوت گۆرانی و هونەری کوردی خەریکە ئەنفال دەکرێت" .



## تاراوگە

### لە کەنەدا منداڵێکی کورد، براکەی خۆی دەکوژێت



ڕووداو-ڕۆژنامەی ناشناڵ پۆست

◆ منداڵێکی کوردی تەمەن 5 ساڵانی نیشتەجێی کەنەدا، برایەکی تەمەن 7 ساڵانی خۆی کوشت. لێکۆڵەرەوانی ئەو کەیسە ڕایانگەیاند کە ئەو دوو برایە لەماڵەکەی خۆیان شەڕیان کردووەو لە ئەنجامدا برا بچووکەکە، برا گەورەکەی بە چەقۆ کوشتووە. پۆلیسی شاری (ئیدمنتن)ی کەنەدی ڕایگەیاند کە بە پێی یاسای کەنەدا ئەو منداڵە دادگایی ناکرێت. بیڵ سپینکس، بەرپرسی تیمی لێکۆڵەرەوەی ئەو کەیسە، گوتی "ئەوە ڕووداوێکی زۆر ناخۆشە بۆ ئەو خێزانە و ئێمە هەست بە ناخۆشییەکەیان دەکەین".

### ڕۆژئاوایی باسی ئەنفال دەکەن و کوردیش فەرەژنی دێننە بەر باس

# ئەنفال لە ستۆکهۆڵم





کاوە ئەمین
kawe35@hotmail.com

**ڕووداو- سوێد**

ئێسکیل فرانگ، بەرپرسی فۆروم (ئاخافتنگەی) مێژووی زیندوو لەسوێد، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " گرنگترین شت ئەوەیە دنیا ئاگادری ئەوە بێت کە کورد چیان بەسەرهێنراوە"،بەڵام ئەندام پەرلەمانێکی سوێدی، بە ڕەخنەگرتنەوە گوتی " ڕاستە فڕۆکەی جەنگی ئەورووپایی بەسەر هەڵەبجەدا نەسووڕانەوە و بۆمبارانی ئەو شارەیان نەکرد، بەڵام ئەو ماددانەی کە بۆمبەکانیان لێ دروستکرابوو هی ئێمەی ئەورووپی بوون".

فۆروم (ئاخافتنگەی) مێژووی زیندوو لەسوێد، بە هاوکاری کۆمەڵەی کوردی گوڵان، ئێوارە کۆڕێکی فراوانی لە ژێر ناوی (ستەمی ڕژێمی بەعس لە خەڵکی کورد) بەئامادەبوونی 200 کەس، کە ژمارەیەکیان سوێدی بوون و، بە بەشداری چەند سیاسەتڤان و پسپۆر لە ڕۆژی 11 / 2008/12 لەشاری ستۆکهۆڵمی پێتەختی سوێد ڕێکخست .

ئێسکیل فرانگ بەرپرسی ئاخفتنگەی مێژووی زیندوو،لەسەرەتای کۆڕەکەدا باسی دەستپێکردنی هێرشەکانی ئەنفالی وبە عەرەبکردنی کوردستانی کرد لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە. هەروەها باسی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و گوتی " کەس بە دڵنیاییەوە نازانێت داهاتووی ئەو حکوومەتە بەرەو کوێ دەگات، بەڵام ئەوەی کە دەیزانین ئەوەیە کە دەبێت ئەو گەلە بە ئازادی و دڵنیاییەوە بژی".

ئێسکیل، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە تاوانانەی دژی مرۆڤایەتی دەکرێن لە جیهاندا "ئەرک"ی سەنتەرەکەیانە " بەڵام تا ئێستا بە جدی کارمان بۆ کۆمەڵکوژی ئەنفال نەکردووە، بۆیە پێمانوابوو کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دەربارەی کۆمەڵکوژی ئەنفالیش خەڵک ئاگادار بکەینەوە".

سەرەتای کۆڕەکە بە لاواندنەوەی قوربانیانی ئەنفال و هەڵەبجە لەلایەن هونەرمەندی کورد عەدنان کەریم و کۆتاییەکەشی بە نمایشکردنی فیلمی دیکۆمێنتی (دایکانی من) بوو، کە لە دەرهێنانی زەهاوی سنجاوییە و باس لە دایکان و ژنانی ئەنفالکراوانی بارزانی دەکات، کۆتایی هات .

فرێدریک مالم، ئەندامی پەرلەمانی سوێد لە فراکسیۆنی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوێد،کە کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد ئاوا دەستی بە قسەکانی کرد"ڕاستە فڕۆکەی جەنگی ئەورووپایی بەسەر هەڵەبجەدا نەسووڕانەوە و بۆمبارانی ئەو شارەیان نەکرد، بەڵام ئەو ماددانەی کە بۆمبەکانیان لێ دروستکرابوو هی ئێمەی ئەورووپی بوون"، ئەو پەرلەمانتارە کە هاوسەرەکەی کوردێکی خەڵکی باکووری کوردستانە، لەدرێژەی قسەکانیدا، ڕەخنەی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش گرت و گوتی "نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتی ئەنفالکردنی کورددا بڕیاری نەدا ئابلووقە بخاتە سەر عێراق، بەڵکو دواتر کە عێراق کوێتی داگیرکرد و نەوت کەوتە مەترسییەو ئەو کارەی کرد، کە تازە درەنگ بوو".بەڵام لە هەمانکاتدا پێی باش بوو، کە لە دوای ساڵی 1991 ەوە سوێد لە جیاتی بەردەوامبوون لەسەر فرۆشتنی کەرستەی سەربازی بە عێراق، یارمەتی بووژاندنەوەی زمان و کولتووری کوردی دا .



**هەڵەبجە بەو بۆمبانە بۆردومانکرا کە لە مادەکانی ئێمە ئەورووپیان دروستکرابوون**

فرێدریک مالم، ئەندامی پەرلەمانی سوێد

لە ئێوارە کۆڕەکەدا پرۆفیسۆر گریگۆری ستانتۆن Gregory Stanton، لە زانستگەی ماری واشنتۆن لە ڤیرجینیا و سەرۆکی ڕێکخراوی جینۆسایدی جیهانی، لە کۆڕەکەدا ئاخڤی. پرۆفیسۆر گریگۆری ستانتۆن، کە لەمانگی سێپتێمبەری ئەمساڵدا سەردانی باشووری کوردستانی کرد،گوتی ڕەنگە ژمارەی قوربانییەکانی ئەنفال لە 182000 کەس زیاتر بێت. هەروەها باسی ئەوەیشی کرد کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، بۆ یەکەم جار لە جیهاندا گازی کیمیایی لە دژی گەلی کورد بەکارهێنراوە. گریگۆری، باسی ڕەوشی ئێستای کوردستانیشی کرد و بە توندی ڕەخنەی لە دەوڵەتی تورکیا گرت کە ڕۆژانە باشووری کوردستان بۆردوومان دەکات. گریگۆری ڕاشکاوانەتر لەوەش لە وەڵامی پرسیاری یەکێک لە ئامادەبووان گوتی "هیوادارم کوردیش ببنە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان".

پاشان پانێڵێک بۆ ئەندام پەرلەمانتاری سوێدی بە ڕەچەڵەک کورد ئامینە کاکەباوە و، هوگۆ ڕیکبێری نوێنەری خاچی سووری سوێدی و ئینگیر ئۆستەردال پرۆفیسۆر لە زانکۆی ستۆکهۆڵم و دوکتۆر گریگۆری ڕێکخرا. کە هەریەکەیان لە دیدی خۆیانەوە باسی ئەنفالیان کرد و پشتگیریان لەوە کرد کە دەبێت ئەنفال وەکو کۆمەڵکوژی دانی پێدا بنرێت. لە ئێکسیل، لەوەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو) دا لەبارەی ئەوەی کە دەبێ چ بکرێت بۆ ئەوەی ئەنفال وەکو جینۆساید بناسێنرێت گوتی "من نازانم دەوڵەتی سوێد هەڵوێستی چییە لەم پێوەندییەدا، پێموایە کۆمەڵکوژی چەمکێکی یاساییە و دەبێت بخرێتە نێو هەندێک چوارچێوەوە".

بەرپرسی کۆمەڵەی کوردیی گوڵان،سەلاح لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) بەلایەوە گرنگ بوو کە توانیان ئەو کۆڕە بە سەرکەوتوویی لەگەڵ دەستگەیەکی وا گەورە سازبکەن و گوتی " ئەوە بەرهەمی سێ ساڵ خۆئامادەکردن و ماندوبوونمانە".

بەڵام شۆڕش قادر دانساز، بەرپرسی یەکێتی ئازادی لاوانی سەر بە یەکێتی نیشتیمان کوردستان لە دەرەوەی وڵات، چەند ڕەخنەیەکی لە کۆڕەکە گرت، بەتایبەتیش کە هیچ شایەتحالێکی ئەنفال بۆ کۆڕەکە بانگ نەکرابوو، هەروەها ڕەخنەی لە باسگۆڕینەکەی ئەمینە کاکە باوەش گرت و گوتی " من زۆر لە قسەکانی پرۆفیسۆرە ئەمریکییەکە ڕازیم بەتایبەتی کە پێیوابوو تاکە چارەسەری کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوەیە کە دەبێت ئەو ناوچەیە سەر لەنوێ دابەشبکرێتەوە، جگە لەو و نوێنەری خاچی سووری سوێدی ئەوانیتر باسی شتێکی وایان نەکردو، ئامینە کاکەباوە باسی فرەژنی هێنایە گۆڕێ کە هیچ پێوەندی بە ئەنفالەوە نییە، منیش لەگەڵ ئەو ڕەخنانەم، بەڵام هەر شتەو کات و شوێنی خۆی هەیە".



**ڕەنگە ژمارەی قوربانیانی ئەنفال لە 182هەزار کەس زیاتربێ**

گریگۆری ستانتۆن
سەرۆکی ڕێکخراوی جینۆسایدی جیهانی

ئەوەی لە هەمووی زیاتر هەستی بەشداربووانی ئێوارە کۆڕەکەی بزواند، فیلمی (دایکانی من) بوو کە لە دەرهێنانی زەهاوی سنجاوییە. فیلمکە باسی ژیانی کەسووکاری ئەنفالکراوانی ناوچەی بارزان دەکات. زەهاوی لە مەڕ فیلمەکە وتی:"من نەهاتووم پروپاگەندەی سیاسی بکەم، بەڵکو هاتووم بەسەرهاتی ئەو ژنانە بگێڕمەوە کە کەسووکارەکانیان ئەنفالکراوە". لەسەر نێوەڕۆکی فیلمەکە، ڕۆژنامەنووس ناسری سینا بەرپرسی بەشی کوردی ڕادیۆی نێونەتەوەیی سوێد (زایەڵە) بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"ئەم فیلمە، یەکێکە لە فیلمە کوردییە سەرکەوتووەکان، کە بە شێوەیەکی پرۆفیشنێڵ وێنەی گیراوە بە تایبەتی دەرهێنەر بەشێوەیەکی لێزانانە وێنەکانی تێکەڵ کردووە و مۆنتاجی کردووە".

لۆرین بەرزنجی، کە خەڵکی قامشلۆیە و لە هەمان ڕادیۆ کاردەکات، پەسنی کۆڕەکەیدا و گوتی " من پێموایە کۆڕێکی زۆر باش بوو، بەتایبەتی کە ڕێکخراوێکی گەورە بەو کارە هەستابوو کە خۆیان لە بواری مافی مرۆڤ و کۆمەڵکوژی کار دەکەن. پاشان من خۆم وەکو کوردێک کە لە نێو ئەنفالدا گەورە نەبووم و هەندێک شتم دەزانی،بەڵام ئەمڕۆ زۆرشت لەسەر ئەنفال فێر بووم".

کە دەبینی ئەرمەنەکان، هەرچەندە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن و خاوەن لۆبییەکی بەهێزن لە ئەمریکا و ئەورووپا، کەچی هێشتا نەیانتوانیوە ئەو کۆمەڵکوژیەی لە ساڵی 1915 لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە لە تورکیا لێیانکرا تا ئێستا لەلایەن زۆربەی وڵاتان دانی پێدانەنراوە، وەک جینۆساید، کارێکی کوردی بێ دەوڵەت بۆ ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە کارێکی دژوار دێتە بەرچاو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێسکیل فرانگ، ئەو کارە بۆ کورد ئاسانتر دەبینێ و دەڵێ " کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان زۆر پێش ئێستا ڕوویداوە، ئێستا دنیا زیاتر ئاگادارە لەسەر ڕووداوی لەم جۆرە، بۆیە پێموانییە ئەوە 100 بخایێنێت، بەڵکو پێموایە زۆر ناخایێنێت و ئەنفال وەکو جینۆساید دانی پێدا دەنرێت".

ئێوارە کۆڕەکە دوای نیشاندانی فیلمی (دایکانی من) کۆتایی پێ هات. فردێریک مالم ئاوا کۆتایی بە کۆڕەکە هێنا "دڵنیام ئەم فیلمە هەموومانی خستە گریان، سوپاسی هاتنتان دەکەم و منیش هەروەک لە سروودی ئەی ڕەقیبدا هاتووە دەڵێم: کورد زیندووە".



ژنێکی کورد تەماشای وێنەی قوربانیان دەکات
(فۆتۆ:AFP)

### لەبەریتانیا

# کورد شەڕی سەربەخۆیی دەکەن





چالاکییەکی کوردانی دانیشتووی لەندەن

**ڕووداو- BBC**

هیچ ڕێگەیەک لەبەردەم براکانی یوجە ڕوون نەبوو کە ساڵە گرنگەکانی ژیانیان لەبەریتانیا بەسەر برد، بەڵام لەسەرەتای ساڵی 1990، ژیانی چەکدارییان هەڵبژارد و ڕوویانکردە چیا سەختەکانی کوردستان و لەپێناو ئامانجەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK گیانی خۆیان بەخشی.

لەو کاتەوە PKK لەبەریتانیا بەگرووپێکی قەدەخەکراو لەقەڵەمدراوە، بەڵام لەشارۆچکەی هارینگەی نزیک شاری لەندەن ئەو برایانە بەشەهید تەماشا دەکرێن.

یوجە ئەوکاتەی دوو لەبراکانی لە باکووری کوردستان دژی تورکیا شەڕیان دەکرد، لەشارۆچکەیەکی نزیک لەندەن دەژیا. ئێستا یوجە گیوردال، تەمەنی 26 ساڵە و یەکێکە لەئەندامە بەتەمەنەکانی کۆمەڵەی کورد لە سەنتەری هارینگە و لەو کۆمەڵەیەدا، یارمەتی گەنجانی کورد دەدات بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵگەی بەریتانی بگونجێن.

لەمبارەیەوە یوجە لە هەڤپەیڤنێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی BBC گوتی" زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارۆچکەیە، لەگەڵ ئامانجی PKKن، ئەوان خاوخێزانەکەیان تێکەڵاوی ئەو مەسەلەیە بووە و ڕەنگە ئەندامی ئەو گرووپە بن".

هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە کورد لەگەڵ ئەوەی بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکراون، هەرگیز بەیەک دەنگ قسەیان نەکردووە، لەو بارەوە هەیام ئەگیل، 25 ساڵ، گوتی" کورد کە ناتوانن بەیەکەوە کار بکەن، بەشێوازی جیاواز کار لەپێناو بەدەستهێنانی کوردستانی گەورە دەکەن".

ئەگیل باس لەوە دەکات کە بەهۆی ئەوەی لەشاری دیمەشق بەشداریی لەخۆپیشاندان کردبوو، سزا درا، بەڵام ئەوەش دەزانێت کە جیاوازی کولتووری لەنێوان کوردەکاندا هەیە.

ئەگیل کە خۆی کوردی سوریایە (ڕۆژئاوای کوردستان) و هاوسەرەکەشی کوردی عێراقە (باشووری کوردستان)، ئاماژەی بەهەندێ جیاوازی کولتووری کرد لەنێوان خۆی و هاوسەرەکەی، لەوبارەوە بە BBC ی ڕاگەیاند "هەندێ شت لە کولتووری ئێمەدا ئاساییە، بەڵام لەکولتووری هاوسەرەکەمدا قەدەخەیە، ئێمە دیالێکتی جیاوازمان هەیە، لەبەرئەوە بەئینگلیزی قسە دەکەین".

تەنیا براکانی یوجە، ڕوویاننەکردووەتە چیاکانی باکووری کوردستان و ڕیزەکانی PKK، ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە زۆر لە لاوانی کورد کە لەلەندەن دەژین ڕوویان کردبێتە ژیانی چەکداری، بەتایبەتی ئافرەتەکان، بەپێی قسەی پسپۆڕان ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی کورد لە وڵاتانی ئەڵمانیا و بەریتانیا ڕوو دەکەنە چیا سەختەکانی کوردستان.

نووسەری کتێبی (نەتەوەیەکی نادیار) کوێڵ لۆرانس گوتی" لەوێ دەچنە کامپەوە و بەردەوام لەجموجۆڵدان و چەندین میل بە پێ بەکالەی هەرزانەوە دەبڕن"، بە ئاماژەدان بەگوزەرانی سەخت لەنێو شاخەکاندا، لۆرانس دەڵێت "لەوێ هیچ خۆشییەک نییە، سێکس نییە، تەنیا چا و جگەرە و کوشتن هەیە".

لەلایەکی دیکەوە، ماڵپەڕی BBC هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ جەواد مەلا، سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆژئاوای کوردستان، کردووە کە کوردێکی سووریایە. جەواد مەلا دەڵێ، ئەو تەمەنی 17 ساڵان بووە کاتێک چووەتە نێو هێزی پێشمەرگە و کاتێک لەساڵی 1984 هاتووەتە بەریتانیا، چەکی بە کاری دیپلۆماسی گۆڕیوەتەوەو کۆمەڵەی ڕۆژئاوای کوردستانی دامەزراند و مۆزەخانەیەکی کوردیشی کردووەتەوە.

کەناوی تایلان شەهبازە، کۆمەڵەی کوردی زۆر لەدواوەی کۆمەڵگای بەریتانییە، شەهباز بە BBC ی ڕاگەیاند "کورد لەشاری لەندەن دەژین، بەڵام لەراستیدا لەو شارەدا نین، ئەوان وا دەزانن کە بە هاووڵاتی ژمارە دوو تەماشا دەکرێن، ئەوان تەنیا کاری پاککردنەوە و خزمەتکردن دەکەن".

ناوبراو باس لەبێ توانایی گەنجانی کورد دەکات لەقوتابخانەکانی بەریتانیا و، دەڵێ کۆمەڵەکەیان چەندین خولی فێرکردن و کۆرسی کردووەتەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.



**لەچیاکان هیچ خۆشییەک نییە، سێکس نییە، تەنیا چا و جگەرە و کوشتن هەیە**

کوێڵ لۆرانس
نووسەری کتێبی (نەتەوەیەکی نادیار)

جەواد مەلا دەڵێت "ڕەنگە سیاسەتڤانانی ئێرە ئەو بڕوایەیان لەلا دروست ببێت کە نەتەوەیەکی وا دەوڵەمەند باشترە ئازاد ببێت".

هەروەها لەراپۆرتەکەدا هاتووە کە بۆ کوردانی عێراق، ژیانی تاراوگە ڕەنگە ئەزموونێک بێت بۆ حکومەتی وڵاتەکەیان و مۆدێلی سیستەمی کارکردنی حکومەتی بەریتانیا بەکاربێنن بۆ حکومەتەکەی خۆیان.

بەپێی قسەی یەکێک لەکوردانی ئەو وڵاتە، بێکتاز یاڤوز، کوردێکی دیکەی باکووری کوردستانەو باس لەوەدەکات کە کوردانی ئەو بەشەی کوردستان لەنێوان کۆمەڵگەی بەریتانی و گوندەکەی خۆیان لەباکووری کوردستان، سەریان لێ شێواوە. ئەو دەڵێ "زۆربەی کوردەکان لەتەلەڤزیۆنە تورکییەکانەوە، بە تەقینەوەکانی 7ی تەممووزی شاری لەندەنیان زانی، ئەگەر یەکێکیان لێرە کۆچی دوایی بکات، لەگوندەکەی خۆیان پرسەی بۆ دەگێڕن".



### پۆلیس ژنێک لە جیاتی کوشتن دەکاتە بووک

ڕووداو-هەولێر

◆ گەنجێکی 21ساڵ، دوای ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ماموژنی خۆی دەبەستێت و سکی پڕ دەکات، ماموژنەکەی لێ مارە دەکرێت. بەپێی زانیاری (ڕووداو) ژنەکە دایکی 6 منداڵەو، مێردی ماوەیەک کۆچی دوایی کردووە، دوای ئاشکرابوونی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەو گەنجە، لەترسی کوشتن خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە، دواتر کوڕەکەش دەستگیرکراوە،بەڵام دوای 14 زیندانیکردن، بەلێننامە لەکەسوکاری هەردوو لا وەرگیرا کە نەیانکوژن، دواتر هەردوو لا ئازاد کران، بەو مەرجەی ئەو کوڕە ماموژنی خۆی مارە بکات.

# "لێدانەکانی مێردەکەم ناچاریانکردم خۆم دەرمانخوارد بکەم"

**%69**

**ژنانی سلێمانی ڕازینین مێردەکانیان لێیانبدەن**

**ئازیز مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

بەهۆی خراپی مامەڵەی مێردەکەی و لێدان و قسە پێگوتنی، سارا، بەخواردنی یەک پارچە حەب هەوڵی خۆکوشتن دەدات،دوای ئەوەی هەوڵە خۆکوژیەکەی سەرینەگرت بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕووداوەکە هیچ شتێکی لە هەڵسوکەوتی مێردەکەم نەگۆڕیوە".

سارا، ناوی خوازراوی ئەو ژنە، تەمەن 44 ساڵانەیە، کە هەروەک خۆی دەڵێ "بەهۆی خراپی مامەڵە"ی مێردەکەیەوە چەندین جار بیری لەخۆکوشتن کردووەتەوە، تا دواجار بەخواردنی دەستە حەبێک هەوڵی خۆکوشتنیدا.

ئەوکە دانیشتوی یەکێک لەگەڕەکەکانی شاری سلێمانیەو، ئێستا خاوەنی دوو منداڵە، دەڵێت "مێردەکەم زۆر خراپە لەگەڵم، لەسەر شتی زۆر سادە لێم دەدات، بۆیە مردنم پێ خۆشتر بوو لەو ژیانە".

سارا نموونەیەکی ئەو ژنانەیە کە بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن، کە خۆکوشتنەکە یان بە خۆسووتاندنە یاخود بە خۆ دەرمانخوارد کردنە . ژنان بۆ خۆ دەرمانخوارد کردن، پەنا دەبەنە بەر خواردنی حەب و هەندێک جاریش دەرمانی مشک و مێرو دەخۆن.



زۆربەی ژنانی سلێمانی ماف بە مێردەکانیان نادەن هەڕەشەیان لێبکەن یان لێیان بدەن، بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان WHO کە لەساڵی 2003-2006 لە عێراق ئەنجامیداوە، وشیاریی ژنانی سلێمانی لەسەرووی وشیاری ژنانی عەرەبەوەیە و جیاوازییەکی زۆر لە بیرکردنەوەیاندا هەیە، لەبەر ئەوەی بەپێی ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسییە مەیدانییە %69ی ژنانی سلێمانی ڕازی نین لەلایەن مێردەکانیان لێیانبدرێت و ئەو مافە نادەنە مێردەکانیان، بەڵام %85ی ژنانی پارێزگای زیقار ئەو مافە دەدەنە مێردەکانیان کە لێیانبدەن.

ئەو بیرکردنەوەیەش لە بیرکردنەوەی عەشیرەتگەریی و گوندیی و ئایینیەوە سەرچاوە دەگرێ، هەرچەندە هیچ دەقێکی ئایینی ئیسلام نییە بە ڕاشکاوانە مافی لێدانی ژنان بداتە پیاوان، بەڵام ئامۆژگاری زۆری تێدایە بۆ گوێڕایەڵبوونی ژنان بۆ پیاوان.

بەپێی ئاماری بەشی فریاکەوتنی خێرا لەنەخۆشخانەی گشتی تەندروستی سلێمانی، لە ماوەی 11 مانگی ڕابردوودا، 148 کەس بەهۆی: خواردنی حەب، دەرمانی مشک، دەرمانی مێروولە، خواردنەوەی بەنزین و نەوت گەیێندراونەتە نەخۆشخانە، بەڵام ساڵی ڕابردوو ڕێژەکە زیاتر بووەو گەیشتووەتە 214 کەس.



- لەماوەی 11 مانگی ڕابردوودا 148 کەس بەهۆی خواردنی دەرمان و حەب و مادەی ژەهراوی گەیەنراونەتە نەخۆشخانەی گشتی سلێمانی.



-ژنان بۆ باشبوونی هەڵسوکەوتی مێردەکانیان پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن.



- ساڵی2007، ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی خۆدەرمانخواردکردن گەیێنرانە نەخۆشخانەی گشتیی سلێمانی گەیشتە 224 کەس.



-یەکێک لەو ژنانەی لە خۆکوشتن ڕزگاربووە : مێردەکەم چەندین جار من و دوو منداڵەکەمی لەشەوانی زستاندا دەرکردووە و بەخۆم و ئەو دوو منداڵەوە ناچار چوومەتە ماڵە دراوسێکان خەوتووم

خدر ساڵح، لێپرسراوی بەشی فریاکەوتنی خێرا، لە نەخۆشخانەی گشتیی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بەشێکی زۆر لەوانەی دەگەیێندرێنە نەخۆشخانەکەیان "لە نەخۆشخانە ئاشکرا دەبێت کە هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، بەڵام لەترسی کەسوکاریان ناوێرن قسە بکەن، یان پێیان عەیبە قسە بکەن و دەڵێن بەهەڵە ئەو کارەمان کردووە".

لەگەڵ ئەوەی ئەوان بەمەبەستی "خۆکوشتن" پەنا دەبەنە بەر خواردنی حەب و دەرمان، بەڵام بەگوتەی دکتۆرێک هەندێکیان بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی کەسوکاریان پەنا دەبەنە بەر خواردنی حەب یان دەرمانی لەناوبردنی مشک و مێروو.

بەپێی گوتەی خدر ساڵح، ئەو کەسانەی دەهێنرێنە ئەو بەشە، ئەو جۆرە دەرمانانەی ژنەکان بۆ خۆکوشتن بەکاری دەهێنن بریتین لە حەب، دەرمانی مشک و مێروو، تایت، پاکەرەوەی ناو ماڵ، هەروەها هەندێکجار نەوت و بەنزینیش بەکار دەهێنن. باسی لەوەشکرد کە ئەو کەسانەی دێنە بەشەکەیان زۆربەیان گەنجن و تەمەنیان لەنێوان 17-35 ساڵیدایە، گوتیشی "زۆریان کێشەی خێزانییان هەیە، یان هەیە خوێندکارەو دەرنەچووە، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کەسوکاریان ئەو کارە دەکەن".

سارا تا ئێستا چەند جارێک بیری لەخۆسووتاندن کردووەتەوە، بەڵام لەبەر خۆشەویستیی بۆ منداڵەکانی ناتوانێ ئەو کارە بکات، بەڵام دواتر بڕیار دەدات خۆی دەرمانخوارد بکات.

سارا گوتی "مێردەکەم چەندین جار لەشەوانی زستاندا دەریکردووم و بەخۆم و ئەو دوو منداڵەوە ناچار چوومەتە ماڵە دراوسێکان خەوتووم، یان زۆرجار مێردەکەم بەسەرخۆشی دەهاتەوەو دەستیدەکردە جنێوپێدان و لێدانم".

**%85**

**ژنانی پارێزگای ناسرییە دەڵێن مێردەکانمان مافی ئەوەیان هەیە لێمانبدەن**

زۆربەی ئەو ئافرەتانەی پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن بەدەرمان و حەب، دەڵێن بۆ ئەوە ئەم کارە دەکەن تاوەکو مێردەکانیان لەگەڵیان باش بن، بەڵام دەڵێن مێردەکانیان یان وەکو خۆیان دەمێننەوە یاخود کاتی باش دەبن.

سارا، بەرلەوەی خۆی دەرمانخوارد بکات، ڕێگەی دیکەی گرتووەتە بەرو چەندین جار هەوڵی جیابوونەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەی داوە، بەڵام هاوسەرەکەی بۆ ماوەیەک لە هەڵسوکەوتەکانی پەشیمان بووەتەوەو دواتر گەڕاوەتەوە سەر ڕەفتارەکانی جارانی.

هەرچەندە بەگوتەی سارا جیابوونەوە بۆ ئەو کارێکی قورسە، چونکە نازانێ ئەگەر جیاببووەوە بچێتە کوێ و کێ هەیە بە دوو منداڵەوە بیگرێتە خۆی. ئەو گوتی "بەناچاری دەبێت تا مردن ئەو هەڵسوکەوتانە قبوڵ بکەم، بەڵام هەموو کات ئاوات بەمردن دەخوازم چونکە مردن لەم ژیانە خۆشترە".

## قەرەزاوی دەربارەی ژنە گەنجەکەی:

# شێت و شەیدای ژنەکەمم

**ڕووداو- القدس العربی**

بانگەوازخوازی ئیسلامی یوسف قەرەزاوی، سڵ لەوە ناکاتەوە باسی چیرۆکی خۆشەویستیی نێوان خۆی و کچێکی جەزائیری بکات کە دواتر خواستی و بووە هاوسەری. ئەو لە سەردانێکیدا بۆ جەزائیر ئەو کچەی بینی و بووە عاشقی ئەو کچۆڵە جەزائیرییە.

ڕۆژنامەی (نهضة المصر) کە بیرەوەرییەکانی قەرەزاوی بڵاو دەکاتەوە باسی ئەوە دەکات کە لە نێوەڕاستی هەشتاکاندا قەرەزاوی دەچێتە جەزائیر و ئەسما دەبینێ کە هێشتا قوتابی بوو لە لە زانکۆ و پێی سەرسام دەبێت.

ڕۆژنامەکە بە پشت بەستن بە کتێبی (چەند لاپەڕەیەک لە بیرەوەرییەکانی قەرەزاوی)، دەڵێ " قەرەزاوی ئەو کاتە بە ئەسما سەرسام بوو کە لە سیمینارێکدا هەندێ ڕوونکردنەوەی

قەرەزاوی ئاماژە بەوەش دەکات کە لەبەر جیاوازیی تەمەن زۆر دوودڵ بوو"هێندەی نەبرد هەوری دوودڵی لاچوو، لە جێی ئەویشدا خۆری خۆشەویستی هەڵات". هەروەها دەڵێ " ئەڤین لە ترس بەهێزتر بوو، ئیدی کۆتایی ئەو ئەڤینە پاکە بەپێی شەرعی خودا و پێغەمبەر بووە گرێبەستی هاوسەری". بانگەوازخوازی ئیسلامی دان بەوە دادەنێت کە باوکی ئەسما لە سەرەتادا لەبەر جیاوازیی تەمەن ناڕازی بوو، بەڵام دوا جار ڕازیبوو. هەر لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی"خۆشەویستی بەم جۆرە شێتییە، شێتییش هەمەجۆرە، ژیانیش خەم و خەفەتە، خوداش بێ حیکمەت ئەم دنیایەی دروست نەکردووە".

قەرەزاوی دەڵێ زۆر کەس ئیرەییان بەو برد کە"گەنجێکی جوان و جاحێڵ و ڕۆشنبیر و قسەزانم هێناوە". قەرەزاوی کە ئێستا لە



دەربارەی سەرپۆش (حیجاب) خستەڕوو، ئیدی هەوڵی دا بیناسێت، لە ساڵی 1989یش بە چەند ساڵێک دوای ئەو دیدارە نامەیەکی بۆ نارد و تێیدا سۆز و خۆشەویستیی خۆی دەربڕی بوو".

بیرەوەرییەکانی قەرەزاوی کە بڕیارە لەلایەن (دار الشروق)ەوە بڵاوبکرێنەوە، قەرەزاوی لەو کتێبەدا باسی ئەوە دەکات کە ویستی خودا وا بوو کە سەرسامییەکەی گۆڕا بۆ سۆزێکی بە گوڕ و خۆشەویستییەکی قووڵ بۆ ئەو کچە، کە نەک بە دەوری هەست و جەستەدا بخولێتەوە بە چەشنی بەشی هەرە زۆری خەڵک، بەڵکو بە دەوری واتای تێک هەڵکێشدا کە ئاوێتەیەک بوو لە عەقڵ و هەست و، ڕۆح و جەستە و، واتا و پێکهاتەو، دڵ و دڵ، دەخولایەوە، ئەمەش کەسێک تێی ناگات ئەگەر پێی نەگەیشت بێت و تێیدا نەژیا بێت.

قەتەر نیشتەجێیە و وەڵاتێنامەی ئەوێی هەیە، لە ساڵی 1926 لە میسر لەدایکبووە و چەندین منداڵ و نەوەی هەیە، بەپێی بیرەوەرییەکانی ئەسما ژنی دووەمیەتی.

جێی باسە کە ئەسما خان لە کەناڵی ئاسمانیی ئەلجەزیرە لە قەتەردا کاری کردووە و ئامادەکاری بەرنامەی"للنسا و فقگ"بوو، کە بەر لەوەی بەرنامەکە ڕابگیرێ لوونا ئەلشبل، پێشکێشی دەکرد.

ئەو کەسانەی لە دەوحەی پایتەختی قەتەر چوونەتە ماڵی قەرەزاوی، تێبینیی ئەوەیان کردووە کە ئەسما لە هەموو دانیشتنەکاندا ئامادە دەبێت و گفتوگۆ دەکات و زیرەکییەکی بێ وێنەشی لە شەریعەتی ئیسلامدا هەیە و دەبێتە مایەی سەرسامی بۆ میوانان. یەکێک لە میوانانی قەرەزاوی دەگێڕێتەوە کە ئەسما خاوەن زانین و شارەزاییەکی زۆرە و لە شەرعی ئیسلامدا قووڵ بووەتەوە.



# پایتەخت بێ دوکانداری ژنە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

وەک زۆربەی ژنانی هەولێر، بەهۆی نەبوونی دوکانداری ژن، جوان، گرفتی کڕینی پێداویستییەکانی هەیە لەلای دوکاندارە پیاوەکان.ئەو کاتێک شتێکی ژنانەی پێویست بێت زۆر بەشەرمەوە لە دوکاندارە پیاوەکانی داوادەکات و ناتوانێت بەئارەزووی خۆی بیکڕێت، ئەو دەڵێت"زۆرجار شتم کڕیوە بەبێ ئەوەی تاقی بکەمەوە یان لەخراپی و باشی و گرانی شتەکە بکۆڵمەوە، لەشەرمان زوو پارەکەم داوە و هەڵمگرتووە".

جوان ڕۆستەم، 24 ساڵ، بوونی دوکانداری ژن بەپێویست دەزانێ و پێیوایە دوکاندارە پیاوەکان بەتایبەتی ئەوانەی جلی ژێرەوەی ژنان دەفرۆشن شەرمکردنی ئافرەتان بە هەل دەزانن بۆ ئەوەی نرخێکی زۆریان لێوەربگرن و شتی خراپیان پێ بفرۆشن "شتەکان زۆر بەگران دەفرۆشن"، لەهەمانکاتدا وەک ئەو ئافرەتە دەڵێ هەندێ دوکانداریش "بەشەرمەوە شتەکەت پێدەدات".

هەرچەندە ئێستا چەندین ژنی کوردستان و بیانی لەسوپەرمارکێتەکانی شاری هەولێر، کار دەکەن، بەڵام زۆر بەدەگمەن دەبینرێ ژنان خۆیان خاوەنی کۆگا و دوکانی تایبەت بن لەبازاڕ و شوێنە گشتییەکان، ئەمەش وایکردوە کچان و ژنان نەتوانن وەک پێویست شتە پێویستەکانی خۆیان بکڕن، بۆیەش هەندێ لە ژنان بوونی دوکانداری ژن بە پێویست دەزانن.

شاری هەولێر یەکێکە لەو شارانەی دوکانداری ژنی زۆر کەم تێدا دەبینرێ، هەرچەندە جاران بازارێکی تایبەت بەژنان هەبوو بەناوی بازاڕی (پیرەژنان) کە کاری کڕینی و فرۆشتنی جلوبەرگ و کەلوپەلی کۆنی ژنانیان دەکرد، بەڵام ئێستا ئەو بازاڕەش نەماوە.

گوڵزار محەممەد، خاوەنی گرووپی مۆرکان، یەکێکە لەو ژنانەی بەر لەساڵ و نیوێک لەدوای کردنەوەی ئارایشگایەک، بیری لەکردنەوەی هۆڵێکی ڕەشاقەو کۆگایەکی فرۆشتنی جلوبەرگی کردەوە. گوڵزار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کە بینیم ژنان داواکاریی زۆریان لەسەر جلوبەرگە هەوڵمدا کۆگایەکی جلوبەرگ و پێداویستی ئافرەتانیش بکەمەوە، ئێستاش کۆگاکەم فراوانتر کردووە، جگە لەجلی ئافرەتان، جلی پیاوان و منداڵانیش دەفرۆشم".

ئەو ئافرەتە دوکاندارە ئاماژەی بەوەشدا ژنێکی زۆر بەهۆی کردنەوەی کۆگاکەی دەستخۆشیان لێکردووە، گوتیشی "سەدان ژن حەز دەکەن خاوەن کۆگای جلوبەرگ بن، بەڵام بەهۆی کولتوور و قسەی خەڵک، خێزانەکانیان ڕێگەیان پێنادەن ئەو کارە بکەن".

بەبڕوای ئەو"زۆربەی ژنان حەز دەکەن هەر شتێک پەیوەندی بەژنانەوە هەبێت ژن بیفرۆشێت نەک پیاو، چونکە ئەوەی کڕیارە ژنەکان دەتوانێت لەبارەی پێداویستیەکانی لەگەڵ ژنێکی دوکاندار بدوێت لەوانەیە نەتوانن یان شەرم بکەن لەبارەیەوە قسە لەگەڵ دوکانداری پیاو بکەن".

یونس سەلیم،38 ساڵ، خاوەنی دوکانێکە لەبازاڕی کورانی شاری هەولێر،کە یەکێکە لەو بازاڕانەی زۆر ژنی دوکانداری تێدا دەبینرێ. یونس پێیوایە "پێویستە کۆمەڵگەی کوردی واز لەو کولتوورە سەقەتە بێنێت، کە بەچاوێکی دیکە لەژنی دوکاندار بڕوانێت". چونکە بەبڕوای ئەو وەک چۆن ژنان توانیویانە لەدامودەزگاکان و بوارەکانی دیکە کار بکەن، دەتوانن زۆر سەرکەوتوانەتر لەپیاو ئەو ڕۆڵە ببینن، داواشی لەژنان کرد ئەو نەریتە بشکێنن و ببنە خاوەنی دوکانی خۆیان، ئاماژەی بەوەشدا ئەگەر ژن سەرپەرشتی دوکانی پێداویستی جوانکاری و جلوبەرگی ژنان بکات کڕیاری زۆر زیاتر دەبێت لەدوکانداری پیاو، چونکە ئەوکات ژنان زۆر بەئازادانە داوای پێداویستییەکانی خۆیان دەکەن".

### تێڕوانی خەڵکی بەغدا بۆ دووکانداری ژن زۆر باشترە لە خەڵکی شاری هەولێر

دوکاندارێکی بەغدایی لە هەولێر

بەشێک لەو کۆگایانەی جلوبەرگ و شتی جوانکاری لەشاری هەولێر دەفرۆشن لەلایەن ژنانی شارەکانی دیکە بەڕێوەدەبردرێن، کۆگای بەغدا بۆ فرۆشتنی جوانکاری و جلوبەرگی ئافرەتان بەر لە 3 ساڵ لەشەقامێکی گشتی شاری هەولێر لەلایەن ژنە عەرەبێکی خەڵکی بەغدا کە پێشتر لەشارەکەی خۆی دوکانی بەرگدووری هەبووە، دانراوە . ئەمەش دوای ئەوەی کە ڕەوشی شارەکە بەرەو ئاڵۆزی هەنگاوی نا .

سەمیرە عەبدولئەحەد شەمعون، خاوەنی کۆگاکە گوتی"کاتێک لەشاری هەولێر دوکانی بەرگدووریم کردەوە زۆر کڕیارم نەبوو، بەڵام دواتر جلو بەرگی ژنانم دانا، ئێستا زۆر ژن دێنە دوکانەکەم".

سەمیرە ئاماژەی بەوەشدا هەرچەندە لەشاری هەولێر بەکردنەوەی کۆگاکەی تووشی هیچ گرفتێک نەبووە، بەڵام پێیوابوو"تێڕوانی خەڵکی بەغدا بۆ دووکانداری ژن زۆر باشترە لەشاری هەولێر".

چالاکڤانانی بواری ژنان، هەرچەندە هیچ هەوڵێکیان لەو بوارە نەداوە، بەڵام بوونی دوکانداری ژن بەپێویست دەزانن، چونکە لەو باوەڕەدان دوکانداری ژن جگە لەوەی دەبێتە ئاسانکارییەک بۆ ژنە کڕیارەکان، لەهەمانکاتیشدا دەسکەوتێکی باشی ئابووریشە بۆ ژنان.

چیمەن چەتۆ،25 ساڵ، ڕاهێنەر لەڕێکخراوی کۆمەڵەی خەڵک بۆ گەشەپێدان، پێیوایە بوونی دوکانداری ژن جگە لەوەی دیاردەیەکی شارستانی جوان بەشاری هەولێر دەبەخشێت، دەبێتە لایەنێکی ئابووری باشیش بۆ ژنان، گوتیشی "پێویستە حکومەت بوار بۆ ژنان و کچان برەخسێنێت بۆ ئەوەی ژنان بتوانن ببنە خاوەنی کۆگاو دوکانی خۆیان".

تامان شاکر نووسەر و ڕۆژنامەنوس، کەمی دوکانداری ژنی لەشاری هەولێر، گەڕاندەوە بۆ هۆکاری دابونەریت و ئاین و "تێڕوانینی خراپ"ی پیاو بۆ ڕەگەزی مێینە "شکاندنی ئەو ڕێچکەیە دەست پێشخەری دەوێت، من وەک ژنێک ئەگەر پارەم هەبوایە لەوانەیە زۆر لام ئاسایی بوو جلوبەرگی ژنان بفرۆشم".

ئەو نووسەرە گوتیشی" ئەگەر بوار برەخسێنرێت ئافرەت بازرگانی بکات لەوانەیە زۆر جوانتر بەسەلیقەتر لەپیاوان پێداویستیەکانی ئافرەت لەجلوبەگ و جوانکاری و تەنانەت ناو ماڵیش لەدەرەوە بێنێت".

# کۆمەڵایەتی

## 148 کەس ل رووداوێن هاتن و چۆنێ دا دهێن کوشتن و بریندار دبن



**عەبدوڵلا نهێلی - ئامێدی**

◆ ل سالا 2008 رێژا کوشتن و برینداران ل سالا 2007 ل قەزا ئامێدیێ زێدەتربوون. میلازمێ ئێکێ بەیار ئیبراهیم، بەرپرسێ مەفرەزا هاتن و چۆنێ ل ناحیا سەرسنگێ بۆ(رووداو)دیارکر" ئەڤسال 95رووداوێن هاتن و چۆنێ ل سنوورێ قەزا ئامێدیێ دروستبووینە، دگەل 48 حالەتێن وەرگەریانێ کو زێدەترن ل رووداوێن سالا بووری". هەروەسا دیارکر، ل ئەنجامێ ڤان رووداوان 6 کەسا گیانێ خوە ژ دەست دایە و 142 کەس ژی بریندار بوونە.ل سەر سەرپێچیان 495 ترمبێل هاتینە دەستەسەرکرن و 152 شوفێر ژی هاتینە دەستەسەرکرن.

# چیرۆکی ئەو گەنجەی سۆران کە لەلایەن تورکەوە کوژرا

**رووداو-سۆران**

وەک زۆربەی گەنجانی کوردستان کە بەتاسەوە چاوەڕێی هاتنی شەوی سەری ساڵ دەکەن، بۆ ئەوەی شەوێکی خۆش بەسەر بەرن، موحسین بۆ بەسەربردنی ئەو شەوە روو دەکاتە تورکیا، بەڵام پۆلیسێکی تورک ناهێڵێت موحسین بەئاواتی خۆی بگات و لەنێو ئیستەنبوڵ دەیکوژێت.

شەوی 19 - 2008/12/20 گەنجێکی دانیشتووی قەزای سۆران بەناوی، موحسین تەها موهاجیر، 29 ساڵ، لەلایەن پۆلیسێکی تورک لەنێو شاری ئیستەنبوڵ کوژراو دوای تێپەڕبوونی 5 ڕۆژ بەسەر رووداوەکەدا، تەرمەکەی لەرێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە گەیشتەوە کوردستان.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون، موحسین لەسەر داوای کەریمی برای، بەمەبەستی بەشداریکردنی لە ئاهەنگێکی خێزانی بەبۆنەی سەری ساڵ، چووە ئیستەنبوڵ.

کەریم کە ماوەی 15 ساڵە لەئیستەنبوڵ دەژی،پێشتر کاری قاچاخچێتی کردووەو ئێستا خۆی و خێزانەکەی لەو شارە گەورەیەی تورکیا نیشتەجێن. کە بە گەورەترین شاری کوردنشین لە جیهاندا دادەنرێ، کە دانیشتوانە کوردی شارەکە بە پێنج ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێن.

هەرچەندە پۆلیسی 9 کەس بەتاوانی کوشتنی موحسین دەسگیر دەکات، بەڵام دواتر تەنیا 2 کەس وەک تۆمەتبار دەهێڵێتەوە، دەزگا راگەیاندنەکانی تورکیاش لەکاتی باسکردنی رووداوەکە موحسینیان بە "ئاژاوەگێڕ" ناوبرد.



موحسین تەها

## بکوژە تورکەکان دەیانەوێ پەردەیەکی سیاسی بەسەر تاوانەکەیان دابدەن

نەوزاد مەهدی، کە لە ئیستەنبوڵ دادەنیشێت و هاوڕێیەکی نزیکی کەریمی برای موحسینە، لەهەمانکاتیشدا ئاگاداری رووداوی کوشتنی موحسین بووە. وردەکاری رووداوەکەی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی "موحسین بە چەقۆ و دەمانچە کوژراوە".

نەوزاد باسی لەهۆکاری کوشتنی موحسین کردو گوتی "کێشەکە لەوەوە سەرچاوەی گرت، کاتێک کەریم و موحسین لەگەڵ چەند برادەرێکیان بە مەبەستی نانخواردن دەچنە یانەیەکی ئیستەنبوڵ، لەکاتی راگرتنی ئۆتۆمبێلەکەیان لەگەراجی یانەکە دەمەقاڵییەک لەنێوان کەریم و پاسەوانەکانی گەراجەکە لەسەر دانی پارە دروست دەبێ".

نەوزاد درێژی بەگێڕانەوەی رووداوەکە دەدات و دەڵێ"سەرەتا بارودۆخەکە هێمن دەبێتەوە، بەڵام دواتر 11 کەس لەکرێکارەکانی گەراجەکە هێرشدەکەنە سەر کەریم و لەناو یانەکە دەبێتە شەڕیان، ئەوکات موحسین لەوێ نەبوو،لەناو ئۆتۆمبێلی براکەی دانیشتبوو، کرێکارە تورکەکان دەچن موحسینیش لەناو ئۆتۆمبێل دەردەهێنن و دەیدەنە بەر چەقۆ".

دوای ئەوەی کرێکارە تورکەکان چەند چەقۆیەک لەموحسین دەدەن پۆلیسێکی تورک بەدەمانچە تەقە لەموحسین دەکات و دەیکوژێت. نەوزاد باس لەو پۆلیسە دەکات کە تەقەی لە موحسین و برادەرەکانی کردووەو دەڵێ "ئەو کەسەی بەدەمانچە تەقەی کردووە، پێشتر پۆلیسی حکومەت بووەو بەهۆی کارێکی نەشیاو دوور خراوەتەوە لە پۆلیس و لەو یانەیە بووەتە پاسەوانی گەراجی ئۆتۆمبێل".

ئەو کۆنە پۆلیسە دوای ئەوەی دەستگیر دەکرێ، بۆ دەربازبوونی لەدەست یاسا چەند تۆمەتێک بۆ موحسین دروست دەکات"لەلێکۆڵینەوەدا ئەو پۆلیسە گوتبووی پارێزگاریم لەشەرەفی تورک کردووە، چونکە ئەوان جنێویان بە میللەتی تورک و پۆلیس دا"، هەروەها نەوزاد دەڵێ "لەدادگا ئەوان ناڵێن کێشەکە لەسەر پارەی گەراجەکە دروستبووە، دەڵێن جنێویان بە میللەتی تورک و پۆلیسی تورکی داوە، دەیانەوێت کێشەکە بکەنە کێشەیەکی سیاسی و پەردەیەکی سیاسی بەسەر تاوانەکەیان دابدەن".

لەبەشێکی دیکەی ئیفادەکەیان، ئەو گەنجە تورکانە گوتوویانە کە کەریم و هاوڕێکانی بەزۆر ویستوویانە بچنە ناو یانەکە، بەڵام نەوزاد ئەو قسانەی رەتکردەوەو گوتی "خاوەنی یانەکە هاوڕێی کەریمە، چۆن بەزۆر دەچن ناو یانەکە".

تا ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە،ئەنجامدەرانی کوشتنی موحسین دادگایی نەکراون، هەر وەک نەوزاد باسیکرد "لە کۆی ئەو 9 کەسەی لەلایەن پۆلیسەوە بەتۆمەتی کوشتنی موحسین دەستگیر کرابوون، حەوتیان ئازاد کراون، بڕیارە لەرۆژانی داهاتوودا ئەو دوو کەسە دادگایی بکرێن".

هیوا موهاجیر، کە یەکێکە لەهاوڕێ نزیکەکانی موحسین، رووداوەکەی بەجۆرێکی دیکە گێڕایەوەو گوتی "برا گەورەکەی موحسین بەزمانی کوردی قسەی کردووە، ئەوانیش بیانوویان پێگرتووە، ئەو کەسەی تەقەشی لێکردووە پۆلیس بووە".

دوای کوژرانی موحسین، چەندین دەنگۆ لەنێو خەڵکی سۆران بڵاو بوونەوە، گوایە کەریم پارەی یانەیەکی ئیستەنبوڵ قەرزار بووەو هەروەها کێشەی خوێنداری لەگەڵ پاسەوانەکانی گەراجی یانەکەدا هەبووە. بەڵام موشیر جەمیشد، کە کوڕە خەزووری موحسینە و هاوڕێی منداڵییەتی سەرجەم ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوەو گوتی "ئەو قسانەی خەڵک دەیکەن لەراستیەوە دوورن، چونکە رودواوەکە ئەسڵەن پەیوەندی بەو شتانەوە نەبووە، بەڵکو لەئەنجامی دەمەقاڵییەکەوە بووە کە لەنێوان کەریم و ئەو چەند گەنجە پەیدابووە کە کاریان چاودێریکردنی ئۆتۆمبێلی میوانانی یانەکەیە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەلایەنکەسوکاری موحسینەوە دەست (رووداو) کەوتوون، موحسین دوای کوژرانی، لەلایەن پزیشکە تورکەکان کاری توێکاری (تەشریح)ی بۆ کراوەو تەرمەکەی شێوێندراوە.

مەلا تەها موهاجیر، کە ئامۆزای موحسینی کوژراوە بە (رووداو)ی راگەیاند "موحسین دوای کوژرانی، لەکاتی تەشریح کردندا هەردوو سییەکانی و دەمارێکی شرانی دەرهێنراوە".

هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە پۆلیسی تورک لەبەرامبەر کوژرانی موحسین زۆر کەمتەرخەم بوونە، چونکە موحسین بەبرینداری دوو کاژێر لەسەر جادە ماوەتەوە، لەکاتێکدا نەخۆشخانەیەک چەند سەت مەترێک لەشوێنی رووداوەکە دوور بووە "بەڵام تەنیا لەبەر ئەوەی کورد بووە،پۆلیس نەیگەیاندووەتە نەخۆشخانە".



موحسین لە ئیستەنبوڵ کوژراو لە سۆران نێژرا (فۆتۆ:رووداو)

# ئەوانەی گەلاوێژیان کوشت دانیان بە تاوانەکەیان دانا

**هیوا حیسامەددین**
**رووداو-کەرکووک**

(س) هیچ کاتێک دیمەنی کوشتنی گەلاوێژی لەیاد ناچێتەوە "شەوانە دیمەنی کوشتنەکەم دێتەوە یاد، زۆر خەفەت دەخۆم و خەوم لێناکەوێت". (س) بکوژی سەرەکی گەلاوێژ حوسێنە، وەک خۆی دەڵێت دوو هاوڕێی خۆی ئاسانکاریان بۆ کردووەو دەمانچەیەکیان بۆ دابینکردووە تا گەلاوێژی پێ بکوژێت.

رۆژی 2008/12/18 لەگەڕەکی راپەڕین شاری کەرکووک، ژنە رۆژنامەنووس گەلاوێژ حوسێن شاڵی، لەنێو ماڵەکەی خۆی لەلایەن مێردمنداڵێک کوژرا، دوای تێپەڕبوونی 24 کاژێر بەسەر رووداوەکە 3 مێردمنداڵ بەتاوانی کوشتنی گەلاوێژ لەلایەن هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی پارتی لەکەرکووک دەستگیر کران، کە هەرسێکیان کوردن و دانیشتووی هەمان گەڕەکی ماڵی گەلاوێژن، لە لێکۆڵینەوەشدا دانیان بەکوشتنی گەلاوێژ دانا.

س.م، 19 ساڵ، کە قاتێکی کاوبۆیی و بلوزێکی رەشی لەبەردابوو هەردوو دەستەکانی لەدواوە بەکەلەپچەی پۆلیس بەسترا بووەوە، ناوبراو وردەکاری کوشتنی گەلاوێژی بۆ (رووداو) گێڕایەوەو رایگەیاند کە ئەو کارەی لەپێناو دەستکەوتنی پارە کردووە، تاوەکو بچێتە دەرەوەی وڵات.

(س)، کە ئەنجامدەری فیعلی تاوانەکەیە، وەک خۆی باسیکرد لەخێزانێکی گوزەران باش دەژی و تا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندووە ئەو دەڵێت قەت بەخەیاڵی دا نەهاتووە تاوانێکی لەو جۆرە ئەنجامبدات "ئێستاش وا دەزانم خەونە".



ئـ.ع س.م ک.ح

(س) پیشەی ئاسنگەر بووە، لەدووکانی مامی رۆژانە بە 35 هەزار دینار کاری کردووە.

دوای ئەوەی دوو هاوڕێی نزیکی (س) بەناوەکانی (ئـ.ع) و (ک.ح) بڕیار دەدەن بچنە دەرەوەی وڵات، (س)یش هەمان بڕیار دەدات، بەڵام پارەی گەیشتن بەدەرەوەی پێ نابێت، بۆیە دەڵێت "ئەو دوو برادەرەم نەخشەیان بۆ دانام کە دزی بکەم تاوەکو پارەی پێویست پەیدا بکەم".

هەر چەندە (س) سەرەتا ئەو بیرۆکەیە رەتدەکاتەوە، بەڵام دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕیار دەکات نەخشەی برادەرەکانی جێبەجێ بکات " (ک و ئـ) هاوڕێم هاتن گوتیان ئێمە بەنیازین بڕۆین بۆ دەرەوەی وڵات تۆ هەر ئامادە نەبووی، (ک) دەیگووت بەدزییەک هەموو کێشەکانت چارەسەر دەبێ".

دوای بیرکردنەوە (س) خەیاڵی بۆ گەلاوێژ دەچێت، کە خەونەکەی بهێنێتە دی، چونکە وەک خۆی باسیکرد هەفتەیەک پێش رووداوەکە داوای لەبرای (س) کردووە، ئۆتۆمبێلێکی باشی بۆ بدۆزێتەوە، بیکڕێت "بۆیە هاوڕێکانم هانیاندام بچمە گیانی گەلاوێژو داوای پارەکەی لێبکەم" هەروەها دەڵێت "هەردوو هاوڕێکەم دەمانچەیەکی تورکیان بۆ بە 40 هەزار دینار کڕیم، پێشیانگوتم ئەگەر پارەکەی نەدایتێ، یەکسەر بیکوژە، چونکە دواتر لەلای پۆلیس شکاتت لێ دەکات".

(س) دێتە سەر باسی جێبەجێی کردنی نەخشەکەیی و دەڵێت "لەدەرگای ماڵی گەلاوێژم دا گوتم گەلاوێژخان رووخسەت بچمە سەر بانەکەتان کۆترەکەم بهێنمەوە، ئەویش گوتی: بۆ نا، چوومە سەربانەکەو هاتمە خوارەوە، دەمانچەکەم دەرهێنا، کە گەلاوێژ چاوی پێمکەوت رەنگی زەرد بوو گوتی: چیت دەوێ؟ منیش گوتم: پارەم دەوێ؟ ئەویش گوتی: هەر چەند پارەت دەوێ دەتدەمێ، بەڵام پارەم لەلای خۆم نییە و لەماڵی باوکمە دەچم بۆت دەهێنم؟ لەو کاتەدا قسەی هاوڕێکانم هاتەوە یاد کە گوتیان ئەگەر پارەی نەدایتێ یەکسەر بیکوژە؟ بۆیە منیش فیشەکێکم تەقاند، بەڵام گوللەکە بەر دەستی کەوت، پاشان بە چەقۆ لەسەر دڵیم دا، دواتر مۆبایل و ئاڵتونەکانیم هەڵگرت، بەڵام زۆر گەڕام پارەم نەدۆزیەوە".

(س) دوای ئەنجامدانی تاوانەکە دەچێتەوە لای هاوڕێکانی "هاوڕێکانم یەکسەر بردمیانە رەحیماوا، 80 هەزار دیناریان دامێ، رۆیشتم بۆ هەولێر، لەوێشەوە بۆ سلێمانی، دواتر هاتمەوە کەرکووک و لەشارۆچکەی دووز دەستگیر کرام".

سەبارەت بەچۆنیەتی ئاشکرا بوونی تاوانەکەش بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتوون، ئەو 3 کەسە هەرسێکیان هاوسێی ماڵی گەلاوێژن، بەڵام هیچکامیان بەشداری پرسەکە ناکەن، بۆیە پۆلیس و ئاسایش گومانیان لێدەکەن و (ک.ئـ) دەستگیر دەکەن و یەکسەر دان بە تاوانەکەدا دەنێن و دەڵێن (س)یش رایکردووە.

(ئـ.ع)، 19 ساڵ، کە ئەویش بەتۆمەتی کوشتنی گەلاوێژ دەستگیر کراوە، لەدانپێدانەکانی بۆ (رووداو) باسی لەوە کرد کە تاوانەکە (س) ئەنجامیداوە و ئەویش ئاگادار بووە، هەروەها سیمارتێکی بۆ (س) کڕیوەو دواتریش ئاڵتوونەکانی گەلاوێژی بۆ فرۆشتووە.

بەپێی زانیاری (رووداو) (ئـ) مامەڵەی چوونە دەرەوەی تەواو کردبوو چاوەڕێی (س)ی کردووە تاوەکو پارەی دەستبکەوێت و لەگەڵ (ک)ی هاوڕێیاندا بە یەکەوە بڕۆن.



گەلاوێژ حوسێن شاڵی

(س) دەڵێ هەردوو هاوڕێکەی هاوکارییەکی باشیان کردووە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، هاوڕێکانیشی لەدانپێدانانی پۆلیس نکۆڵیان لەقسەکانی (س) نەکردووە.

(ک.ح.ق)، 20 ساڵ، کە قژێکی درێژی هەیە و تاخم تراکسوتێکی لەبەردایە، هەردوو دەستەکانی بە کەلەپچەی پۆلیس لەدواوە بەستراون، هەموو تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی (س) و دەڵێت " (س) هەر دەیگووت دەچم دزی دەکەم تا پارەی خاریج پەیدا دەکەم". هەروەها گوتی "ئێمە ئاگامان لەهیچ نەبوو، (س) بەجلی خوێناوییەوە هات گوتی گەلاوێژم کوشتووە".

عەقید شێرزاد موەفەری، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عروبە بە (رووداو)ی راگەیاند دەستگیر کردنی ئەو 3 کەسە تەنیا 24 کاژێری خایاندووەو بێ ئەوەی پۆلیس ماندوو بکەن دانیان بەتاوانەکە داناوە.

موفەری لەو باوەڕەدایە (س) لەدادگا حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەربچێت و (ک.ئـ) یش بە زیندانی هەتا هەتایی حوکم بدرێن "چونکە ئەوانیش بەشداری تاوانەکەیان کردووە پۆلیسیان ئاگادار نەکردووەتەوە، ئەگەر ئاگاداری پۆلیسیان بکردایەوە، وەکو (س) حیسابیان بۆ نەدەکرا".

# لەشەقڵاوە موسڵمان و کریستیان لە گۆڕستانێکدان

**هێمن خۆشناو**
**رووداو – شەقڵاوە**

لەوکاتەی کریستیانەکانی عێراق رووبەڕووی کوشتن و کۆچپێکردن دەبنەوە، شارۆچکەی شەقڵاوە نموونەیەکی جوانی پێکەوە ژیان و گونجانێکی بەرچاوی موسڵمان و کریستیانەکان نیشاندەدات.

ریشەی بوونی ئایینی کریستیان لەشەقڵاوە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی زۆر کۆن، بەپێی دوایین ئامار کە لەساڵی 2006 ئەنجامدراوە، ژمارەی کریستیانەکانی شەقڵاوە 1200 کەس دەبێ، کە زۆربەیان نیشتەجێی گەڕەکی بێترمەن.

قەزای شەقڵاوە سەر بەپارێزگای هەولێرەو بەدووری 50 کلیۆمەتر کەوتووەتە باکووری رۆژهەڵاتی هەولێر، کە دانیشتووانی موسڵمان و کریستیانن. تائێستا مێژووی دروستبوونی شەقڵاوە بەروونی دیار نییە، بەڵام لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی عوسمانییەکاندا کراوەتە ناحیەو لەساڵی 1952ش کراوەتە قەزا، یەکەم قایمقامی قەزاکەش نووسەری کورد شاکر فەتاح بووە.

شەقڵاوە ئەو شارۆچکە دڵڕفێنەیە کە نموونەیەکی جوانی پێکەوەژیانی تێدا بەرجەستەیە، تاوەکو بەر لەساڵانی 1950، جولەکە و ئەرمەنیش لەشەقڵاوە دەژیان، بەڵام پەیوەندی کریستیان و موسڵمانانی کورد لەشەقڵاوە پەیوەندییەکی زۆر پتەوتربووە. ئەوەی لەهیچ شوێنێک لەنێوان کریستیان و موسڵماناندا نابینرێ لەشەقڵاوە دەبینرێ کە ئەویش گۆڕستان و مەزارگەی هاوبەشە.

جەلال جەرجیس جبا کە مامۆستایەکی کریستیانی لەدایکبووی شەقڵاوەیەوکتێبی (چەپکێک لەکەلەپووری کریستیانەکانی شەقڵاوە)ی نووسیوە، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئاماژەی بەوەکرد کە شەقڵاوە لەدێرزەمانەوە بریتیبووە لە مۆزایکی نێوان نەتەوە و ئایینەکان" کورد، کریستیان و جولەکە بەیەکەوە ژیاون، کرمانجە کوردەکان لەگەڵ کریستیان و جولەکەکان بەیەکەوە رووبەڕووی چەوسانەوەی ئاغا و بەگزادەکان بوونەتەوە". جەلال جبا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ژیانی ئەو سێ پێکهاتەیە لە شەقڵاوە هەر بەخۆشی بووە.

ئەوەی زیاتر لەشەقڵاوە بوونی ئەم پەیوەندییە دوورو قوڵە پشتڕاست دەکاتەوە بوونی گۆڕی پیاو چاکێکی هاوبەشی کورد و کریستیانیەکانە کە بۆ هێنانەدی رازەکانیان سەردانی دەکەن و لەخوا دەپاڕێنەوە، هەروەها گۆڕستانێکی هاوبەشە بۆ ئەو کەسانەی لەشەقڵاوە لەسەر دەستی رژێمی سەدام شەهید کراون.

دنحا گەورۆ، کە کریستیانێکی شەقڵاوەیە پێیوایە ئەو شوێنە پیرۆزانەی لەشەقڵاوە هەن وەکو وارگەی کورد و کریستیانییەکانن "لەجیهاندا نموونەی وا کەمە"، کریستیان و کورد بۆ هێنانەدی ئاوات و رازەکانیان دەچنە سەر گۆڕێک کە کورد پێیدەڵێن گۆڕی (شێخ وسو رەحمان) و، کریستیانەکانیش پێیدەڵێن گۆڕی (رەبەن بویا).

هەروەها 22 گەنجی کوردو کریستیان کەلە ساڵی 1987 لەلایەن رژێمی سەدامەوە لە سێدارەدران و دوای راپەڕین لاشەکانیان دۆزرانەوەو لە گۆڕستانێکی هاوبەشدا پێکەوە نێژرانەوە، وەک نیشانەیەکی هاوچارەنووسی و پێکەوە گونجان خۆی نیشان دەدات، جەلال جەرجیس دەڵێ "بوونی ئەم گۆڕستانە نیشانەی خەباتی هاوبەشی کورد و کریستیانەکانە، ئێمە هاوشانی برایانی کورد رۆڵێکی چالاکمان لەشۆڕشەکانی ئەیلول و گوڵاندا هەبووە".

لەدوای راپەڕین، چەند رووداوێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان کریستیان و موسڵمانەکانی شەقڵاوەدا روویاندا، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کورد پێش خەڵک هەوڵی خۆیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو رووداوانە خستەگەڕ.

بەڵام پیاوێکی کریستیان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ترسی خۆی نەشاردەوە لە لاوازبوونی ئەو پەیوەندییە و پێیوایە بەپێچەوانەی مێژوو ئاراستەیەکی جیاواز لەرێگادایە، لەوبارەوە دەڵێت "کە منداڵ بووم دراوسێیەکمان هەبوو بەردەوام هاموشۆی ماڵی ئەوانم دەکرد، تا تەمەنم نەگەیشتە 17 ساڵان نەمزانی ئەو دراوسێیەمان موسڵمانە"، بەڵام پێیوایە ئەوەی ئێستا دەکرێ بەیەکتر نامۆکردنی کریستیان و کوردە، ئەمەش بە بەرنامە دەکرێت "گەنجە کورد و کریستیانەکانی ئێستا یەکتر ناناسن، بەیەکتر نامۆن، منداڵەکانمان هەنگاو بەهەنگاو کوردی لەبیر دەکەن".

بەڵام قەشە زەیا، قەشەی کڵێسای شەقڵاوە ئەوە رەتدەکاتەوە کە پەیوەندییەکان لاواز بووبن، پێیوایە ئەو مەترسییە زیاتر لەقەبارەی خۆی گەورە کراوە. هۆکاری تارادەیەک لاوازبوونی پەیوەندییەکانیشی بۆ ئەو کێشانە گەڕاندەوە کە دوای راپەڕین لەکوردستان هاتوونەتە ئاراوە، وەکو شەڕی ناوخۆ کە کاریگەری خراپی لەسەر ئەو پەیوەندییانە کردووە.

قەشە زەیا بەپێویستی دەزانێ هەموو کەس هەست بە بەرپرسیارێتی بکات بۆ پاراستنی ئەو پێکەوە ژیانە "من وەکو قەشە لەو بارەیەوە رێنوێنیم کردووە و دەیکەم بۆ پتەوبوونی گیانی پێکەوەژیان".

کریستیانەکانی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ کریستیانەکانی عێراق لەرەوشێکی ئارامدا دەژین و پێنج نوێنەریان لەپەرلەمانی کوردستان هەیە، هەروەها لەدەزگا هەستیارە حکومیەکانیشدا کریستیانەکان بەرپرسیارێتی باڵایان هەیە.

نووسەری پەرتووکی (چەپکێک لەکەلەپووری کریستیانەکانی شەقڵاوە)، دەڵێت "ئێمە لەکوردستان بەکەرامەت دەژین، رێزێکی تایبەتیمان هەیە".

لەم دواییانەدا هەڵمەتێکی کوشتن و کۆچپێکردنی کریستیانەکان لەدەشتی موسڵ دەستیپێکرد، ئەمەش بووە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ لەلایەن رای گشتی و کریستیانەکان.

قەشەی کڵێسای شەقڵاوە، پێیوایە ئەو کێشەیەی لەموسڵ روویدا کێشەی نێوان موسڵمان و کریستیان نییە، دەڵێت "ئەمە کێشەیەکی سیاسییە، لەعێراق هەموو شتەکان بە سیاسی کراون و لەناو ئەمەشدا ئیستیغلالی ئایین و مەزهەب و نەتەوە دەکرێت".



گۆڕستانی 23 شەهیدی موسڵمان و کریستیانی شەقڵاوە (فۆتۆ:رووداو)



تەنیا چەند پاندایەک لە جیهاندا ماون، چین دوو دانەی پێشکێشی تایوان کردن بۆ لێک نزیکبوونەوە (فۆتۆ:AFP)

# پاندا کراونەتە ئامرازی دیپلۆماسی

**رووداو-ئەڵمانیا**

چین، بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تایوان، دوو پاندای بە دیاری بەخشییە تایوان. چین دەیەوێ بە سایەی ئەم ئاژەڵە کە بووەتە سیمبولی وڵاتەکەیان، جارێکیتر پەیوەندی لەگەڵ تایواندا گرێبداتەوە.

ناوی دوو پانداکە: توان توان و، یوان یوانە. هەردوو ناوەکە کە پێکەوە بخوێندرێنەوە، واتای "یەکبوونی سەرلەنوێ" دەبەخشن.

بەڵام زۆر کەس لە تایوان دژی یەکبوونن لەگەڵ چیندا. پەکین سێ ساڵ بەر لە ئێستا دەیویست ئەم پاندایانە بە دیاری بداتە تایوان، بەڵام سەرۆک کۆماری ئەو کاتی تایوان ئەو پێشنیازەی چینی ڕەتکردەوە.

پاش ئەوەی پارتی کۆمینتانگ لە تایوان، کە پارتێکی نەتەوە پەرستە، لە هەڵبژاردنەکانی تایوان دا پۆستی سەرۆک کۆماریی بەدەستهێنا، بڕیاری تایبەت بە پانداکانی گۆڕی و بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی دیپلوماسیی نێوان هەردوو وڵات،دەستی بە هەوڵدانی تازە کرد.

هەفتەی رابردوو پاش 60 ساڵ، سەرلەنوێ گەشتی ئاسمانی لە نێوانی هەردوو وڵات دەستی پێکردەوە. بەم جۆرە هەردوو پانداکە لە شاری چەنگدوو لە فڕۆکەخانەی شوانگلووە بەرەو تایوان بەڕێکەوتن. بە سەدان پۆلیس بۆ پاراستنی پانداکان کەوتبوونە خۆ. هەروەها بۆ ئامادەکردنی گەشتی ئەو دوو پاندایە، تیمێک لە 20 کەس پێکهات و بۆ ماوەی 10 ڕۆژ مەشقیان بە پانداکان کرد. خواردنی تایبەت بۆ پانداکان لە (گلگل) ئامادە کرابوون و حەبی دژی رشانەوەشیان دایە پانداکان.

لەگەڵ پانداکاندا، 1 تەن قامیشی داری پەموو نێردرا بۆ هەوارگە نوێیەکەیان لە باخچەی ئاژەڵانی تایپێ.

توان توان و، یوان یوان لە تایوان، بۆ ماوەی یەک مانگ لە ژێر چاودێریدا دەمێننەوە. پاش ئەوە، لە باخچە نوێیەکەی خۆیاندا پێشوازی لە میوانان دەکەن. چاوەڕوان دەکرێت ڕۆژانە 30 هەزار کەس سەردانیان بکات.

لە لایەکی دیکەوە هەرچەندە ناردنی دوو پانداکە ماوەیەکی درێژە، بووەتە ڕۆژەڤ و بابەتی گەرمی تایوان و مشتومڕی زۆری لەبارەوە دەکرێت، زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە ئەو (ژەستە)ی چین پێویستە گەورە نەکرێ. سەرۆک کۆماری تایوان ما ینگ ژەۆو Ma Ying-jeou، ماوەیەک لەمەو پێش داوای لە پەکین کرد ئەو مووشەکانەی ڕووەو تایوان دایانوان هەڵبگرێ.

رای گشتی تایوان هەرچەندە ناردنی پاندا بە هەنگاوێکی باش شرۆڤە دەکات، بەڵام لەو بڕوایەشدان کە هەڕەشەی چین بۆ سەر وڵاتەکەیان درێژەی دەبێ. تایوان لەساڵی 1949 لە چین جیابووەوە، بەڵام چین، تایوان وەک بەشێک لە خاکی خۆی دەبینێ و گوشاریش دەخاتە سەر ئەو وڵاتە، تا جارێکی دیکە بیخاتەوە سەر چین. ئێستا هیوا هەیە کە توان توان و یوان یوان لە نێوان هەردوو وڵاتی دوژمندا پردێکی دۆستایەتی دروست بکەن.

# گەوهەر دەنگی بڵندی ژنانی پاکستان



**رووداو-ئەڵمانیا**

هونەرمەندی پاکستانی مەدیحە گەوهەر، 30 ساڵە بە هونەرەکەی بەربەرەکانی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی وکۆنەپەرستی دەکات. ئەو لە ئەنجامی ئەو تێکۆشانەیدا بووەتە دەنگی ژنانی پاکستان.

"سیحری چاوەکانی کاری لە هەموو کەس دەکرد"، "جوانییەکەی بێ وێنەبوو.."، زۆربەی پاکستانییەکان بەم دەستەواژانە یادی مەدیحە گەوهەری ئەکتەر دەکەنەوە. گەوهەر ئەمڕۆ تەمەنی 52 ساڵە، 30 ساڵە هەوڵدەدات دەنگی ژنانی پاکستان بگەیێنێتە جیهان. ئەو بە نێوی (ئایۆکا) تیپێکی شانۆیی دامەزراند وبەو شانۆگەریانەی کە بەخۆی دەینووسین و دەریدەهێنان کێشەکانی ژنانی وڵاتەکەی کە گرفتاری کێشە کۆمەڵایەتییەکانن، دەخستنەڕوو.

ئەو شانۆگەریانەی کەکێشەی ژنانیان دەخستە سەر شانۆ، لەنێو رای گشتی جیهانیشدا دەنگیاندەدایەوە.

شووکردنی یەکەمی گەوهەر لەبەر ئەوەی" کارێکی بێ شەرەفی دەکرد" هەڵوەشایەوە. ئەو دەڵێ لەبەر ئەو برینەی زۆرباش هەست بە مەینەتییەکانی چەوساندنەوە دەکات.

### چیرۆکی ژنێکی کشمیری

(دووکە داریا- رووباری خەفەتان)، ناوی ئەو شانۆگەریەیە کە لەدەرهێنان و بەرهەمی مەدیحە گەوهەرەو، وەکو شانۆگەریەکانی دیکەی چیرۆکێکی راستەقینە دەخاتەڕوو.

گەوهەر لەو بەرهەمەیدا، چیرۆکی ژنێکی گەنجی کشمیری نیشاندەدات. پاڵەوانی ئەو چیرۆکە لەبەر ئەوەی نەزۆکە، لەلایەن خزمەکانیەوە رووبەڕووی سووکایەتی پێکردن و توندوتیژی دەبێتەوە. ئەوکاتەی ناتوانێت زیاتر بەرگە بگرێت، خۆی هەڵدەداتە ناو ئاوی رووبار، بەڵام ناخنکێت و تاوەکو دەگاتە هیندستان بە ئاوەکە دادەچێت. لەوێ دەگیرێتەوەو دەخرێتە زیندانەوە. چیرۆکەکە لێرە تەواو نابێت. لەوێ دەستدرێژی دەکرێتەسەر و کچێکی دەبێت. ئەمەش دەیسەلمێنێت کە هۆکاری نەزۆکییەکە ئەو نەبووە. دوای ئەوەی سزاکەی تەواو دەبێت نە هیندستان و نە پاکستان ئەووەرناگرن .پاکستان بەبیانووی ئەوەی باوکی کچەکەی هیندیە وەریناگرێت، هیندستانیش بە پێچەوانەی بیانویەکەی پاکستان وەریناگرێت.

مەدیحە گەوهەر، لەتەمەنی 16 ساڵیدا لە تەلەڤزیۆنی دەوڵەتیی پاکستاندا دەست بەکاری هونەری دەکات.لەسەردەمی کودەتای سەربازی جەنەڕاڵ زیائولهەق دا، گەوهەر ناچاردەبێت بڕیارێک بدات:"ئەوکات سەردەمی فشار و سانسۆر بوو، زنجیرەی تەلەفزیۆنی لە ژێر چاودێری دابوون. زیائولهەق بۆچوونەکانی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپاندن. بێگومان تەلەڤزیۆن بۆ من کارگەیەکی زۆر باش بوو. دواتر ئەو نووسەرانی ژنیان وەک هاووڵاتی پلە دوو نیشاندەدان".

### کاریگەری تیپی شانۆی ئایۆکا

گەوهەر، لە ساڵی 1983 لە شاری ڕۆشنبیران، لاهور تیپێکی شانۆیی بەناوی ( ئایۆکا) دامەزراند. (ئایۆکا)، واتە لە رۆژگاری ئێمەدا . ئامانجی ئایۆکا نیگاخستنە سەر ئەو فشار و نایەکسانیە بوو کە رووبەڕووی ژنان دەبووەوە" لەسەرەتادا شانۆگەریەکانمان لە ماڵان بۆ هاورێکانمان نمایش دەکردن. دوای ساڵی 1985 هۆڵی ناوەندی کلتووری ئەڵمانی و ئەنیستیتۆی گۆتەمان بەکارهێنا. دواتریش بەشداریمان لە پێشبڕکێی دێهاتەکانی سەرانسەری وڵات کرد. تاوەکو لە بلوجستانیش کۆرسی شانۆییمان پێشکێش کردن".

گەوهەر دەڵێ، ئەمڕۆ ئەو بە رێگەی تەلەڤزیۆن دەتوانێ بگاتە ملیۆنان کەس، بەڵام لە رێگەی شانۆوە ئەوپەڕی دەیتوانی بگاتە چەند هەزار کەسێک.بەڵام لەبەر ئەوەی شانۆ زیندووە، خاوەن هێزێکی تایبەتییە، بەم شێوەیە ئەو پەیامانەی دەخوازرێن بگەنە تەماشەڤانان راستەوخۆ دەگەنە تەماشەڤانان. ئەو دەڵێ " ئێمە هەوڵدەدەین مرۆڤان لە رێگەی شانۆگەریەکانمانەوە فێربکەین. پێویستە بزانین کێشەکانی کۆمەڵگە چۆن چارەسەر دەکرێن. بەشێکی زۆر لە گەلی پاکستان نەخوێندەوارن . پێویستە ئەو کەسانە بەتایبەتی ژن سەبارەت بە هێنانەکایەی مافەکانیان هۆشیاربکەینەوە. پێویستە بۆیان روونبکەینەوە کە ئاینەکەیان چ مافێکیان دەداتێ، چونکە ئەمڕۆ ئایین وەک هۆکاری نەخوێندەوارکردنیان بەکار دەهێندرێ".

گەوهەر،کە ژیانامەی خۆی بۆ نووسەری رادیۆی سەرتاسەری ئەڵمانیا باسدەکات، دەڵێ ئەو لە زانکۆ زمان و ئەدەبی ئینگلیزی خوێندووە. بۆ ئەنجامدانی کاری شانۆگەریکردنیش زۆر خۆڕاگری نواندووە بەرامبەر فشارەکانی خێزانەکەی . لەبەر بەشداریکردنی لە خۆپیشاندانە سیاسییەکان، چەندین جار دەستگیرکراوە. هەر لەبەر ئەو هۆکارانەش شووکردنی یەکەمی هەڵوەشایەوە. ئەو دەڵێت لەدوای رژێمی زیائولهەق هیچ پێشکەوتنێک لە بواری مافەکانی ژنان روویندا" هەڵبەتە لە شارەکان هۆشیاری زیاتربوو . هەروەها راگەیاندنیش باس لە فشارەکانی سەر ژنان دەکات و ئەو کارە ناڕەوایانە شەرمەزار دەکات . بۆ نموونە ئەو ژنانەی لە بلوجستان بەبیانووی"شەرەفپارێزییەوە" بە ساخی زیندەبەچاڵ دەکرێن، بوونە هۆی دروستبوونی گفتوگۆیەکی فراوان. لەبەر ئەوەش هەموو سەرنج و چاوی جیهان گەڕاوەتەوە سەر ناوچەکە، دەنگی ناڕەزایی لە هەموو جیهانەوە لەدژی ئەو کردەوانەی ئەوێ بەرزبووەوە".

### تاوانەکانی جیاز

گەوهەر رایدەگەیێنێ، لەم ساڵانەی دواییدا رێژەی تاوانەکان لە دژی ژنان لە پاکستان زۆر زیاد بووە. ئەو لەو بارەوە دەڵێ سووتاندنی جگەر، کوشتن لە ژێر ناوی قەزاوقەدەر زۆر زیاد بووە. لە پاکستان و هیندستان کاتێک کچەکان شوودەکەن پێویستە کەلوپەلەکانیش بۆ ماڵی مێردەکەیان ببەن . لەبەر ئەوە زۆر لە خێزانەکان کچەکانیان وەکو بارێکی گران لەسەر پشتی خۆیان دەبینن، بۆیەش دەیانکوژن. ئەو تاوانانەی کوشتنیش لە ژێر ناوی قەزاوقەدەردا دەشاردرێنەوە. ئەو شێوازە کوشتنەی ژنان وەکو " کوشتنی کەلوپەل" ناودەبرێن . گەوهەر دەڵێ لە بەرامبەر ئەو کارە ناڕەوایانەی بەرامبەر ژنان دەکرێ هەرچەندە یەکجار بێزار دەبێ، بەڵام خەباتی خۆی درێژە پێدەدات، چونکە ئەو لەو بڕوایەدایە تەنیا بەوشێوەیە دەتوانێ ئەو چارەنووسە خراپەی ژنان بگۆڕێت.

# زیندانی گوانتانامۆ دادەخرێت



**رووداو-ئاژانسەکان**

رۆبەرت گەیتس وەزیری بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا،نەخشەیەکی بۆ داخستنی زیندانی گوانتانامۆ دایە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی.

زیندانی گوانتانامۆ، حەوت ساڵ لەمەوبەر دامەزرا، لەوکاتەوە بووەتە یەکێک لەسەر ئێشەکانی ئەمەریکا. وێنەی گوانتانامۆ لەلای رای گشتی جیهان وەک " شوێنی ئەشکەنجەدانی موسڵمانان" دەناسرێت .

گرتووخانەی گوانتانامۆ، لەساڵی 2002 لە دوورگەی گوانتانامۆی کوبا کراوەتەوە، بۆ تێیدا زیندانیکردنی " تۆمەتبارانی تیرۆر" کە لە ئەفغانستان و شوێنەکانی دیکە گیراون، هەر لەوکاتیشەوە کرانەوەکەی مشتومڕێکی سیاسی و یاسایی دروستکردووە.

باراک ئۆباما سەرۆکی نوێی ئەمەریکا کە بڕیارە لە 2009/1/20 بێتە سەرکار، لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی داخستنی ئەو زیندانەی دابوو. ئۆباما لە هەفتەی رابردووش جەختی لەسەر بەڵێنەکەی کردەوەو رایگەیاند لەماوەی دووساڵدا دایدەخات.

ئێستا 250 زیندانیکراو کە خەڵکی چەند وڵاتێکن لە زیندانی گوانتانامۆدان. یەکێک لەو زیندانیانە خالد شێخ محەممەدە، کە وەک داڕێژەری پلانی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001 ناسراوە.

تاوەکو ئێستا 400 گیراو لە زیندانی گوانتانامۆ دوای لێپرسینەوە لەگەڵ کردن نێردراونەتەوە وڵاتەکانیان یان نێردراونەتە وڵاتی سێیەم، یاخود ئازادکراون .



زیندانیکراوانی گوانتانامۆ وەکو" شەڕڤانانی دوژمنە نایاساییەکان" ناودەبرێن . ئەوان لە ژێر بنەما یاساییەکانی "دیلی شەڕ" مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێ چونکە بەوشێوەیە لەلایەن ئەمریکاوە ناناسرێن.

هەروەها ماوەیەکی درێژە هیچ مامەڵەیەکی یاسایی نەدەکرا، تاوەکو لە مانگی رابردوودا دەستکرا بە دادگایی کردنی خالید محەممەد شێخ .

لەلایەکی دیکەوە، لەبەر ئەوەی لێپرسینەوە کردن لەگەڵ ئەو زیندانیکراوانە لەلایەن دەزگای تایبەتی سوپاییەوە ئەنجامدەدرێ، یاساناس و چالاکڤانانی مافی مرۆڤ گفتوگۆ لەبارەی سیستەمی گوانتانامۆ دەکەن.

لەمانگی حوزەیرانی رابردوو، دادگای باڵای ئەمەریکا بڕیاری دا، ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیانی گوانتانامۆ بۆ ئازادکردنیان رەوانەی دادگای مەدەنی بکرێن.

بەگوێرەی لێدوانە فەرمییەکان، ئێستا بەرپرسانی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا سەرقاڵی دۆزینەوەی رێگایەکە بۆ ئەوەی ئەو زیندانیانە بگوازنەوە شوێنێکی دیکە، بەشێوەیەک کە نەبێتە هۆی مەترسی بۆ گەلی ئەمریکا.

Geoff Morrel گیۆف مۆڕال، وتەبێژی فەرمی پنتاگۆن، هەفتەی رابردوو لە واشنتۆن رایگەیاند کە، رۆبەرت گەیتس وەزیری بەرگری ئەمریکا، لەماوەیەکی نزیکدا ئامادە دەبێ بۆ ئەو ئەگەرەی کە ئۆباما بڕیاری داخستنی زیندانی گوانتانامۆ بدات .

بەگوێرەی چاودێرە سیاسیەکان، لە دوارۆژدا وەزارەتی داد و کۆنگرێسی ئەمەریکا میکانیزم و شێوازێکی نوێ بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ زیندانیانی گوانتانامۆ دەست نیشان دەکات.

## زیندانییەکی رێکخراوی RAF پاش 26 ساڵ ئازاد دەکرێ

# ئازادکردنی کلار مشتومڕ دروستدەکات

**رووداو-بەرلین**

لە ئەڵمانیا ئەندامی رێکخراوی چەپڕەوانی رادیکاڵ فراکسیۆنی سوپای سۆر RAF، کریستیان کلار، کە لە ساڵانی حەفتاوە بەشداریی هێرشە چەکدارییەکانی کردبوو، بە سزای زیندانی هەتاهەتایی حوکمدرابوو، دوای 26 ساڵ ئازاد کرا.

کریستیان کلار کە یەکێکە لە سەرکردەکانی RAF، لەبەر "سەرنەرمیی خۆی" بەر لە تەواوبوونی سزاکەی ئازاد کرا. پارێزەری کلار هانز یورگن سکەیندەر گوتی، ئەو هەفتەی رابردوو لە زیندانی بروکسال دەرچوو، ئیدی لە ئێستا بە دواوە بۆ خۆی ئازادانە دەژی. دادگای باڵای شتوتگارت لە2008/11/24 دا، لەبەر "سەرنەرمییەکەی" بڕیاری ئازادکردنی کلاری دابوو.

**بەشداری کوشتنە سیاسییەکانی کردبوو**

کلار کە یەکێک بوو لە رێبەرانی RAF، بە قسەی داواکاری گشتی، دەستی لەکردەوەی 9 کوشتنی سیاسیدا هەبووە، هەروەها پلانی بۆ زۆر چالاکیش داڕشتبوو. لەبەر ئەو تاوانانەی کە پێی زیندانی دەکرا، کلار لە ساڵی 1985دا بە زیندانی هەتاهەتایی سزا درا.

لە نێو کردارەکانی کلاردا، رفاندن و کوشتنی سەرۆکی کاربەدەستانی یەکێتیی ئەڵمان، هانز مارتن سخلەیەر و، بەشداریکردن لە کوشتنی سەرۆکی داواکاری گشتی سگفێرد بوباخ و، سەرۆکی درەسدەن بانک یورگەن پۆنتۆش



کریستیان کلار

هەبوون.

**ئەڵمانەکان قسەدەکەن**

بڕیاری ئازاد کردنی کلار، گفتوگۆیەکی گەرمی لە کۆمەڵگەی ئەڵماندا دروستکردووە. لەبەر ئەوەی کلار تاوەکو ئێستا پەشیمانیی خۆی رانەگەیاندووە، هەروەها زانیاری بەرفراوانی نەداوە دەربارەی کردارەکانی، زۆر ئەڵمان دژی ئازادکردنەکەی وەستاونەتەوە . هەر لەبەر ئەوەش ساڵی رابردوو سەرۆک کۆماری ئەڵمانیا هۆرست کویلەر، داخوازیی بەخشینی کلاری رەتکردەوە. پاش ئەوە دادگا سەرلەنوێ رەوشی کلاری نرخاندەوە و، بڕیاریدا کە هیچ ئاستەنگێک لە بەردەم ئازادکردنیدا نەماوە، لەبەر ئەوەی کلار بە ئارامی و سەرنەرمی لە زیندان دا هەڵسوکەوتی دەکرد.

فراکسیۆنی سوپای سۆر لە ساڵانی حەفتاوە لە ئەڵمانیا دەستی بە چالاکی کردووە. زیاتر لە 30 سیاسەتمەدار، دەوڵەمەند و، کارمەندی دەوڵەت لە هێرشەکانی RAFدا ژیانی خۆیان لەدەستدا. ئەم رێکخراوە لە پاش ئەنجامی بزووتنەوەی 68 و، دژایەتیکردنی شەڕی ڤێتنام دامەزرا. ئاندراس بادەر و، ئولریکە مەینهۆف سەرۆکی RAF بوون. ئەو دوو کەسە لەگەڵ چوار هاوڕێی دیکەیان لە نێو زینداندا مردن. کریستیان کلار کە وەک بەڕێوەبەری نەوەی دووەم بوو، لە ساڵی 1982دا دەستگیرکرا. کلار یەکێکە لە دوایین ئەندامانی RAF کە لە زینداندا مابوو.



## لاوانی ساڵ گەشتێکی دەرەوەیان بۆ رێکدەخرێ

# خەڵات لاوان دەجوڵێنێ



سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

**رووداو-هەولێر**

کاتێک ناوی کەسەکان دەخوێندرایەوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ساڵ و رۆژنامەنووسی ساڵ، بەشێک لە گەنج و رۆژنامەنووسەکان پێیانوابوو نا دادپەروەری لەدەستنیشانکردنی ئەو گەنجانەدا کراوە، بەڵام لێژنەی هەڵسەنگاندن، دەڵێ کارەکەیان زۆر دادپەروەرانە بووە.

رۆژی 2008/12/23، وەزارەتی وەرزش و لاوان خەڵاتی باشترین رۆژنامەنووسی لاو و باشترین لاوی ساڵی بەخشییە 11کەس. ساڵی رابردووش وەزارەتی رۆشنبیری کۆمەڵێک رۆژنامەنووس و لاوی ساڵی خەڵاتکرد.

جگە لەو 11کەسە، وەزارتی وەرزش ولاوان خەڵاتی رێزلێنانی دایە کەسوکاری هەردوو رۆژنامەنووس سۆران مامە حەمەو گۆران عومەر، هەروەها خەڵاتی رێزلێنانیش درایە رزگار کۆچەر، ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی زووم ئین.

لەگەڵ ئەوەی ساڵی رابردوو، ئەو کەسانەی خەڵاتی لاوی ساڵیان وەرگرت، جگە لەگەشتێک بۆ لوبنان، چەند دیاریەک و بڕی 1000دۆلاریشیان وەک خەڵات پێدرا، بەڵام بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی وەرزش و لاوان، دەڵێت" ئەو 11 خەڵاتەی کە ئەمساڵ درا هەموو رەمزی بوون، تەنیا گەشتێکی دەرەوەی وڵاتیان پێدەکەین و، تائێستا دیار نییە بۆ چ وڵاتێکە".

خەڵاتی لاوی ساڵ، دوو ساڵە گەنجان دەجوڵێنێ، ئەوەش کارێکی باشە بۆهاندانی گەنجان بۆ ئەنجامدانی کاری داهێنەرانە و زۆر کارکردن، بەڵام ئەو جوڵانە لای هەندێ لە گەنجان بەرەو ساردبوونەوەیە.

لەکاتی دابەشکردنی خەڵاتەکاندا نیگەرانییەکی زۆر لای ئەو گەنج و رۆژنامەنووسانە دەبینرا کە لەهۆڵەکەدا ئامادەبوون و بەتایبەتی ئەو رۆژنامەنووسانەی کە بەرهەمەکانیان ناردبوو بۆ ئەوەی ئەو خەڵاتە وەربگرن.

ئاسۆ عوسمان، گەنجێک بوو بەگوتەی خۆی نە رۆژنامەنووسەو نە بەشداری پێشبڕکێیەکەشی کردووە، بەڵام پێیوایە خەڵاتەکان دراوە بەکەسی نەشیاو "دەزانم خەڵکی لەمانە شیاوتر هەیە کەخەڵات بکرێن و رێزی لێ بنرێت".

ئیبراهیم عەلی، بەرپرسی نووسینگەی گۆڤاری لڤین لەهەولێر، کە خەڵاتی رێزلێنانی رۆژنامەنووسی تیرۆرکراو سۆران مامە حەمەی وەرگرت، پێیوابوو بۆ دابەشکردنی خەڵاتی باشترین رۆژنامەنووس و لاوی ساڵ ئەوە رەچاو نەکراوە کێ شایستەی ئەو خەڵاتەیە "چەندین هاورێی رۆژنامەنووسم هەیە، کە توانایەکی باشیان هەیەو بەرهەمیان پێشکەش کردووە، بەڵام خەڵاتنەکراون".

هەروەها عەلی سدیق، سکرتێری نووسینی رۆژنامەی ئاسۆ، یەکێکبوو لەو رۆژنامەنووسانەی کە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین رۆژنامەنووسی ساڵ بەرهەمەکانی خۆی پێشکەش کردبوو، بەنیگەرانیەوە دەیڕوانییە ئەو شوێنەی کە وەزیری وەرزش و لاوان وێنەی لەگەڵ رۆژنامەنووس و لاوە هەڵبژێردراوەکانی ساڵ دا دەگرت.

ئەو رۆژنامەنووسە، دابەشکردنی ئەو خەڵاتانە بە جۆرێک لەتەوافوق لەنێو حیزبەکان دەبینێت "زۆرینە بۆ پارتی و یەکێتییە، پاشان یەکگرتوو، تەنیا هەوار کە لەرادیۆی نەوایە، حیزبی نییە، ئەویش تەنیا بۆ ئەوەیە رەخنەیان لێنەگیرێت".

بە پێچەوانەی رای ئەو رۆژنامەنووسانە، تامان شاکر، ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندنی باشترین رۆژنامەنووسی ساڵ، رەتیکردەوە کەسەکان لەسەر بنەمای حیزبی دەستنیشانکرابن "ئەو کەسایەتییانەی هەڵبژێردراون، لەسەربنەمای سیڤییەکانیان بووە، هیچ رۆژنامەنووسێکی ئەهلی سیڤی نەناردووە و لەسەر بنەمای کارو ماندووبوونیان بڕیارمداوە".

جگە لەو رەخنانە، رەخنەی ئەوەش لە فیستیڤاڵی ئەمساڵ گیرا، کە هیچ گەنجێک لە پارێزگای دهۆک هەڵنەبژێردرابوو، هەروەها بۆ خەڵاتی رۆژنامەنووسانی وەرزشیش پێوەری تەمەن رەچاو نەکرابوو. واتە کەسانی زۆر سەرووی 30 ساڵی خەڵاتکران.

زۆربەی ئەو گەنجانەی کە رەخنەیان دەگرت، پێیانوابوو وەزارەتی وەرزش و لاوان بەرپرسە لەو کەموکورتیانە.

ئەمیر حاجی داود، بەرپرسی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، کە سەرپەرشتی فیستیڤاڵەکەی دەکرد، پێیوایە ئەو کەسانەی دەڵێن خەڵاتەکان لەسەر بنەمای حیزبی و تایبەتی دانراون، ئەوانەن کە دەرنەچوون "مانای وانییە ئەگەر لەشوێنێک دەرنەچیت غەدرت لێکراوە، ئەوە پێشبڕکێیە و هەموو کەس دەرناچێت".

ئەمیر حاجی داود، رەتیشیکردەوە کە رەچاوی ئینیتمای حیزبی کەسە خەڵاتکراوەکان کرابێ" ئەگەر حیزبایەتی بکرایە بەو شێوەیە نەدەبوو، ئەو رۆژنامەنووسانەی کە دەرچوون باشترین و چاکترین ئەو رۆژنامەنووسانە بوون کە سیڤی خۆیان پێشکێش کردبوو، ئەو لێژنانەش کە ئەو لاوانەیان هەڵبژارد تاوەکو ئێستا خاوێنترین لێژنەبوون کە کاری هەڵبژاردنیان کردبێت".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی وەرزش و لاوان، رەخنەی زیاتر لەو کەسانە دەگرێت کە دەڵێن خەڵاتەکان لەسەر بنەمای حیزبی دابەشکراون "یەک رۆژنامەنووس خەڵاتکراوە، ئەویش لەرۆژنامەیەکی سەربەخۆ بوو، کە رۆژنامەی هەواڵە، ئەگەر رۆژنامەی هەواڵ بەحیزبی دابنرێت ئەوا سەرجەم رۆژنامەکانی دیکەش حیزبین".

بەڵام عەلی سدیق، سکرتێری نووسینی رۆژنامەی ئاسۆ،دەڵێ "بژار حەکیم لەبواری رۆژنامەنووسیدا خەڵاتکراوە، لەسەر رێکخراوە دیموکراتییەکان دانراوە".



# کەڵکەڵەی خەڵات وەرگرتن



لەیلا حەمید

دڵخۆشم چونکە گەشبینم؛ گەشبین بەوەی بەڵکو رۆژێک منیش لەم بەخششە بەبڕشتەی خەڵات بەشینەوە و رێزلێنانە پشکۆکەیەکم بەر کەوێت و، وەک نموونەی لاوی هونەرمەند و بەهرەمەندی کورد دەستنیشان بکرێم. بەڵام داخی گرانم! نازانم ئەم رێ تێچوونە دڵخۆشکەرە کەی دەبێتە راستی و، لەوە خراپتر هەر ناشزانم کام وەزارەت خەڵاتم دەکات، وەزارەتی وەرزش و لاوان یان وەزارەتی رۆشنبیری. تۆ بڵێی تا وەدیهاتنی ئەم داهاتووە نەزانراوە وەزارەتەکانی دیکەش، وەک وەزارەتی کشتوکاڵ یان کارەبا یاخود بازرگانی بیرێکی سەردەمیانەی لەم چەشنەیان بەخەیاڵدا نەیێت؟ ئەی بۆ نا؟ رەنگە.

پاش ئەم هەموو فێستیڤالی رێزلینان و کۆنسێرت و کەرنەڤاڵانە، ئاساییە مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە کە داهێنەرایەتی گەیشتووەتە لووتکە و کۆمەڵگە لە زۆربەی هەرە زۆری بوارەکاندا لە خۆی بووەتەوە و کێشەکانی یەکلا کردوونەتەوە، هەربۆیەش کاتەکە لەبارە بۆ ئەوەی هەندێک کەسی دەستپێشخەر و داهێنەر کە ئەم گۆڕانە کتوپڕەیان هێناوەتە دی، لە چەندین فێستیڤاڵدا رێزیان لێ بگیرێت. پاساویش بۆ هەبوونی کونسێرتەکان ئەوەیە کە لەبری ئەم ماندبوونەیان خەڵک پێویستیان بە پشوویەکە. بەڵام بۆ خۆمانی لێ گێل بکەین. لە سای بۆنە ئایینی و حکومی و نەتەوەییەکانەوە ئەوەندە بۆنە هەن کە سێ جار ئەوەندەی وڵاتانی پێشکەوتوو پشوو وەردەگرین. شەممە و یەکشەممە و دووشەممە پشوو بێت خەڵکەکە رۆژەکانی دیکەی هەفتەشی بەگەڵ دەدات و لێی پاڵ دەداتەوە. ئینجا کاممان ئەوەندە ماندووین؟! کاممان کارێکی ئەوتۆی پێشکێش کردووە کە بەڕاستی داهێنەرایەتی یان ماندووبوونێکی راستەقینەی پێوە دیار بێت. ئەو نیۆتۆنە دەستباڵایەی کە ئێستا یاساکانی لە زۆربەی بوارە زانستییەکان بنەمای کاری زانایانی هاوچەرخە، ئەو کەسەی لەبەر ماندوێتی و سەرقاڵی لەجیاتی هێلکە کاژێرەکەی کوڵاند بەڕاستی داهێنەر و شایستەی ئەو هەموو رێزە بووە کە لێی نراوە.

باشترە بە گشتاندنێک تەڕ و پووش پێکەوە نەسووتێنین. بێگومان ئەو کەسانە هەن کە لەبواری پسپۆریی خۆیاندا جێی پەنجەیان دیارە و بەڕاستی شەکەتی دەرخستنی تواناکانیان و خزمەتکردنی کۆمەڵگەن. لە لایەکی دیکەشەوە هاندانی خەڵک و بەتایبەتیش لاوان بۆ چالاکانە هاتنە نێو گۆڕەپانی کار ئەرکی حکومەتە و پێویستە ئەم ئەرکە بە لەبارترین شێواز جێبەجێ بکرێت. بەڵام خاڵی مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە زۆری ئەم هەمو بۆنە و ئاهەنگ گێڕانانە رواڵەتێکی گەلێک تەواو و سەردەمیانە دەداتە واقیعی ژیانی مرۆڤ و بەتایبەیش گەنجانی کۆمەڵگەکەمان. کاریگەریی پێچەوانەوەش لەوەدایە کە مرۆڤ چ خوێندەوار چ نەخوێندەوار پاش دیتنی ئەم وێنە تەواوەی ژیان، خۆی لە ئاستی خەڵکی وڵاتانی پێشکەوتوو دەدۆزێتەوە، بێئاگا لەوەی بە چەندین دەیە لە پاش ئەوانە. پاش ئەم تێگەیشتنەشی ئاساییە کە داوای هەمان پێوەرەکانی گوزەرانی ئاسان، بەڵام بەرەنج وەدیهاتووی ئەم خەڵکە بکات. لێرەوەش داواکاری و پاشان گلەیی و گازندەکان دەزێن.

نموونەیەک بۆ ئەم رێتێچوونە هاتنی کرێکارانی بیانییە. بەم دواییە باسوخواسێکی زۆر لە سەر رەوشی گوزەرانی ئەم کرێکارانە لە کوردستان و هەروەها کاریگەرییان لەسەر باری ژیانی کرێکارانی کورد کرا. ئێستا بەشێک لە خەڵک وا دەزانن کە ئەم کارکەرە بیانییانە بەشی لاوان و خەڵکی کورد دەخۆن و بیر لەوە ناکانەوە کە زۆربەی ئەم کرێکارانە لەو شوێنانە کار دەکەن کە لاوانمان خۆیان پێ گەورەترە لەوەی لەم شوێنانە کار بکەن.

ئەوەی ئێستا دەکرێت رەنگە تەنیا هانی بەشێکی زۆر کەم لەو لاوانە بدات کە بەکارێکەوە خەریکن، چونکە زۆربەیان یان بێکارن یانیش بەری کارەکانیان لەبەر چەندین هۆ بەرهەمێکی کرچوکاڵە. چەندی سەرسڕکردنی لاوان بە بەزمی وەک گۆرانیی داواکراو و ئاهەنگ گێڕان و دوورخستنەوەیان لە واقیعی خۆیان بەردەوام بێت، ئەوەندە کۆمەڵگە بەرەودوا تەقڵە لێدەدات.

# گەنج ل دەڤەرا ئامێدیێ نەمان



(فۆتۆ:AFP)

چەند کۆچبەرێن نایاسایی ل ترکیا بەرەڤ یۆنان ب رێدکەڤن

عەلی عەبدوڵلا
رووداو-ئامێدیێ

## 28 گەنج ل سێ هەیڤێن چۆیی دنیڤبەرا تورکیا و یۆنان دا خەندقین

28 گەنج ل سێ هەیڤێن چۆیی دنیڤبەرا تورکیا و یۆنان دا خەندقین دەرکەفتن ژ وەلاتی یا بوویە خەونا گەلەک ژ گەنجێن دەڤەرا ئامێدیێ، ژبەر وێ چەندێ کو ب دیتنا وان ژیان لێرە ب زەحمەت کەتییەو ئەو نەشێن ژنێ بینن و خێزانەکێ پێکبینن، هەرچەندە هندەک ژوان گەنجێن ڤێگاڤێ لدەرڤەی وەڵاتینە پەشیمانن و سەدەمە سەرەکیا ڤێ چوونا گەنجا ب چاڤلێکرن دزانن.

شەعبان سەلیم، 30 ساڵ ئاکنجیێ ناحیا دێرەلوکێ، دبێژە کو تنێ دڤێ هاڤینێ دا ل تاخا وان، 12 گەنج چووینە دەرڤەی وەلاتی" هندەک ژوانا گەهشتینە یۆنان و هندەکێن دی ژی 3-5 جاران هەولداینە، بەلێ هاتینە سنووورداشکرن".

شەعبان، کو نووکە پێشمەرگەیە و مووچەیێ وی 270 هزار دینارن، دبێژیت ژیانا خەلکێ دەڤەرا ئامێدیێ بزحمەت کەتییە، پڕانیا وان ب مووچێ فەرمانبەریێ و خودانکرنا ئاژەڵا و کشتوکاڵی دژین " ئەز هەتا نووکە نەشیامە کارێ ژن ئینانێ بکەم، باوەڕناکەم پێنج سالێن دی ژی بشێم ژنێ بینم، لەوڕا ئەگەر من پارە هەبان خۆ رۆژەکێ ژی ئەز ل کوردستانێ نە دمام".

کاروان عەلی، 19 ساڵ، ئاکنجیێ ناحیا دێرەلوکێ، چار جارا هەوڵدایە بگەهیتە ئەورووپا و هەر چار جاران هاتییە سنووورداشکردن و دبێژی" من پتر ژ 70 وەرەقێن دۆلاری مەزاختینە".

کاروان، دبێژە ئەو ژیانا دووبراێن خوە دبینی، کو هەردووک فەرمانبەرن و مووچەیێ وان تێرا نیڤا هەیڤێ ناکەت و هەروەسا دبێژیت " ئەم د مالاخۆ دا 7 براینە و بتنێ مە خانیەک هەیە، لبەر هندێ دێچم دا بو مال کار کەم".

لێ دەولەتێن ئەورووپی مافێ پەنابەریێ نادەنە کوردێن هەرێما کوردستانێ و نووکە هزاران گەنجێن کورد ل ئەورووپا ل بەر گەفێن زڤراندنێنە و نهاژی د ژیانەکا گەلەکا نەخۆشدا دژین، لێ کاروان دبێژە " ئەز نەشێم ل ڤێرە بژیم، ژیێ من سەد سال و رۆژەک بن،من بەس رۆژەک مابیت ئەز دێ هەر چمە ژ دەرڤە".

حسێن حەسەن، تەمەن 22 سال، لبەر وێ چەندێ کو ئەویش لمالا خوەدا 10 کەسن و نەشێن بپارێ خۆو دوو براێن دیێن ویش کو هەمی پێشمەرگەنە ژیانەکا خۆش بسەرببەن، چوونە دەرڤە بوویە خەونا وی و هتا نووکە دووجاران ل سەر هندێ هاتییە سنووورداش کرن" من گۆت پێدڤییە ئێک ژ مالامە بچیتە دەرڤەی وەلاتی، داکو ژیانەکا خۆش برێڤە ببەین، چونکی هەر مالەکا ئێک ژ دەر ڤەبیت، بارێ وان یێ ئابووری گەلەکێ باشە".

ئەڤ بۆچوونا گەنجێن ڤێرە د وەختەکیدایە کو گەنجێن دیێن ئاکنجی وەڵاتێن دەرڤە بۆچوونەکا دی هەیە، خۆ ب پەشیمان نیشانددەن و هیڤی ل گەنجێن کوردستانێ دکەن کو خەلەتیا وان دووبارە نەکەن.

دیار نهێلی، 21 ساڵ، ل کەمپەکێ وەلاتێ هۆڵەندا ئاکنجیە، د پەیوەندییەکێدا دگەل (رووداو) پەشیمان بوونا خۆ ئاشکرا کر و گۆت " ساڵەکە ئەز ل هۆڵەندا دکەمپێ ڤە دژیم، ئەگەرێ چۆنا من بۆ دەرڤە پتر چاڤلێکرن بوو، چ نەخۆشی من نەبوون، بتنێ حەفتیانە 54 یۆرۆیا ددەنە مە". ئەوی گەنجی بەحسێ هندێ کر کو دەنگێ دەفێ ژ دیرێ خوشەو هەر کەسێ وەکی وی بکەتن دێ پەشیمان بیت"ئەز چ ژ پاشە رۆژا خو نزانم، من ماف نینە کار بکەم، بلا کەس خول ڤێریکێ نەدەت، دێ پەشێمان بیت".

ل گۆر پێزانینێن، قاچاخچییەکی، کو نەڤیا ناڤێ وی بهێتە بەلاڤکرن، گۆت ل ڤان سالێن دوماهیێ چۆنا گەنجان بۆ دەرڤە هەر یا بەردوامە .ئەو کو پێنج ساڵە کارێ ڤەگوهاستنا گەنجان بۆ دەرڤەی وەڵاتی دکەت، گۆت"دڤان پێنج سالان دا من نێزیکێ 100 کەس دەربازی ئەورووپا کرینە، گەلەک قاچاخچی یێن دی یێن هەین ل ڤێ دەڤەرێ ڤی کاری دکەن، وان ژی گەلەک گەنج فرێکرینە". هەروەسا گۆت" دڤان سێ هەیڤێن بووری دا من نێزیکی 50 گەنج فرێکرینە دەرڤە، ژوانا تەنێ 15 گەنج خلاس بووینە، نووکە ل دەرڤەی وەلاتی دژین".

وەک وی دا زانین، بهایێ گەهاندنە یۆنان ل سالێن چۆیی 4500 دۆلار بوون، بەلێ ئەڤ ساڵە بوویە 6500 دۆلار.

زێدەبوونا چۆنا گەنجان بو دەرڤەی وەڵاتی ددەمەکێ دا یە، کو مافێ پەنابەریێ ل وەڵاتێن ئەورووپا زۆر ب زەحمەت کەتییە و، ل دووڤ نویترین ئامارا سنووورداشان ل گومرکا ئیبراهیم خەلیل، دئەڤ ساڵە دا ژمارا سنوردداشان گەهشتییە دوو هزار کەسان کو پڕانیا وان تەمەنێ وان دناڤبەرا 12-35 سالێ دانە، هەروەها دڤان سێ هەیڤاندا 28 کورد کو پڕنیا وان گەنج بوون ددەریایێن دنیڤبەرا تورکیا و یونان دا خەندقینە و هێشتا زۆر ژوان نەهاتینە ڤەدیتن.

محەممەد عەبدوڵلا،کو ئێکە ژ نڤیسکارێن دەڤەرا ئامێدیێ و بەرپرسێ سەنتەرێ رەوشەنبیریێ ئامێدیێ یە ل دۆر ئەگەرێن چۆنا گەنجێن دەڤەرا ئامێدیێ گۆت" چەند خالەک هەنە دکەڤنە درێکا گەنجی دا، ژوانا چاڤلێکرن، گەنجێ مە ل وەلاتێ مە هند یێ ئازاد نینە حەزو ڤیان و غەریزا خۆ یا سکسی تێر بکەت، وی دڤێت دەرکەڤیت حەز و ئارەزووێت خۆ تێر بکەت، گەلەکا ژی بارێ وان یێ ئابووری نە یێ باشەو دەرفەتێن کاری نینە، ڤێجا هەوڵددەن بچنە دەرڤەبو خوشکرنا ژیانا مالا خۆ".



**ژیێ من سەد سالبن، بتنێ رۆژەک مابیت دێ هەر چمە ئەورووپا**
گەنجەک

## وەڵام و بە دواداچوونی خوێنەران

rudaw@rudaw.net

## دەڵاڵخانە گەرمترە

ڕەنجدەر ئیسماعیل، خاوەنی دوکانی پێڵاوفرۆشییە لەدەڵاڵخانەی هەولێر، ئێستا بەپێی جێبەجێکردنی نەخشەی بنەڕەتی هەولێر، دوکانەکەیان تێکدەدرێ و دەگوازرێنەوە بازاڕی نیشتمان.

**ڕووداو: ئەو پڕۆژەی حکومەت چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**ڕەنجدەر:** ئەو پڕۆژەیە زیانی بۆ ئێمە هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو دوکانەکانی دەڵاڵخانە زۆر گرانترن لەچاو دوکانەکانی بازاڕی نیشتمان، دوکانەکانی ئەوێ بەکەڵک نایەن، جێگای دانانی پێڵاویان تێدا نابێتەوە.

**ڕووداو: وەک ئێرە بازاڕتان باش نابێت؟**

**ڕەنجدەر:** بازاڕمان هەرنابێت، لێرە ئەوپەڕی 100دوکانە، 20 دوکان پێڵاو فرۆشە، بچینە ئەولا 200 پێڵاوفرۆشە، لێرە کرێمان 250 هەزارە، بچینە ئەوێ مەتری 50 دۆلارە.

**ڕووداو:پێتوانییە بۆ جوانکاری شار پڕۆژەیەکی پێویستە؟**

**ڕەنجدەر:** پێمان ناخۆش نییە کە دوکانەکان تێکدەدەن، خۆشحاڵین شارەکە جوان بێت، بەڵام با بەدوکاندارەکانیان بگوتایە داوای چی دەکەن؟، هەموو پێڵاو فرۆشەکانیان لەنهۆمێک دانابان، مافی ئێمەیان بەتەواوی بدایە.



**ڕووداو: چ داواکاریەکتان هەیە؟**

**ڕەنجدەر:** ئەگەر شوێنەکەمان بگۆڕن زۆر باشە.

## لە حیزبەوە بۆ باڵ و لە باڵەوە بۆ ماڵەوە

ماوەی چەند ساڵێکە کێشەی باڵ باڵێن و ململانێی لە ناو دەسەڵاتی کوردی دا سەری هە ڵداوە و چەندین کێشەی جیا جیای لێکەوتووەتەوە. چەندەها کەسی دیاریش بەوهۆیەوە لە کارەکانی خۆیان دوورخراونەتەوە، لەکاتێکدا کە دوژمنانی کوردیش ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیاد بوونن.

هیچ کام لە دەوڵەتە عەرەبییەکانی سەر ئەم گۆی زەویە دان بە بوونی کوردستان دانانێن، تورک ئەوەتەی هەبووە هەوڵی لە ناوبردنی کوردی داوە، ئێستاش ئەگەر پێی بکرێت چوار پارچەی کوردستان دەکاتە چلو چوار پارچە. ئەمە جگە لەوەی چەندەها دوژمنی دیکەمان هەیە. ئیتر باڵ باڵێن و حیزبایەتی و خۆخۆری بۆچی و تاکەی؟

حیزبایەتی و باڵ باڵێن، کوردستانی بەرەو پاشەوە بردووە. لە کاتێکدا تا ئەم کاتە نەتوانراوە لەباشووری کوردستان جادە و بانێکی باش دابین بکرێ و کیشە ی کارەباو ئاو چارەسەر نەکراوە، هەژاری خەڵکەکەش لەولاوە بوەستێت، بەڕاستی هەر ئەقڵی حیزبایەتی و باڵ باڵێنەکەتانە وایکردووە عێراق، بە کوردستانیشەوە دووهەمین وڵاتی گەندەڵی بێت لە سەر ئاستی هە موو دنیا. چارەسەرێکی کێشەی منداڵە شەهیدەکان بکەن، چیتان داوە لە باڵ باڵێنی. تەلارەکانتان لە کوردستاندا مەبەن بە ئاسماندا و ڤێلا ی گرانبەها دروست مەکەن و لە وڵاتە عەرەبییەکان قەسرو قسوور مەکڕن بە سە دەها دە فتەر دۆلاری تێبچێت و لە نیوەشەودا پیاوەکانتان مەنێرنە سەر تەلەبە مانگرتووەکان، هەر وەک بەرامبەر تەلەبەکانی بەشی کۆمپیوتەری زانکۆی سلێمانی کردتان. بەڵکو کێشەی گەنجە مانگرتووەکان چارەسەر بکەن. گەنج لە کوردستاندا نەما و ڕۆژ نییە بە دەیان گەنجی کوردستان خۆیان لە ڕێگەی هەندەران نەدەن لەبەر نە بوونی قانون و ژیان لە کوردستان.

پێشەنگای نێودەوڵەتی هەولێرمان ناوێت کاڵای تورکی تێدا نیشانبدرێت، ڕێگە لە کوشتنی ئافرەتان بگرن، ڕۆژ نییە تەرمی ئافرەتێکی کوردستان نەدۆزرێتەوە. 18 ساڵە نە باڵ و نە حیزب نەیانتوانیوە ڕێگە لەم دیاردەیە بگرن، بگرە لە زۆر شوێندا ئە نجامدەریشی بوون.

چی لە پەسەندکردنی یاسای قەدەخەکردنی کێشانی جگەرە لە شوێنە گشتییەکان بکەم، کە خەڵک لەهەندێ شار ئاوی پاکی خواردنەوەی نەبێ و کارەبای نەبێ وگرانی و بێ ساحێبی بازاڕ و یاریکردن بە نرخی کاڵاکان لە لایان فرۆشیارەوە تەنگی بە هاووڵاتیان هەڵچنی بێ.

ئەمە جگە لەوەی دوای پەسە ندکردنی یاسای قەدەخەکردنی جگەرەکێشان لە شوێنە گشتییەکاندا بە چەند ڕۆژێک وێنەی چە ند ئەندام پەرلەمانێک بڵاوبووەوە کە لە پەرلەماندا جگەرە دەکێشن. ئیتر نازانم لە پەرلەمان شوێنی گشتیتر هەیە؟

تۆو خاکی کوردستان لە کام وتەمدا ڕاستیم نە وتوە؟ ئەگەر بە ویژدانەوە بڕوانینە ڕاستییەکان دەبێت چەند هەق بەم وتانە ی من بدرێت و تا چەند هەق بەو بە لێنە ناڕاستانەی دەسەڵات و قسەی بریقەداری پیاوانی حیزبی بدرێت.

**کاروان- سوێد**

**Kuri.Siemany@hotmail.com**

## حاجی عومەر مالیکی هەڵدەسەنگێنێ

حاجی عومەر خدر، 53ساڵ، 32ساڵە لەناو بازاری شاری هەولێر دوکانداره و لە شۆرشی ئەیلول دا پێشمەرگە بووە:

**ڕوودا: پێتوایە مالیکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆنە؟**

**حاجی خدر:** مالیکی بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ کوردستان ناگونجێت، لەبەر ئەوەی ناوەناوە کێشەیەک بۆ کورد دەدۆزێتەوە، ڕۆژێک سەحوە دروست دەکات، ڕۆژێک فەوج دروست دەکات، بۆیە حکومەتی مالیکی بەدوژمنی خۆم دەزانم، عەرەب هەرگیز لەگەڵ کورد بەوەفا نابێت.

**ڕووداو: مالیکی جیاوازی هەیە لەگەڵ سەرۆکەکانی پێشوو؟**

حاجی خدر: مالیکی هەر پەیرەوەی جەعفەرییە، جارجار قسەی خۆشت لەگەڵ دەکات، بەڵام دەیەوێت بتخافڵێنێت تا خۆی بەهێز بکات.



**ڕووداو: بەپێویستی دەزانی هەوڵی گۆڕینی مالیکی بدرێت؟**

**حاجی خدر:** ئەگەر مالیکیش لابدرێت، ئەوانیتریش هەر بەهەمان شێوەن، چونکە پەیرەوی خۆیانە، ئەوە مێژووی عەرەبە لەگەڵ کورد، هەرجارێک کە خۆیان بە باشی نیشاندەدەن لە لاوازیانە.

**ڕووداو: ئەی چارەسەر چییە؟**

**حاجی عومەر:** کورد تەنیا بە یەکگرتن دەتوانێت ڕووبەڕوویان ببێتەوەو، پشت بەهیچ لایەک نەبەستێت، کوانێ حکومەتەکەیان یەکیگرتەوە؟، جاران یەک ئامانجمان هەبوو تەنیا کوردایەتی بوو، ئێستا 25حیزبن، تەنیا دەیانەوێت کورسیەکەی خۆیان بپارێزن، ئەگەر مەبەستیان میللەتە، دەبێت یەکبگرن.

# جەژنی سەری ساڵ موسڵمان و مەسیحییەکان کۆ دەکاتەوە

**ئازیز مەحمود و هەژان خالید**

**ڕووداو-سلێمانی**

سەفەری ئەمجارەی نەوای تەمەن 19 ساڵ لە قەزای هەڵەبجەوە بۆ شاری سلێمانی بە مەبەستی بەشداربوونە لەو ئاهەنگە خێزانییەی کە خزمەکانی بەبۆنەی سەری ساڵی تازەی زایینیەوە دەیگێڕن. نەوا گوتی "لەماڵەوە درەختمان ڕازاندووەتەوەو خۆمان ئامادە کردووە بۆ جەژنی سەری ساڵ، خۆم و منداڵەکانم هاتووینە سلێمانی بۆ ئەو بۆنەیە ".

هەرچەندە جەژنی سەری ساڵ بە بۆنەیەکی تایبەت بەمەسیحییەکان ناسراوە، بەڵام بەشێکی زۆری موسڵمانیش بەشداری لەو بۆنەیەدا دەکەن و درەختی کریسمس دەکڕن بۆ ڕازاندنەوەی ماڵەکانیان، بگرە هەندێک لەموسڵمانەکان گەرموگوڕتر لە کریستیانەکانی کوردستان ئەو بۆنەیە بەڕێدەکەن.

نەوا یەکێکە لەو موسڵمانانەی بەر لەهاتنی ئەو جەژنە خۆی ئامادە کردووە، ئەو هەرچەندە موسڵمانە، بەڵام خۆشحاڵە بە بەشداریکردنی لەو جەژنەدا و بە جەژنی خۆی دادەنێ . ئەو کە لە یەکێک لەدوکانەکانی جوانکاری خەریکی کڕینی چەند پێداویستییەکی ئەو جەژنە بوو گوتی "موسڵمان و مەسیحی هیچ جیاوازیەکیان نییە، ئەو جەژنە جەژنی هەردوو لایە".

بەر لەهاتنی شەوی سەری ساڵ، دوکانەکانی جوانکاری جمەیان دێ لەو کەسانەی بەمەستی کڕینی پێداویستی ئەو جەژنە ڕووی تێدەکەن، بەتایبەتیش داری کریسمس.

ئامانج حەبیب، کە دووکانی گوڵفرۆشی هەیە لەشاری سلێمانی، باسی لەوە کرد ڕۆژانە خەڵێکی زۆر کە زۆربەیان موسڵمانن ڕوو لەدوکانەکەی ئەو دەکەن بۆ کڕینی گوڵی سروشتی و درەختی کریسمس. ئامانج بۆ (ڕووداو) گوتی "لە ماوەی کەمتر لە پێنج ڕۆژدا 15 درەختی کریسمسان فرۆشتووە، چوومەتە بازاڕی جوملە بۆئەوەی درەخت بێنم گوتیان نەماوە".

لە ڕۆژی 25ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک تا6ی کانوونی دووەم، مەسیحییەکان سەرقاڵی یادکردنەوەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا و جەژنی سەری ساڵی نوێن و پێشوازی لەو موسڵمانانە دەکەن کە بۆ پیرۆزباییکردن سەردانیان دەکەن و بەشداری ڕێورەسمەکانیان دەکەن.

سۆزان مەحمود، 24 ساڵ، جیاوازی ئایین ڕێگەی لێناگرێت بەشداری ئەو بۆنەیە بکات. ئەو، کە سوچێکی ژوورەکەی بە درەختی کریسمس ڕازاندووەتەوە، گوتی "یادکردنەوەی ئەم جەژنە لای من تەنها بە ڕازاندنەوەی درەخت نییە، بەڵکو لە ڕۆژی جەژندا دەچمە کڵێسەش و بەشداری مەراسیمەکان دەکەم".

قەشە دەنحا حەننا، نوێنەری پاتریاکی کلدان لەسلێمانی، سەبارەت بەبەشداری موسڵمانان گوتی ئەو بۆنەیە تایبەتە بە مەسیحییان، بەڵام هەر کەسێک بەدڵێکی پاکەوە بێت دەتوانێت بەشدار بێت "خەڵکانێک هەن مەسیحیش نین، بەڵام لەگەڵمان بەشدار دەبن".

بەپێی قسەکانی ئەو قەشەیە، ئەو جەژنە بەجەژنی یەسوع مەسیح ناسراوە و هەروەها بەجەژنی ئاشتیش ناو دەبرێت، کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی لەدایکبوونی مەسیح، قەشە دەنحا گوتی "مەسیح ڕزگارکەری جیهانە و ئاشتی بۆ جیهان هێناوە"، هەروەها گوتیشی "ئەو جەژنە جەژنی لێبووردەیی و ئاسوودەییە، بۆیە ئەوانەی قسەیان لەگەڵ یەک نییە دەبێت لەگەڵ یەکتری ئاشت ببنەوە".

درەختی کریسمس کە لەدوای سەدەی 15 وە زۆرتر بڵاو بووەوە بیروڕای جیاواز لەسەر مێژووی درەختەکە، یەکێک لەوانە دەڵێت درەختی کریسمس پەیوەندی بەجەژنی لەدایکبوونی خوری ڕۆمانەکانەوە هەیە، بەڵام مەسیحییەکان مانایەکی دیکەیان پێداوە.

یەکەم درەخت کە لەلایەن مەسیحییەکانەوە ڕازێنراوەتەوە بە گوڵ و قوماشی ڕەنگاو ڕەنگ لەساڵی 1605 بوو لە ستراسبۆرگ. دواتریش لە ساڵی 1840 لە سەردەمی شازادە ڤیکتۆریا لە قەسری مەلەکی بەریتانیا گەورەترین داری کریسمس ڕازێنراوەتەوە هەر بۆیە لەدوای ئەو ساڵە بەشێوەیەکی زۆر خێرا بڵاوبووەوە.

مەسیحییەکان درەختی سنەوبەریان هەڵبژاردووە وەک داری کریسمس، سەبارەت بە هۆی هەڵبژاردنی ئەو دارە، قەشە دەنحا گوتی " لەبەر ئەوەی درەختی سنەوبەر هەمیشە سەوزە و بەری هەیە و ڕەمزێکە بۆ حەزرەتی عیسا، کە هەمیشە بەسەوزی دەمێنێتەوە".

ئەو قەشە زۆر دڵخۆش بوو بەو بارە ئارامەی لەکوردستاندا هەیە و کە لە سایەیدا توانیویانە بەبێ ترس سروت و ڕێورەسمەکانیان ئەنجامبدەن، ئاماژەی بەوەشدا چەندین مەسیحی لەبەغداوە بەهۆی خراپی باری ئەمنی ڕوویان لەکوردستان کردووە بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕێورەسمانە لە کوردستان.



چەند منداڵێک لە سلێمانی لە دەوری داری کریسمس کۆ دەبنەوە (فۆتۆ:ڕووداو)

# تێکدانی بازاڕی دەڵاڵخانەی هەولێر دەستی پێکرد



بازاڕی دەڵاڵخانەی هەولێر لە تێکدان دایە (فۆتۆ:ڕووداو)

**سۆران بەهائەددین**

**ڕووداو-هەولێر**

لەکەشوهەوایەکی باراناویدا، دوکاندارەکانی ناو بازاڕی دەڵاڵخانەی هەولێر، خەریکی چۆڵکردنی دوکانەکان بوون، هەروەها هەندێک لەدوکاندارەکان کەلوپەلەکانیان هەڕاج دەکرد، تاوەکو دوکانەکانیان زووتر چۆڵبکەن، هەندێکیشیان بەئۆتۆمبێل و عەرەبانە شتەکانیان دەگواستەوە، دەنگی مشارو کۆسەرەش کە خەریکی بڕینەوەی دەرگاو پەنجەرەی دوکانەکانی بازاڕەکە بوو، دیمەنی ناوچەیەکی پیشەسازی دروستکردبوو.

دەڵاڵخانە بازاڕێکی میللی کۆنی هەولێرە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەڵای هەولێر، بازاڕێکی هەمەجۆربوو، لەچاو شوێنەکانی دیکە هەرزانترین کەلوپەلی لێبوو، یەکەم شوێن بوو بەر پڕۆژەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر کەوت و بڕیاری تێدکدانی چوووە بواری جێبەجێکردنەوە.

تاهیر سابیر، لەسەر کەلوپەلی دوکانەکەی هەڕاجی نوسیبوو، بۆ ئەوەی خەڵک زیاتر ڕوو لەدوکانەکەی بکەن و شتەکانی بفرۆشرێت، چونکە تاهیر ترسی ئەوەی هەیە، لەبازاڕی نیشتیمان کە بۆیان دیاری کراوە نەتوانێت کاڵاکانی وەک جاران ساخ بکاتەوە.

لەگەڵا ئەوەی تاهیر ئاماژەی بەوەدا لەو پڕۆژەیە دوکاندارەکان تارادەیەک زەرەریان کردووە، بەڵام بەپڕۆژەیەکی باشی وەسفکردو گوتی "بۆ جوانکاری شارەکە پێویستە، ئەو سەوزاییە بۆ تەندروستی خەڵکی شار باشە، پێشتر دوکانەکان شاریان تێکدابوو، زۆر پیسیان دەکرد".

بەپێی ماستەر پلانی شاری هەولێر کە لەلایەن کۆمپانیای (دارولهەندەسە)ی لوبنانی دیزاین کراوە، بازاڕی دەڵاڵخانەو بەشێک لەبازاڕی سەنتەری شارو هەر سێ گەڕەکی خانەقاو عەرەب و تەعجیل و گەڕەکی پزیشکان و چەند بینایەکی حکومی تێکدەدرێن و شوێنەکەیان دەکرێتە پارک و سەوزایی و باڵەخانەی بازرگانی .ئێستاش وەک جێبەجێکردنی قۆناخی یەکەمی پڕۆژەکە دەستکراوە بەتێکدانی بازاڕی دەڵاڵخانەی هەولێر.

حاجی باوەڕ، قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر بەوەکالەت، کە سەرپەرشتی لیژنەی قەرەبووکردنەوەکە دەکات، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە بازاڕی نیشتیمان 640 دوکان بۆ 620 کەس دیاری کراوە "دوکاندارەکانیش بەڵێنیان داوە هەموویان بێن، تا ئێستا 560 کەس کارتی دوکانەکانی بازاڕی نیشتیمانیان وەرگرتووەو هەر کەسێک کارتی وەرگرت دەبێت دوکانەکەی دەڵاڵخانەی چۆڵا بکات".

بەپێی ماستەرپلانەکە شوێنی ئەو بازارە کۆنە دەکرێتە سەوزایی، لەو بازاڕەدا جگە لەخاوەن دوکان و کرێچییەکان، دەیان کەسی دەستگێڕ کاریان تێدادەکرد، بەوەش خەڵکانێکی زۆر زەرەرمەند بوون، بۆیە بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، 35 ملیۆن دۆلار، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو دوکان و باڵەخانانە تەرخان کرا، کە بەهۆی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەوە تێکدەدرێن.

بەشێکی زۆر لە فرۆشیارەکانی ناو دەڵاڵخانەی هەولێر هەر لەناو بازاڕەکەدا لەسەر مێزێکی بچووک یان هەر لەسەر دەستیان شتەکانیان دەفرۆشت، بەڵام تا ئێستا تەنیا خاوەن موڵک و کرێچی دوکانەکان قەرەبوو کراونەتەوە.

شاکر عەباس، کە لەسەر مێزێکی بچووک کەمالیاتی دەفرۆشت، باسی لەوە دەکرد کە تا ئێستا چارەنووسی ئەوان دیار نییە قەرەبوو دەکرێنەوە یان نا "دەڵێن دوای سەری ساڵا ناوتان دەنووسین و جێگەتان بۆ دابین دەکەین، لەو پڕۆژەیە خەڵکێکی زۆر ئیشی لەدەست دەچێت".

هەرچەندە دوکاندارەکان قەرەبوو کراونەتەوە، بەڵام زۆربەیان لەشێوازی قەرەبوو کردنەوەکە ناڕازی بوون، ڕەنجدەر ئیسماعیل خاوەنی دوکانی پێڵاو فرۆشتن، پێیوابوو جگە لەکاسبکارانی ناو بازاڕەکە، پڕۆژەکە زەرەری بۆ دوکاندارەکانیش هەبوو، لەبەرئەوەی ئەو دوکانەی کە لەبازاڕی نیشتیمان وەریدەگرن نرخەکەی یەکجار کەمترە لەدوکانەکانی دەڵاڵخانە.

ڕەنجدەر ئاماژەی بەوەشدا کە بەهۆی زۆریی کرێی دوکانەکانی بازاڕی نیشتمان ناچارن شتەکانیش گران بفرۆشن، بەوەش خەڵک کەمتر ڕوویان تێدەکات "بازاڕمان هەر نابێت، لێرە کرێی دوکانەکە 250 هەزار دینار بوو، لەبازاڕی نیشتمان مەتری 50 دۆلارە، لەوێ هەموو شت بەپارەیە، بۆ ئاودەستیش پارەت لێ وەردەگرن".

بەڵام بەگوێرەی قسەکانی حاجی باوەڕ هەموو کارەکانی قەرەبووکردنەوەی خاوەن موڵک و کرێچییەکان تەواوبووە "هیچ گرفتێک نەماوە".

لەبەرئەوەی دەڵاڵخانە بازاڕێکی هەرزان بوو، ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر ڕووی تێدەکرد، ئێستاش لەو باوەڕەدان جارێکی دیکە بازاڕێکی وا هەرزانیان دەستناکەوێتەوە.

کەمال ڕەشید 41ساڵا، خەریکی چاکردنەوەی سەعاتە خراپ بووەکەی بوو کە قسەی بۆ (ڕووداو) دەکرد، خەمی ئەوەی بوو کە دوای نەمانی دەڵاڵخانە نرخی شتەکان لەبازاڕی نیشتیمان دەبێتە پێنج قات "تەنیا هەژار زەرەر دەکات" کەمال ئاماژەی بەوەشدا هەنگاوێکی گرینگە بۆ جوانکاری شار "بەڵام پێویستە ژیانی هەژاران لەپێشتر بێت".

نەعمان نەجات 37ساڵا، شۆفێری تاکسی، بۆ کڕینی هەندێک شت ڕووی لەدەڵاڵخانە کردبوو، نەعمان نەمانی ئەو بازاڕەی بەخەمی گەورە ناوبرد بەوەی چەند ساڵە خووی پێوەگرتووەو ڕۆژانە بەتاکسی بەدەوریدا دەخولێتەوە، نەعمان باسی لەوە کرد کە گەورەترین زەرەر بەر خاوەن تاکسییەکان کەوتووە "جاران ئێرە ناوەندی کارمان بوو، بەڵام نەگبەتییەکە بۆ ئێمەیە، لەگەڵا چۆڵبوونی بازاڕەکە، کاری ئێمەش بەرەو کزی ڕۆیشتووە".

لەناو دەڵاڵخانە دیوارێک بە درێژایی بازاڕەکە دروست کراوە، حاجی باوەڕ ئاماژەی بەوەدا، کە مەبەست لەو دیوارە ناچارکردنی دوکاندارەکانە، تا بازاڕەکە چۆڵا بکەن "کە دیوارەکە تەواوبوو، چوار دەوری بازاڕەکان دەگیرێن، کەس هاتوچۆی ئەوشوێنانە ناکات و دوکاندارەکان خۆیان بەناچاری چۆڵی دەکەن".

## هەمەجۆر

لیمۆ ناتمرێنێ



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

◆ بەپێی تازەترین توێژینەوە دەرکەوتووە لیمۆ چەند جۆرە ڤیتامینی تێدایە، لەوانە G کە دژی ڤایرۆس و میکرۆبەکانی دیکەیە، ڤیتامین B دژی هەوکردن و هەڵچونی دەروونییە، وێڕای ئەمانەش (کالیسۆمی) تێدایە ئەو مادەیەش سوودی بۆ بەهێزبوونی ماسولکەکان و بەرکری لەپوکانەوەی ئێسک دەکات. هەروەها ڕوونبووەتەوە کە خواردنی لیمۆ دڵ بەهێز دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا ترشەڵۆکی لیمۆ خاوێنکەرەوە و دژی ڤایرۆس و پیسبوونی خوێنە. توێژەروان ئامۆژگاری ئەو کەسانەشیان کردووە کە تووشی هەڵامەتێکی توند دەبن، بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی دەتوانن ئاوی لیمۆی لەگەڵ کەمێک هەنگوین و بڕێک ئاوی گەرم بخۆنەوە.

# هونەرمەندانی فارس بە لێشاو بەرەو کوردستان دێن



موعین　لەیلا فروهەر　داریوش　گوگوش

**ڕووداو- هەولێر**

دوای سەردانیکردنی گۆرانیبێژی فارس شۆهرە بۆ کوردستان، سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند چەندین هونەرمەندی بەنێوبانگی دیکەی فارس وەک موعین، داریوش، گوگوش و لەیلا فروهەر بانگهێشتی کوردستان دەکرێن.

دوای ئەوەی کۆمپانیای (سانفرانسیسکۆ) بۆ جوانکاری لەشاری هەولێر، هونەرمەندی فارس شۆهرە سۆلەتی بانگهێشتی کوردستان کرد و، هۆکاری بانگهێشتی شۆهرەشی بۆ ئاگاداربوونی لەبارودۆخی ئاسایشی کوردستان گەڕاندەوە، ڕایگەیاند کە شۆهرە و شەهرام سۆلەتی بەیەکەوە لەکوردستان لەداهاتوو کۆنسێرتیان دەبێ.

سەرچاوەیەکی ئاگاداریش لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لەداهاتوودا هونەرمەندانی فارس لەیلا فروهەر، گوگوش، موعین و داریوش بانگهێشتی کوردستان دەکرێن.

# کورد بووە ڤایرۆسکوژ



**ڕووداو — مەهاباد**

کوڕە کوردێکی مەهابادی ویندۆزێکی بەگرافیکێکی جوان و خێرا دروست کردووە، کە زۆر بەئاسانی دەتوانی لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دابنێی و پێویستیشت بە ئەنتی ڤایرۆس نابێ.

محەممەد ئەمین نەدا، کە کوڕە کوردێکی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و، ئەندامی ئەنجوومەنی داهێنەران و نموونەییەکانی ئێرانە، لەبارەی ئەو ویندۆزەی دروستیکردووە دەڵێ "ئەو ویندۆزەی من دروستمکردووە، لەرووی ئەمنیەت، خێرایی و کوالیتی زۆر لەوانەی کە هەتا ئێستا هەن باشترە، جگە لەوەش ئەو ویندۆزە لەسەر هەر کۆمپیوتەرێک بێت هاک ناکرێت و پێویستیشی بە دژە ڤایرۆس نییەو هیچ ڤایرۆسێک ناتوانێ بچێتە نێو ئەو ویندۆزە".

ئەو ویندۆزە کە بە چوار زمانی کوردی، ئینگلیزی، فارسی و تورکی دروستکراوە، پێش ئەوەی محەممەد ئەمین نەدا کاری لەسەر بکات و دروستی بکات، وتارە زانستییەکەی ئەو ویندۆزە لەفیستیڤاڵی (خوارزمی) کە لەنێوەڕاستی ساڵی ڕابردوو سازکرابوو، پلەی یەکەمی بەدەستهێناو خەڵاتکرا، کە لە 3866 لاپەڕە پێکهاتبوو.

محەممەد ئەمین تائێستا 3 داهێنانی دیکەی کردووە، 15 داهێنانی دیکەشی لەبەردەستدایە.

# شاجوانی تورکیا و میسر دێنە هەولێر







**ڕووداو- PNA**

بەبەشداری هەردوو شاجوانی میسر و تورکیا، نمایشێکی جلوبەرگی جیهانی لەهەولێر سازدەکرێت.

لەمانگی نیسانی ساڵی داهاتوو پێنج پێشانگای جۆراوجۆری پیشەسازی و بازرگانی لەهەولێری پایتەخت دەکرێنەوە، هەر لەسەروبەندی ئەم پیشانگایە نمایشێکی جلوبەرگی جیهانی بە بەشداری چەندین خانە و کۆمپانیای جلوبەرگی جیهانی و وڵاتانی هەرێمی ئەنجامدەدرێ.

لەمبارەیەوە محەممەد هاشم شەریف بەڕێوەبەری کۆمپانیای (پیرامیدس گروپ)ی میسری کە بەم نمایشە هەڵدەستێت ڕایگەیاند "بە سەرپەرشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە چوارچێوەی ئەو زنجیرە پیشانگایەی کە بە هەماهەنگی لەگەڵ پیشانگای نێودەوڵەتی هەولێر ساز دەکرێن، بۆ یەکەم جار نمایشێکی جلوبەرگ ئەنجامدەدرێت، بۆیە داوا لەو کچ و کوڕانە دەکەین کەوا نیازی بەشداری کردنیان لەو نمایشە هەیە، سەردانمان بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ چەند نمایشکارێکی جیهانی لەوانەش شاجوانی میسر و تورکیا بەشداری لەو نمایشەدا بکەن".

## مامۆستایەکی قوتابخانەی شوەیفات:

# هەموو شت لە کوردستان هەیە

**ڕووداو- هەولێر**

مامۆستایەکی قوتابخانەی شوەیفات لەهەولێر کە خەڵکی لوبنانە دەڵێ کوردستان خاوەن " کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنە ". ئەو مامۆستایە کە ناوی (سیمان) ە و، یەکەمجار لەو قوتابخانە نێودەڵەتییە لەهەولێر لە ڕۆژی 2008/10/5 یەکەم وانەی لە ژیانی خۆی دا گووتەوە، لە وتارێکیدا لە ماڵپەڕی (wordpress ) دا دەڵێ بەدڵەڕاوکێوە ئەو وانەیەی گووتووەتەوە، لەبەر ئەوەی یەکەمجاریشیەتی لە وڵاتەکەی دەردەکەوێ، بەڵام وەک خۆی دەڵێ " خۆشبەختانە هەستی خۆشیم بەبوونم بەمامۆستاو وانەگوتنەوە یارمەتیدام دڵەڕاوکێکەم کۆنترۆڵ بکەم و هەستیشم کرد کە وانەیەکی باشم پێشکێش بە قوتابیان کرد".

ترسێکی دیکەی لەو سەفەرەی ئەو مامۆستایەی بیرکاری بۆ کوردستان ئەوەبووە" زۆر دەترسام ئەو کەلوپەلانەی من بەکاریان دەهێنم لەوێ دەست نەکەون، بەڵام خۆشبەختانە ئەو کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنە و هەموو پێداویستییەکی لێدەست دەکەوێت" .هەروەها دڵخۆشە بەوەی بەڕێوەبەری شوەیفات داوای لێکردووە ئینگلیزییەکەی بەهێزبکات و چۆنیەتی ژیان لە هەولێری پێناساندووە.



# بەقسەی خەڵکی مەکە



**ڕووداو-مادەرزن**

کچە ئەکتەرو نمایشکاری بەرەگەز بەریتانی، دەینی کروگێر، دوای ئەوەی لەفێستیڤاڵی ساڵی 2005ی کان بە کچی زێڕین ناوزەد کرا، ئەمجارە دەیەوێ ببێتە شاجوانی ساڵی 2009ی جیهان.

دەینی کروگێر، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند بڕیاریداوە لەساڵی 2009دا بەشداری پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان بکات و زۆرتین هەوڵی خۆی دەدات تاکو ببێتە شاجوان و دەڵێ "من خۆم بە شایەنی ئەو نازناوە دەزانم بۆیە زۆرترین هەوڵدەدەم ببمە شاجوانی ساڵی 2009ی جیهان".

هەروەها باس لەوە دەکات کە تائێستا نزیکەی 300 کەس پێیانگوتووە کە "تۆ زۆر جوانی بۆ بەشداری پێشبڕکێی شاجوانی جیهانی ناکەیت" ودەڵێ "هەر لەبەر دڵی ئەو کەسانە بەشداری دەکەم".

# سەدام بازاڕی گەرم کردووە

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

چێشتخانەیەکی چینی بەهەڵواسینی ڕێکلامێک بۆ وێنەی سەددام حوسێن سەرۆکی پێشووی عێراق، زۆرترین میوانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە بۆ ئەو خواردەمەنیانەی دروستیدەکات.

لەشارۆچکەی (شینیانچی) چین یەکێک لەچێشتخانەکان بەهەڵواسینی ڕێکلامێک بۆ وێنەی سەددام حوسێن زۆرترین میوانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە بۆ ئەو خواردەمەنیانەی دروستیدەکات، خاوەنی چێشتخانەکە دەڵێ "سەددام سەرکردەیەکی سەرسەخت و جەسوور بووە، ئێمەش خواردنی (باڵی مریشکی توند بەبیبەری ڕەش)مان هەیەو، ئەو کەسانەشی دێنە ئێرە نان بخۆن، دەبێت وەکو





سەددام سەرسەختانەو جەسورانە ڕووبەڕووی ئەو خواردنە تیژە ببنەوە، هەر لەبەر ئەوەشە خەڵک ئەو وێنەیەیان بەلاوە باشە کە لەگەڵ یاسای چێشتخانەکەدا دەگونجێت، بەتایبەتیش کە تا ئێستاکە سەدام حوسین کەسایەتیو ناوبانگێکی بەرزی هەیە لەلای چینییەکان ".

# موشتەرییە سعودییەکەی زەیدی موفلیسە

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

حەسەن محەممەد مەخافە، ئەو پیاوە سعودییەی بڕیار بوو پێڵاوەکانی مونتەزەر زەیدی ڕۆژنامەوانی تەلەفزیۆنی (البغدادیە) کە لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانیدا گرتییە جۆرج بوش بە 10 ملیۆن دۆلار بکڕێتەوە، دەرکەوت نەک هەر ئەو پارەیەی نییە، بەڵکو خۆی گوتەنی پارەی بەنزینی ئۆتومبێلەکەشی پێ دابین ناکرێ.

مەخافە، پاش ئەوەی لەمیدیای عەرەبییەوە زۆری لەبارەوە گوترا کە گوایە پارەو موڵک و زەوی و زارێکی زۆری لەسعودیە هەیەو بەو 10 ملیۆن دۆلارە دەرگای مەزادی بۆ پێڵاوەکانی زەیدی کردووەتەوە، ئەو ڕۆژەی پەیامنێری ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) خۆی گەیاندبووە لای، سوێندی خواردبوو کە بەیانییەکەی 50 ڕیاڵی قەرز کردووە بۆ بەنزینی ئۆتومبێلەکەی، داوای لە پەیامنێرەکەش کردبوو کە ئەگەر دەتوانێ شتێکی بداتێ بۆ نانی ئێوارە، چونکە خۆی گوتەنی ئەو (مەدیونێرە نەک ملیۆنێر) واتە قەرزارلێرەو ملیۆنێر نییە.

پەیامنێرەکە تووشی شۆک هاتبوو کاتێک بەچاوی خۆی بینیبووی ئەم بەناو ملیۆنێرە شوانی 30 سەر بزنەو لەگوندێکی ناوچەی عەسیر دەژی.

مەخافە نایشارێتەوە کە کاتێک ئەو موزایەدەیەی کردووە حەماسەت گرتوویەتی، بەڵام لەوە پەشیمانە کە لەو ڕۆژەوەی هەواڵەکە بڵاوبووەتەوە، خاوەن قەرزو خەڵکی نەدارو کەم دەرامەت بەر دەرگاکەیان گرتووەو داوای پارەی لێدەکەن.

# بزنیش بوو بە یاریزان



**ڕووداو- نووستی**

لەگوندێکی ڕووسیا، بزنێک لەدایکبووە کە ژمارە 10 لەسەر لەشی نەخشاوەو خاوەنەکەی تەنیا بزنەکەی دەداتە ئەو یاریزانانەی درێسی ژمارە 10 لەبەر دەکەن.

لەگوندێکی باشووری ڕووسیا بزنێک لەدایکبووە کە بەشێوەیەکی ڕوونو جوان ژمارە 10ی ئینگلیزی لەسەر لەشی نەخشاوە، هەر لەبەر ئەوە خاوەنەکەی کە جووتیارێکی ڕووسییە، بزنەکەی بەهیچ نرخێک نافرۆشێت، تەنیا دەفرۆشێتە ئەو یاریزانانەی درێسی ژمارە 10یان لەبەر دایە و بەبڕە پارەیەکی زیاتر، چونکە بەبڕوای خۆی ئەو بزنە ژمارەی بەختی هێناوە.

# بەختی ڕووداو

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

هەمیشە دەتەوێت تەواوی هەنگاوەکانت لێکدابێتەوە، دەستکەوتی باشت هەیەو دەتوانیت داراییەکەت پاشەکەوت بکەیت، هەروەها کەسێکی سۆزدارو سەرنج ڕاکێشن.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

لەرووی سۆزدارییەوە کەسێکی سەرکەوتوونو زۆرجار لەبواری کارەکەتدا داهێنانی گەورە پێشکەش دەکەن، هەروەها دەتانەوێت بەشدارێکی کاریگەربن لەهەموو گۆڕانەکانی دەوروبەرتان.

### گا
Apr 20-May 20

حەز بەهاوڕێیەتی دەکەنو نهێنی پارێزن، لەرووی سۆزدارییەوە دەتانەوێت کەسێکی باڵادەست بنو تاکڕەوانە بڕیار بدەن، حەز دەکەن هەموو ئەو شتانە بزانن کە لەدەوروبەرتان ڕوو دەدەن.

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

هەندێجار توندی لەبڕیاردانداو گوێ لەبەرامبەرەکەت ناگریت، لەبواری کارکردندا وەکو کەسانێکی دەگمەننو لەوەرگرتنی هیچ ئەرکێک سڵ ناکەنەوە، کەسێکی ئەمانەتداریت و متمانە پێکراوی.

### جمک
May 21-Jun 21

زوو زوو بۆچوونەکانتان دەگۆڕن، تەمەنی سۆزداریتان کورتخایەنە، زیادەڕۆیی لەخەرجکردنی داراییتان دەکەن و پێتانخۆشە زۆربەی بڕیارەکان بەدەست خۆتان بێتو کەس لێتان نەپرسێتەوە.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

حەز بەجێگیری دەکەنو بەسەرسەختی پارێزگاری لەمافی خۆتان دەکەن، باری دارایتان زۆر بەلاوە گرنگ نییە، لەبواری سۆزداریدا زیادەڕۆیی دەکەن، زوو زوو توشی گرفتی تەندروستی دەبن.

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

گرفتی زۆر بچووک بۆ ماوەی زۆر بێزارتان دەکات، کەسێکی زۆر هەستیارنو بەزوویی دڵ بریندار دەبن، زۆرجار حەز بەخۆدەرخستن دەکەنو پێتانخۆشە جێی سەرنجی دەوروبەر بن.

### کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

زۆر گوێ بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نادەنو قسەی خەڵک کارتان تێناکات، هەروەها کەسێکی بوێرو چاو نەترسن، لەپێشدا بەتەواوی بیر لەکارەکانتان دەکەنەوە ئینجا هەنگاوی بۆ دەنێن.

### شێر
Jul 23-Aug 22

هەوڵمەدە کەسێکی خۆپەرست بیتو گوێ بەدەوروبەرت نەدەی، لەبواری کارەکەشتدا زۆر ماندوو دەبیتو بەزەحمەت دەستکەوتی دارایتان دەبێت، لەبواری سۆزداریدا کەسێکی ڕاستگۆن.

### سەتڵ
Jan 20– Feb 18

لەگەڵ دەوروبەرتدا ڕاستگۆنو حەزتان بەپێچو پەناو فێڵکردن نییە، هەمیشە چارەسەرتان پێیە بۆ گرفتەکانی خۆتان، لەبواری سۆزداریدا کەسێکی سەرکەوتوون و دەیەوێت سوود لەئەزموونی کەسانی دیکە ببینیت.

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

حەز بەهاوڕێیەتی دەکەنو هەمیشە پێتانخۆشە ڕاستی بڵێن، زۆرجار زۆر دەڵێنو کەمتر کار دەکەن، ئیرەیی بەکەسانی دەوروبەر دەبەنو پێتانخۆشە خۆتان خاوەنی هەموو شتێک بن.

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

سوورن لەسەر ئەوەی بگەنە ئامانجەکانتان و، لەبواری دارایشدا کەسێکی بێ ئەزموونن و زیادەڕۆیی دەکەن لەخەرجکردنی داهاتەکانتاندا، متمانەت بەخۆت هەیەو بێ دوودڵی بڕیاری گرنگ دەدەی.



# کارنامەی ساڵێک

# کە وا خەریکە ماڵئاوایی دەکات لێمان

1 - 2

جەمال نەبەز – ئەڵمانیا

ئـەوا سـاڵێکی دیکـەش لـە تەمەنی گەردوون بەرەو تێپەڕبـوون ملدەنێ و، لەم ساڵەدا،گەلێک ڕووداو تۆمارکران؛ کە تەزووی هێندێکیان کارکردی بۆ سەر هەموو جیهان و، تەزووی هێندێکی دیکەشیان،کارکردی بۆ سەر کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناڤین هەیە، لەوانە:

*قەیرانی دارایی لە ئەمریکا و ئەوروپا و، ئەو وڵاتانەی کە بە "سەرمایەداری" ناسراون. ئەمەش؛ ترس و مەراقێکی یەکجار سـەختی بۆ کاربەدەستان و فەرمانڕەوایانی ئەم وڵاتانە دروستکردووە. ژمارەیەکی زۆر لە بانکەکان و کارگەکان نابووت بوون و، ژمارەیەکی دیکەش، بەرەو نابووتی دەچـن. چەند فابریقەیەکی گەورەی وەک کۆنسـێرنی کرایسلەر و فۆرد و جەنـەراڵ مۆتۆر (کـە ترومبێلی ئۆپڵی ئەڵمانی بەرهەمدەهێنێ) چاوەڕوانی ئەوەن، کە سەرۆک بوش، بەشێک لەو 700 ملیاردەی پێشـنیازیکردووە؛ بـۆ بیرازکردنی پەتای ئابـووری TARP، بدا پێیان و، کانسـلەری ئەڵمانیاش، خانمـی مێرکڵ، بڕێک لەو 200 ملیـاردەی، کە پەرلەمانـی ئەوروپا بڕیاری لەسـەرداوە، بـۆ تیمارکردنی "نەخۆشـیی دارایی"، بۆ پشـتگریی ئۆپڵ تەرخان بکات. سـەرۆک و کانسـلەر، ئـەم داخوازییەیان جێبەجێکرد. ئەمەش ناڕەزاییەکی زۆری لەنێو خەڵکی ئەم وڵاتانەدا، بەتایبەتی چینی هەژار و دەستکورتی ئەڵمانیا، هوروژاندووە. ئەمان دەبێژن "باشە، بۆچی حکومەت لە ئەنجامدانی هەمـوو خزمەتێکی کۆمەڵایەتی، بە بیانووی کەموکورتی بودجەوە، پاشـەکەوت دەکات، کەچی بە پارەی باجی ئێمە، ئەم سەرمایەدارە خاوەن کۆنسـێرنانە دەپارێـزێ؟". ئەوجا، کەڵکی ئەم دەرزیی ڤیتامینی پارەیەش، بۆ تەندروستکردنی تەنی ئابووری چ دەبێ، ئەوا، لە ئێستەوە دیار نییە، بەڵام ئەوە دەزانین، کە بەرەی سەرمایەداری، لە بیستەکانی سەتەی رابردوودا، تووشی قەیرانێکی ئابووریی گەورە هات، لەگەڵ ئەوەشـدا، توانی بەسەریدا زاڵ بێ. ئاشکرایە، بارودۆخی ئەو سەردەمە، وەک بارودۆخی ئـەورۆ نییە و، لە گەلێک ڕووەوە جیاوازن لەیەک. ئەوەشـمان لە بیر نەچێ، کاتێک کە سیستەمی فەرمانڕەوایی سۆڤێت و ئەوروپـای ڕۆژهەڵات، کە بە سیسـتەمی "بەرەی سۆسیالیسـتی" نێونرابـوو، دارما، بەرەی سـەرمایەداران کەوتنە چەپڵەلێدان و دڵی خۆخۆشکردن بەوەی کە "سۆسیالیزمی نەحلەتـی ڕووخاوە". ئەوەیـان نەدەهێنایە بەرچـاو، کە ئـەو ڕژێمەی لـە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و سـۆڤیەت هەبوو، سیسـتەمی سۆسیالیسـتی نەبـوو، بەڵکـو ڕژێمێکی سەرمایەداریی تیرۆریسـتی تۆتالیتێر بوو، نەک سیستەمی سۆسیالیستی، کە سیستەمی ئازادی و یەکسانیی مرۆڤە. بەڵام ئەوە هەبوو کە سـەرمایەکە، بەدەسـت کاربەدەستانی دەوڵەت و فەرمانبەرانـی "حیزبی تاقانە"ی دەسـەڵاتدارەوە بوو. لە کاتێکدا، سەرمایە، لە وڵاتانی بەرەی سـەرمایەداریدا، بەدەست دەوڵەتەوە نییە،بەڵکو بە دەست تاکەکەسان، یان کۆنسـێرنەکان، یان کارتێلەکانەوەیە و، دەوڵـەت بازرگانی ناکات، بەڵکو باجوەرگرە لە سەرمایە و، بەو باجە دەژی، کە دیارە ئەو سەرمایەدارانە و ئەو کۆنسێرنانە و ئەو کارتێل و ترێسـتانە، تا هەندازەیەک، کەم یان زۆر، دەستیان بەسەر دەوڵەت و ڕێبازی ڕامیاریدا دەڕوا. بەمەدا دەردەکەوێ، کە سەرمایە هەر سەرمایەیە و، هەموو سیستەمێک پێویستی بـە سـەرمایە هەیـە و، بوونی سـەرمایە قسەی لەسـەر نییە، بەڵکو قسەکە لەسەر ئەوەیە، سـەرمایە بەدەست کێوەیە و، چۆن دابەشدەکرێ و، بە سەرپەرشتیی چ لایەنێک دەبرێ بەڕێوە. لەبەر ئەوە، دڵخۆشـبوونی ئەوانەی پێیانوایە سیستەمی سەرمایەداری، سەری لە گوێی گۆڕ دەلەرزێ، شادییەکی بێ بناخە و، خەونێکی ئەرخەوانییە.

لێـرەدا دەبێ ئەوە بخرێتـە بەرچاو، کە قەیرانـی دارایی لە جیهانـدا، نرخی نەوتی بـە جارێک هێنایە خـوارەوە و، هیوای ئەو فەرمانـڕەوا و دیکتاتۆرە خـاوەن نەوتانەی کزکرد، کە پێیانوابوو، بە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ ئاستێکی خەیاڵیـ بەرمیلی بە 150 دۆلارـ، دەتوانن کۆمەڵانی ڕەشوڕووت و برسی و چەوساوەی وڵاتەکانیان، بە فرێدانی بەرماوەی دەمی خۆیان بۆیان، بێدەنگ بکەن و ئاژاوە و ناڕەزایی جەماوەر، لە سنوورێکدا ڕابگرن و، چەکی قورس و قرکەریش، بۆ پاراستنی خۆیان و سەرشـۆڕکردنی گەلەکانیان، لە دەوڵەتە پیشەسازە، پارەپەرسـت و، چاوچنۆکەکان بکڕن. بە دابەزینی نرخی نەوت بۆ 34 دۆلار، بودجـەی عێراقی، لە گەندەڵ گەندەڵتریش، هاتە خوارەوە و، پێ بە پێی ئەوەش، بودجەی هەرێمی سێستانیش کەم دەبێتەوە. ئەمەش وەک شـەپازللەیەکی قایم بوو، بەر بناگوێی کاربەدەسـتانی هەرێمی سێستان کەوت، کە بەهۆی کورتبینیی ڕامیاری و گەندەڵی و سەر دەرنەچوونیان لە دەوڵەتداری و مشـەخۆری و حیزب حیزبێنە و بنەماڵە پەرسـتییەوە، پاش 13ساڵ ژیان بەسـەربەخۆیی، لەباتی ئەوەی ئەو هەلە مەزنەی کە گاڵتەی ڕۆژگار دەست کوردی خسـتبوو، بە هەرەسهێنانی دەوڵەتی عێراق، بەخۆیـی و داو و دەزگە و لەشکرییەوە، بەلایەنی کەمەوە بۆ گێڕانەوەی بەشـە داگیرکراوەکەی باشووری کوردستان بەکاربهێنن و، پێ لەسـەر ڕاسـتکردنەوەی سنووری کوردسـتان و دابەشکردنی عێراق دابگرن،کەچی چوون سێستانەکەشـیان بە عێراقەوە نووسـاندەوە، بەرانبەر چەند پلەو پایەیەکی بێدەسـەڵاتی بێ نرخ و، بودجەی 17%ی دارایی عێراق، کە خۆیان لەمەوپێش 13%ی ئەو بودجەیەیان بێ منەت وەردەگرت، ئەوجا کەوتنە هەراجکردنی نەوتی سێستانەکە بە بەستنی گرێبەند لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی بیانی، کە حکومەتی عێراق دان بەو گرێبەندانە دا نانێ، خۆ ئەگەر گریمان دانیشی پێدابنێ، ئەوە پـارەی نەوتەکە دەچێتە سـندووقی نێوەندیی عێراقەوە و بەشێکیشی دەدرێ بە چـەک و، ڕۆژێک دێ کە لـە دژی کورد بە کار بهێنرێ. بەرژەوەندیی کوردیش لەوەدا بوو کە ئەو نەوتە جارێ دەست نەدەرێ لێی، تا چارەنووسی باشـووری کوردستان بەلایەکدا دەکەوێ.

لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە نانیشتیمانییە، لەشکری عێراق کە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە دایانمەزرانـدەوە، هەتـا دێ بەهێزتر دەبێ و، کوردیـش هەنـگاو بە هەنـگاو، بەرەو دواوە دەگەڕێتـەوە. نوری مالیکی، کە هیچ ڕابردوویەکـی خەباتی وڵاتپارێزیی نەبووە و، "چەپکەگوڵ"ی پارتی و یەکێتی یە، دەیەوێ، وەک سـەدام و، بـە یارمەتـی ئەمەریکا، ببێتە "سـەرۆکی تاقانە و، "هێزی ئیسناد" دروسـت بکات، کە شـتێکە کتومت، وەک ئەو "بەسـیج"یە، کە خومەینی دروستیکرد و بەریدایەگیانی خەڵک. شانبەشـانی ئەمە، چۆڵکردنی جەلەولا و قەرەتەپە و دەوروبەری خانەقین بۆ لەشـکری عێراق، نیشانەیەکی سەرەتایی پاشەکشەی کوردە. کاربەدەستانی دوو حیزبـە کورد زمانەکە، تـازە خەریکن تێبگـەن، کـە ئـەو هەلەی دەسـت کورد کەوتبوو، لەدەستیان داوە و، ئەمەریکا ئەوانی بەکارهێنـاوە بۆ بردنەسـەری ئامانجەکانی خۆی، کە ئەز بە بەڵگەوە، پێش پەلاماردانی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق و، ڕۆژی پەلاماردانی بۆ سـەر کەرکووک و مووسـڵ، بە هاوکاری چەکدارەکانی پارتـی و یەکێتی، بە هەردوو سـەرکردەکەیانم ڕاگەیاند کە ئەمە هەڵێکی مێژووییە و دەست ناکەوێتەوە و، نابێ لەدەست بدرێ و، گوتم: "ئەمەریکا دوای بەرژەوەندیی خۆی کەوتووە و دەکـەوێ و، براو باوکی کەس نییە، کاتیش کاتـی حیزب حیزبێنە نییە". ئەوەتا ئەورۆ ئەمەریکا دەیەوێ، بایی شەش ملیارد دۆلار چەک بە عێراق بفرۆشێ، بـێ گوێدانـە پاڕانـەوەی دوو حیزبەکە بۆ گەرەنتی بەکارنەهێنانی دژی کورد. ڕژێمەکانی ترک و فارسـیش ڕۆژانە لـە ڕۆژهەڵات و لە باکوورەوە، سـنوورەکانی هەرێمی سێستان بۆمباباران دەکەن، ئەمریکای "هەڤاڵبەند"یش، کە سـەرۆکەکەی لەلایـەن ڕۆژنامەڤانێکی عێراقییەوە، بە بەرچاوی مالیکییەوە، درایە بەر پێڵاو و، بەوە "سوپاسـنامە"ی عێراقی وەرگرت، یەک وشـە لـە دەمی دەرناچێ لە دژی ئەو تۆپبارانە، ئەگەرچی کاربەدەستانی هەردوو حیزبە فەرمانڕەواکەی سێسـتان، لە هەموو لایەک تێژتر بـوون بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بۆ پشتگیریی ڕێککەوتننامەی ئەمەریکا و عێراق، کە بە تاکە وشـەیەکیش باسـی کوردی تێدا نییە و، گەلێک ڕستەشی تێدایە کە مەترسـییەکی گەورەن بۆ چارەنووسـی کورد و، تەنانەت وێنەیەکیشی بە کوردی لە پاڵ عەرەبی و ئینگلیزیدا پشتڕاست نەکراوە، ئەمەش نموونەیەکە بـۆ بێڕێزکردنی کورد، کەچی کە خەڵکانێک دێنە سەر شەقامەکان، بۆ خۆپیشـاندان لـە دژی بۆمبابارانکردنی نێوچە سـنوورییەکانی باشوور و کاولکردنی گونـدەکان و دەربەدەرکردنـی خەڵکەکەی، کاربەدەسـتانی هەرێم و حکومەتی عێراق و ئەمەریکای "هەڤاڵبەنـد"، نەک هەر یەک وشـەیان لە دەم دەرناچێ بـۆ هاودەنگیی بێزاریدەربڕان، بەڵکو هەندێکیشیان لێدەگرن و دەیانخەنە زیندانەوە.

بەهۆی ئـەم چارەنووسـە تاریکەوە کە هەڕەشـە لە کورد دەکات، ڕاسـتە خەڵکە دامـاوە، سەرلێشـێواوەکە، زۆر بەداخەوە، لەباتی ژیرانە بیرکردنەوە و مشـوورخواردن بـۆ دواڕۆژ و، خۆکۆکردنـەوە و چالاکیـی ڕۆشـنبیرانە؛ چاوەڕوانیـی "ڕزگارکەر"ێک دەکەن کە لەم قوڕ و چڵپاوە دەریان بهێنێ. شـایەنی باسـە بیرۆکەی "ڕزگارکەر" لەلای کـورد و، هێندێک گەلانی دیکە، مێژوویەکی یەکجار کۆنی هەیە. ئاڤێستا، باس لە "سائۆ شیانت" دەکات کە لە بەرەبابی زەردەشتە و، ڕۆژەک دێ دەردەکەوێ، هەموو خڕەی زەوین لە پیسی و خراپە و بێدادی پاکژ دەکاتەوە. چیرۆکی "خواجای خـزر/ خدری زیندوو" و "ئیمامی زەمان" و "عیسای فریاکەوت و دژە جەجال"، لەمەوە هاتووە. لەم چەند ساڵەی دواییشدا، لەنێو باشووری کوردستاندا، ڕێبازێک خۆی پیشانداوە، کە بە ڕێبازی "چاکسازی" (ریفۆرم) ناسراوە. بەڕێز نەوشیروان مستەفا سـەرکردایەتی دەکات و زۆر کەسیش هەن لە هەژاریی ڕۆشنبیرییەوە پێیانوایە کە کاک نەوشـیروان دەتوانێ بەتەنێ، چاکسازی لە سیسـتەمی فەرمانڕەوایی باشـووردا بکات. لێرەدا دەبێ پەنجە بخەمە سەر ئەو ڕاستییەی کە تاکەکـەس، هەرچەنـدە کارزان و ئیش لەدەستهاتووش بێ، پێیناکرێ هیچ گۆڕانێک پێکبهێنێ ئەگـەر جەماوەر خـۆی ئامادە نەبـێ بۆ ئەو گۆڕانـە. جەماوەریش لە ڕێی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕێکخراوی چالاکەوە دەکارێ بکەوێتە سەرپێ. دە ئەو ئۆپۆزیسیۆنە لە



**ئەگەر ڕژێمی ئێران خۆی ڕاگرت و ما، ئەوا کورد لەم بارە ناهەموارەدا کە ئەورۆ تێیدایەتی دەمێنێتەوە و، بگرە خراپتریش دەبێ. خۆ ئەگەر ڕژێمەکە کەوت، هەروا بە هەرزان تەواو نابێ**



**قەیرانی دارایی جیهان لە ئەمریکا و ئەوروپا، ترس و مەراقێکی یەکجار سەختی بۆ کاربەدەستان دروستکردووە**

کوردسـتاندا نییە و ناشـتوانێ ببێ، تا حیزب بە مانـای تەواوەتیی خۆی نەبێ. حیزب و ئۆپۆزیسیۆن هەردووکیان، بەرهەمی سیسـتەمی دیموکراتیـن و حیزبیـش بەو مانایە لە کوردسـتاندا بوونی نییە، چۆنکە هەر حیزبێک چەکداری هەبوو؛ حیزب نییە، بەڵکو تیپێکی لەشکرە. بێجگە لەمەش هەر حیزبێک بودجەی وڵاتەکەی بەدەستەوە بوو و بە ئارەزووی خۆی بەکاری هێناو بودجەی بۆ حیزبەکانی دیکە بڕییەوە، ئەوە حیزب نییە، بەڵکـو مووچە دەرەو، ئەوانـی دی مووچە وەرگـرن. بودجەی وڵات لە سیسـتەمێکی دێمۆکراتیدا دەبێ تەنێ بەدەست حکومەتەوە بێ، حکومەتیش بێلایـەن بێ و، حکومەت پـارە بۆ حیزبەکان ببڕێتەوە، بەپێی قانوون و بەپێـی ژمارەی ئەندامەکانیـان. ئەگەرنا حکومەتێک دەسـت لە حیزبێـک بگرێتەوە پـارەی بداتێ،ئـەوە حکومـەت نییە، ئەو پارەیەش کە حکومەتێکی دێمۆکراتی دەیدات بە حیزبەکان، بۆ ئەندامان و سـەرکردەکانی حیزبەکـە نییە، بەڵکو بۆ کاری گشـتی و ڕێکخراوەیـی حیزبەکەیە، حیـزب دەبێ بە مانگانەی ئەندامەکانی و فرۆشتنی بەرهەمە چاپکراوەکانی بژی. کـورت و کرمانجی؛ لە سیسـتەمێکی دێمۆکراتـی دا، دەبێ هێزی دادوەری و هێـزی قانـوون دانـان و هێزی جێبەجێکرن، لەیەک جیابن و سەربەخۆبن، دەسەڵاتی هیچ حیزبێکیان بەسەرەوە نەبێ، با ئەندامەکانیشی سەر بەم حیزب، یان ئەو حیزبە بن. خۆ ئەگـەر حیزبێک، یان چەند حیزبێک پێکەوە حکومەتیان بەدەستەوە بوو، مافی ئەوەیان نییە، حیزبە بەرهەڵستکارەکان و ڕەخنەگرەکان لەنێو ببەن، یان بەمەبەست لاوازیان بکەن، یان دژایەتی ناڕەوایان بکەن. خۆ ئەگەر لـە هەڵبژاردنێکی ئازاددا کەوتنە ژێرەوە، دەبێ دەستبەجێ لەکاربکشێنەوە و حکومەت بدەنە دەست ئەو حیزبە، یان ئەو حیزبانەی لە دەنگ وەرگرتندا سەرکەوتوون. لەمانـەش بترازێ، دەبێ لە سیسـتەمێکی دێمۆکراتیدا، دەزگەیەکی ڕاگەیاندنی گشتیی سـەربەخۆ هەبێ، کە پێویستی بە یارمەتی دارایی هیچ لایەنێکی دەسەڵاتدار نەبێ.

جا کە ئەم سیسـتەمەی کوردستان، بەم جۆرەی سـەرەوە نییە، دیارە ڕیفۆرمیش لە کوردستاندا سەرناگرێ. چۆنکە ڕیفۆرم کاتێک سـەردەگرێ کە سیسـتەمێکی دێمۆکراتی لـەکاردا بێ و ئەو سیسـتەمە بەرنامەیەکی کارکردنی بۆخۆی دەستنیشـان کردبێ، لێ، ناتـەواوی و کەموکورتی تێـدا هەبێ. بەڵام سیستەمێکی لە بنەڕەتەوە گەندەڵ و نارۆناک، وەک پاڵتۆکەی ئەکاکی ئەکاکیفیچ وایە، کە لە چیرۆکی "پاڵتۆ"ی نووسەری ڕووس گۆگۆڵ دا بەرچاو دەکەوێ (سەرنج: لە ساڵی 1957 دا کردوومەتە کوردی و چاپیشکراوە). ئەکاکی کڵۆڵ، هێندە پاڵتۆکەی بردبوو بۆ پینەکردن؛ دواجار کە بردیەوە بۆ لای بەرگدروو، بەرگدروو نەیتوانـی ئەمجارە پینەی بـکات. ئەکاکی سەری سووڕما لەوە و گوتی: "وەستا، بۆچی پینە ناکرێ؟" بەرگـدرووش گوتی" چۆنکە جێی دەرزیلێدانی نەماوە، کوێی بدرووومەوە بۆت؟". لەبەر ئەوە ئەم سیستەمەی باشوور، شێوای ڕیفۆرم نییە و، بە "خدری زیندوو"ش چارەسـەرناکرێ. بۆیە دەبێ سیسـتەمەکە لـە بنەڕەتـەوە بگـۆڕدرێ، وەک لە وتاری "کوردستان، پێویستی بە گۆڕینێکی بنچینەیی پێکهاتە و ڕەوتی دەسـەڵاتە"دا باسمکردووە (ڕۆژنامە، ژمارە 304، 2008/9/14).

گۆڕینی دەسـتەیەک لە کاربەدەستان، بە کاربەدەستانی دیکە، بێ ئەوەی سیستەمەکە لـە بنەڕەتەوە بگۆڕدرێ، ڕەنجێکە و بە فیڕۆ دەڕوات. دیارە ئەم جۆرە گۆڕینە بنچینەییەش کارێکی هەروا ئاسـان نییـە، چۆنکە ئەوە پێویستی بە پێشکارێکی چڕوپڕی ڕۆشنکاریی شـێلگیر هەیە لەنێو گەلدا، کە ببێتە هۆی شۆڕشێکی ڕۆشـنبیری و ماکی (ماددی)ی گشـتگیری وا، کە بـەری پینەگیرێ و تەمی نەڕوێتەوە، شۆڕشـێک بە قورسایی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و شۆڕشی فەرەنسا. ئەگەرنا، لـە کۆمڵگەیەکی گەندەڵی تێداو و، داوەشـاودا، هەزاران قەڵەمفرۆش و فرەڕوو و ماستاوکەر و بێشەرم هەن، خۆیایە، دەنگی چەند کەسێکی ڕەخنەگر و بەوێژدان زۆر بڕناکات و هەر زوو کپدەکرێ.

*جەنگـی هەڵبژاردنـی سەرۆک کۆماری ئەمەریکا، کە بە سەرکەوتنی باراک حسەین ئۆباما‌ی سەربە حیزبی دێمۆکرات و دۆڕاندنی پاڵێوراوی کۆمارخوازەکان، مەکین و، لەگـەڵ ئەویـش سـەردەمی "پارێزکارە نوێیـەکان/ نیۆکۆنزەرڤاتیڤ" کۆتایی هات، ڕووداوێکـی یەکجار گرنگ بوو. سیاسـەتی ئۆباما و حیزبەکەی بە گشـتی؛ چۆن دەبێ و چی بەسەر دێ، ناتوانرێ هەر لە ئێستەوە پێشبینی بکرێ، بەڵام ئەوە دەزانرێ کە ئۆباما ڕووبەڕووی کێشـەیەکی دارایی و سەربازیی یەکجار گەورە بووەتەوەو، خەڵکی ئەمەریکا چاوەڕوانی گۆڕانکاری و خزمەتن لێی. لەبەر ئەوە، ئۆباما، بەشـێکی باشی هەوڵی خۆی بۆ چاکسـازیی نێوخۆیی تەرخـان دەکات. لەوانەشە، لەمەدا دژی بازرگانیی نێودەوڵەتیی ئازاد بوەستێ. بەڵگەشـم بۆ ئەمە ئەوەیە، لەکاتی کەمپینی هەڵبژاردنـدا، ئۆباما دژی بازرگانیی ئازاد قسەی کرد و تەنانەت ڕەخنەی لە گرێبەندی بازرگانی نێوان کەنەداو مەکزیک گرت، کە بە NAFTA بەنێوبانگە. لەبەر ئەوە دوور نییـە بۆ چارەسـەرکردنی بێکاری کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە لە جاران زێتر بووە، ڕێنەدا سەرمایەدارانی ئەمریکا سەرمایەکانیان ببەنە دەرەوە بـۆ بەرهەمهێنان، بەتایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی کە نرخی دەسـتی کار زۆر کەمترە، وەک لە ئەمریـکا. دیارە ئەمەش، کاربەدەسـتانی هەرێمی سێستان، هیوابڕاو دەکات، کە زۆر هەوڵی هێنانی سەرمایەدارانی ئەمریکا بۆ کوردسـتان دەدەن، ئەوەش بۆ بازرگانیکردن، نەک بۆ دامەزراندنی ژێرخانی ئابووری بۆ کوردستان. شایەنی باسە، حیزبی دێمۆکراتی ئەمریکا، پشتی بە سەندیکاکانی کرێکاران بەستووە و سـەندیکاکانیش دژی بازرگانیی ئازادن، چۆنکە ئەو دەمە، ناتوانن بکەونـە کێبرکێ لەگـەڵ کرێکارانی وڵاتانی هـەژار، کە بـە کرێیەکی کـەم، ئامادەی کارکردنـن. ئەمەش مانای پتربوونی ژمارەی بێکارانە لەنێو کرێکارانی ئەمەریکادا. هەرچی سیاسەتی دەرەوەشە، ئەوا ئۆباما، هەوڵدەدا، بە هەموو جۆرێک پارێزگاریی لە ئیسـرائیل بکات. ئەمەش مانـای وایە، تا پێی بکرێ، ڕێنـادا ڕژێمی ئێران ببێتـە خاوەنی چەکی ئەتۆمـی و، ئامادەیە بۆ ئەوە ڕاسـتەوخۆ لەگەڵ ڕژێمی ئێران بکەوێتە وتووێژ و، دەمی بە هێندێک سـەرەتی (امتیاز) چەور بکات. بەڵام، ئایا ڕژێمی ئێران، ئامادەیە واز بهێنێ لە دروستکردنی بۆمبای ئەتۆمی، کە ساڵانی ساڵە خەریکێتی و، بە تاکە هیوای خۆپێپاراستنی دەزانێ، بەرامبەر هێنـدەک بەرتیلی ڕۆژاوا، وەک دەستهەڵگرتن لە ڕووخاندنی ڕژێمەکەی و، یارمەتیـی ئابووری و تەکنیکی و، کردنی ئێران بە ئەندامی بازاڕی جیهانی و هتد.. کە بەڵێنـی ڕۆژاواییش زۆر جێی باوەڕ نین، یان ئەوەیە ئێران بەو پشیپشـییە ڕازی نابێ و، لە ئەنجامدا گەمـارۆی ئابووری و بازرگانیی دەدرێ، یان بەر گورزی سـەربازیی ئەمریکا و ئەوروپا دەکەوێ، یان ئەمەریکا ناچار دەبێ چاو لە ئێرانێکی ئەتۆمی بپۆشـێ؟. لێرەدا دەبێ ئەمەش بخەینە بەرچاو کە عەرەبستانی سـعودی و هێندەک لە دەوڵەتە عەرەبەکان، بە تایبەتی شـێخەکانی کەنـداو، ڕازی نابن کە ئێران ڕۆڵێکی هەرێمی "اقلیمی" بگێڕێ. بۆ وێنە حوسنی موبارەک، سەرۆک کۆماری میسـر (بەپێی ڕۆژنامەی کوێتی "الجریدە" 12/8) گوتی"فارسـەکان دەیانەوێ دەوڵەتە عەرەبییەکان قوت بدەن"، ئەمە بێجگە لەوەی کە ڕژێمی ترکیش، سەرەڕای هاوکاریی تەواوی لەگەڵ ئێران بۆ کوشـتنی کورد، زۆر ترسی لە ئێـران هەیە و ئێران بـە دوژمنی خۆی دەزانێ. موراد مەرجان، ڕاوێژکاری ئەردۆگان و ئەندامی لیژنەی ڕامیاریـی دەرەوەی ڕژێم لە پەرلەمانی ترک دا، لە سـەردانێکی دا بۆ ئیسرائیل بە ڕۆژنامەی "هائارتیس" ی گوتبوو "بەرنامەی ئەتۆمی ئێران هەر بەتەنێ هەڕەشە نییە بۆ ئیسرائیل، بەڵکو هەڕەشەیەکی جدییە و بگرە پتریشە بۆ سـەر ئێمەش (ترک)". ئەمە لە کاتێکدا کە ئیسرائیل بە پێی وتارێک کە کریستۆف شـۆلتی ئەڵمانی، لە ڕادیۆی (دویچەڤێلە – شـەپۆلی ئەڵمانی)دا بڵاوی کردەوە، د.محەممەد بەرادعی؛بە سـیخوری ئێران لە دەزگەی نەتەوە یەکگرتووەکان دانا . ئەم شتانە هەموویان هەن و سەرکردەکانی حیزبـە کورد زمانەکانیـش، وان لە پرخەی خەودا و هەموو خەمێکیان 17%کەیە.

هەرچی جۆرێـک بێ، ئەگەر ڕژێمی ئێران خـۆی ڕاگرت و ما، ئـەوا کورد لـەم بارە ناهەموارەدا کە ئەورۆ تێیدایەتی دەمێنێتەوە و، بگرە خراپتریش دەبێ. خۆ ئەگەر ڕژێمەکە کەوت، کە ئەوەش شـتێکی هێندە هاسـان نییـە و، هەروا بە هەرزان تـەواو نابێ، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبێژم، ئەم حیزب حیزبێنەی ئەورۆ، کە لەنێو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە و، هەریەکەیـان، پێ بە سـێبەری سـەری ئەوانـی دیکـەدا دەنێ و، بـاس هەر باسی فیدراڵییە، لە جیاتی ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە 50ساڵ بانگشـەیان کـرد بۆی و هیچـی لێدەرنەچوو، داخوازیی فیدراڵیش هەر سرکردنی هەستی کوردەو هیچ دادێک نـادات، ئەوا، فارسـە شۆڤینسـتەکان کـە بـە هەزارانیـان لە ئەمەریکاو ئەوروپا خۆیان پێگەیاندووە و پەیوەندییان بە سیاسـەتکارانی ئەو وڵاتانەوە بەستووە، لە کەمیندان بۆ هەل قۆسـتنەوە، تا بتوانن ڕژێمی "شەهانشاهی" دیکتاتۆریی، جارێکی دی بەرێککەوتن لەگەڵ ئەمەریکا و ئەوروپا و دەوڵەتە پیشەسازەکان دابمەزرێننەوە. ئێدی ڕێنادەن کە کورد هیچی دەسـتبکەوێ. هەر بۆ نموونە: ئەمە ساڵێکە تەلەڤزیۆنی BBCبە عەرەبـی هەیە، بێجگە لە ڕادیـۆ. وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیـاش لەم ڕۆژانـەدا ؛ 15 ملوێن پاوەندی ئینگلیـزی تەرخانکرووە بۆ بەهێزکردنی بەشـی فارسی BBC . ئەمە لە کاتێکدا کە هاوبیری هێژا جەوادی مەلا چەند سـاڵێکە هەوڵی کردنەوەی بەشێکی کوردی دەدا لە ڕادیۆی BBC و داخوازیەکەشـی بە هـەزاران واژۆوە هەنـاردووە بۆیان، بەڵام تا ئێستاکە "کە ئێستەیە" هیچ وەرامێکی ئەرێنی وەرنەگرتووەتەوە.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، کارێکی باش دەکەن، ئەگەر نەبنە چاولێکەری حیزبە چەکدارە کورد زمانەکانی باشـوور و حیزبە دژ بەیەکەکانـی لای خۆیان. بەڵکو، هەر لە ئێسـتاوە، خۆیان بە گیانێکی ئازادیخوازانە، ئامادە بکەن و، ڕێنەدەن کەس بۆ بەرژەوەندیی بنەماڵەیی‌خۆی، ڕۆژێک‌بەنێوی "دیکتاتۆرێتیی پرۆلیتاریا"، و ڕۆژێک بەنێوی "پێشـڕەوێتی گەل" و ڕۆژێک بەنێوی "حزبی کۆمۆنیسـتی ئێرانی" و ڕۆژێک بەنێوی "بیری ماوتسیتۆنگ" و ڕۆژێـک بەنێوی "سۆسـیال دێمۆکراتیی درۆزنـە" و ئەوجا بەنێوی "کوردایەتی"یەوە، چیدی یاری بە چارەنوسیان بکەن. ئەمەش بە خۆ کۆکردنەوە دەبێ لەژێر سـەیوانێکی نەتەوەییدا.

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# زیرەکیی کورد

لەعێراقـدا، ئەگـەر کـورد شـتۆکەیەکی وەچەنگ کەوتبێ، ئەوەندەی پەیوەندیی بە گەمژەیی عارەبـەوە هەبووە، هێندە زادەی زیرەکیی کورد نەبووە و ناشبێ. مالیکی یان هاشمی، هەر هەڵگری هەمان کولتوری پێڵاو هاویشتنن، بـۆ کەمن ئەو جارانەی بە هەمان کولتـور مامەڵەیان لە گەڵ کورد کردووە؟

بۆ کە شەهرستانی، بە کوردی ڕەوا نابینـێ دوای دەیان سـاڵ چەوسـانەوە، خێر لـەو نەوتە ببینن کە سـاڵەهای ساڵ مایەی نەگبەتیی بـوو، هەمان میتۆدی سـووک سـەرنجدان و بەهیـچ نەزانینـی کـورد نییـە؟ بۆ کە بابایەکی وەک نجێفی، بە تاشای دڵی خۆی، کـورد بە داگیرکار و چەوسـێنەر و تەماعکار و دڕندە لە قەڵـەم دەدات، هـەر هەمان ڕێچکەی زەیدیـی قۆندەرەهاوێژ نییە؟ بۆ کە لـە مزگەوتی داکی گوندانـەوە (ام القری) خوتبە نا خوتبەیەک، کورد دادەشۆڕێتەوە و هـەزار و یەک نـاو و ناتۆرەی چەشـنی نۆکـەری ئیسـرائیلی دەخرێتـە پـاڵ، هـەر هەمان بیرکردنەوە نییە؟ ئەها عارەب بۆ گەشـت دێنە کوردستان، ئادەی بزانم چەند کورد ئەگەر بە ناچاری نەبـێ، ڕێگەی ئەودیـو حەمرین دەگرێتە بەر؟ عارەب کە دێن، بە شۆرت و چەپڵە و بوویە بوویە و ملبادانەوە دێن، ئێمە کە دەچین، دۆست و دوژمن ئایەتەلکورسیمان بۆ دەخوێنن.

نزیکەی هەموو عارەبی عێراق، بە شێوەیەک لە شێوەکان، هەڵگر و پەروەردەی کولتووری سـووک سەرنجدانی ئەویترن بە گشتی و کورد بە تایبەتی. بۆ کورد، هەموو عارەبێکی دەسەڵاتدار، سەدامێکی بچکۆلەیە، بێدەسەڵاتیی عارەبە، کـورد هەندێ سـەری ڕەحەتە. گەمژەیـی وانە، کـورد تۆزقاڵێ دەسکەوتی هەس.

سـەروەختی دادگەییکـردن، کـورد، نەک پێـڵاوی تێنەگرت، ڕووبەڕووی سـەدامیش قسـەی بـەرز و نزمـی نەکـرد. ژن و پیاوی کەسـوکار ئەنفالکراو، کە بەسەرهاتیان دەگێڕایەوە قوڕگیان بـە هەنسـکی گریانـەوە بوو، خەیاڵیان لای پێڵاو تێگرتن نەبوو. کە میوان دێت، ئەمریکی بێت یان عارەب، کورد بە گوڵ پێشـوازی دەکات. کە ئەوانەی ئێمە دەچن، ڕێگا پاسـەوانرێژ دەکەن نەبادا زەفەریان پێببەن. سەرکردەکانی ئێمە بە ڕاستیانە کاتێ عارەب بە برا دەزانن، ئەوان بە سەرزارەکی و درۆ، بە شـەریکە بەشمان ناو دەبەن. ئێمە دەڵێین نەوتی ئێمە بۆ هەموو عێراقە، ڕەفتاری ئەوان زادەی ئەو ڕاسـتییەیە کە نەوتی هەموو عێراق تەنـێ بۆ خۆیانە، ئەگـەر وا نییـە، ئایـا چارەکی ئـەو پارەیـەی لە مزگـەوت و حسێنییەکانیاندا سەرفی دەکەن، لە قوتابخانە و نەخۆشـخانەکانی کەرکووکیان خەرجکردووە؟.




# بزانە ئەو پێڵاوە چ بەزمێکی گێڕا!



حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

مرۆڤ لە پێشکەوتندایە. عیراقیش، بە خۆی و شۆڤێنیێتی و مرۆڤکوژی و شێوازی شەڕەوە لە پێشکەوتندایە. لە ئەنفال و کیمیاییەوە بۆ پێڵاو. لە پێڵاو ماچکردنەوە بۆ پێڵاوهاویشتن. رووخانی بەعس و سەددام، شۆڕشێکی ئەمەریکایی بوو و لووتکەکەی، تاکە نەعلێکی دەستی ئەبو تەحسین بوو کە بە وێنەکەی سەددام حوسێنیدا دەکێشا و لە هەموو جیهاندا دەنگیدایەوە. لە ئینتەرنێت، لە شوێنێکدا لە ژێر وێنەکەی ئەبوتەحسیندا ئەمە نووسراوە: (هذا هو ابو تحسين الذي حرر العراق بنعالة من احقر طاغية قذرة)، کوێتییەکان گوتیان: ئەو تاکە نەعلە بە یەک ملیۆن دۆلار دەکڕین. کابرا نەیفرۆشت و ئێستا ئەو نەعلە 2 دۆلاریش ناکا!. ئاخر کە نەعل پەیدابوو، باوی پێخاوسی نەما و کە قۆندەرەش پەیدا بوو، باوی نەعل نەما! هەر شتە و بۆ سەردەمی خۆی و ئێستا سەردەمی شۆڕشی قۆندەرەیە!

جۆرج بووش، بۆ ماڵاوایی چووە بەغدا. (مونتەزەر زەیدی)ی ڕۆژنامەوان، بە جووتێک پێڵاوەوە ماڵاوایی لێکرد و دەزگای ڕاگەیاندنی عارەبی ئەو کارەیان کردە شانازی. نەعل بوو بە قۆندەرە و تاکێکیش بوو بە جووتێک. ئەمە پێشڤەچوونە و عیراقی دوای سەددام بە خۆیەوە دەیبینێ! ئەگەر سەددام بە تاکە نەعلێک رووخابێ، خۆ ئەمەریکایەکی زل و زەبەلاح جووتێکی دەوێ تا بڕووخێ!

نەعلەکەی ئەبو تەحسین کەسی لە سەر کار لا نەبرد و هیچ تەشەنەی نەکرد و کەس وەک ئەوی نەکرد، بەڵام جووتە قۆندەرەکەی مونتەزەر زەیدی، سەرۆکی مەجلیسی پیاوماقووڵانی عیراقی لە سەر کار لابرد. مەشهەدانی لە دەست پێڵاوەکانی زەیدی دەستی لە کار کێشایەوە. ئەرێ کوردێک لە ئەنجوومەنی پیاوماقووڵانی عیراقدا نەبوو تاکە قۆندەرەیەکی لێ راوەشێنێ تا لە نێوەڕاستی تەمموزی ئەمساڵدا دەست لە کار بکێشێتەوە و فریای ئەو کەتنە نەکەوێ کە کردی؟! من پێموایە لە ترسی ئەوە دەستی لە کار کێشاوەتەوە پێڵاوەکان بکەنە پێی خۆی!

لە لایەکی دیکەشەوە، تورکەکان، بە چاولێکەری زەیدی، بە پێڵاوەوە چوونە سەر سەفارەتی ئەمەریکا لە ئەنقەرە. هەر کەسە و بە یەک کیسە پێڵاوەوە هێرشی برد. پێڵاوەکەی مونتەزەر زەیدی بووەتە فەلسەفە و چواردەورمانی گرتووەتەوە، بەڵام نەعلەکەی ئەبو تەحسین ئاوها تەشەنەی نەکرد.

ئێستا، پێڵاو لە خۆپیشاندناندا، بۆ رووخاندنی ئەمەریکا بەرز دەکرێتەوە. خۆ رەنگە جۆرج بووش، هەتا دەمرێ خەون بەو جووتە پێڵاوەوە ببینێ بە تایبەتی یەکەم تاکی، کە پێ دەچوو هی پێی راستە بێ و بۆ خۆلێلادانی، زۆر داچەما. راستە بووش، ئەو پێڵاوەی لە دڵ دەرناچێ، بەڵام دەسکەوتی ئوممەی عارەبی، لە موحیتەوە بۆ خەلیج، لە خەوزڕاندنی تاکە نەفەرێک (کە لە ئێستا بە دواوە دەبێتە هاووڵاتییەکی ئاسایی ئەمەریکی) چییە؟! خۆ قودس رزگار بوایە هەر ئەوەندە کەیفیان ساز دەبوو.

نرخی پێڵاوەکانی زەیدی گەیشتە دە ملیۆن دۆلار! ئەوەیان کوێتی نەبوو ئەو نرخەی بۆ دانا، بەڵکو کەسێکی سعوودی بوو. ئەوەش پێشڤەچوونێکی دیکەی عارەبییە! دڵنیام ئەگەر زوو نەیفرۆشن، دوای پێنج شەش ساڵی دیکە، جزمە پەریدا دەبێ و نرخی ئەو قۆندەرەیەی زەیدیش بۆ 2 دۆلار دادەبەزێ!

جارێ نرخی پێڵاوی عارەبی، ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەڵکشاندایە، بە پێچەوانەی نەوتەکەیانەوە، بە پێچەوانەی خوێنیانەوە، بە پێچەوانەی تەکنیک و بەرهەم و زۆر شتی دیکەیانەوە!

دنیایەکی سەیرە! سەربازی ئەمەریکایی لە کوردستاندا گوڵباران دەکران، کەچی سەرۆکی ئەو سەربازانە لە بەغدا قۆندەرەباران دەکرێ و ئەمەریکاش، هێشتا تای تەرازووی عارەبمان بە سەردا قورس دەکا و هەر لە کوردی دەوێ دایشکێنێ تا دەگاتە ئاستی خوار چۆکی بەغدا!

ئەگەر سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا بێتە کوردستان، دنیای بۆ دەکرێتە گوڵ، بەڵام بچێتە بەغدا، یەک خەرمان پێڵاو لە دەروازەی فڕۆکەخانەدا دادەنرێ و هەرچی دار و دارتێلە، بە پێڵاو دەڕازێندرێتەوە!

ڕۆژنامەی (داگنس نیهێتەر)ی سویدیش بابەتێکی لە سەر ئەو پێڵاوە نووسیوە و دەڵێ: کارگەی ئەو بابەتە قۆندەرە تورکییە، کە بنکەکەی لە ئیستەنبووڵە، بە ناچاری سەد کرێکاری زیاد کردووە بۆ بەرهەمهینانی پێڵاو، چونکە داوای 370000 جووت (پێڵاوی بایدان)ی لێکراوە، کە زۆری نەمابوو بەر جۆرج بوش بکەوێ. تا ئێستا، ساڵی 15000 جووتی لێدەفرۆشرا کەچی ئێستا وەک لافاو داوای دەکرێ و تەنانەت لە ئەمەریکاشەوە داوای 19000 جووتی لەو کارگەیە کراوە کە خاوەنەکەی ناوی سەرکان تورکە. ئەو پێڵاوانەش ناونراون "پێڵاوی بوش".

ئای لە پێڵاوەکەی مونتەزەر زەیدی! سەیری کەن یاران چ بەزمێکی گێڕا ئەو پێڵاوە!

لەگەڵ ڕەحمەت بۆ شێخ ڕەزای تاڵەبانی.

## پەیامی ڕووداو

# ساڵێکی بێ خوێن بەڵام بێ سەرکەوتن

پێشکەوتنێکی ساڵی 2008 ئەوەبوو، بێ شەڕی براکوژی بوو، ئەگەرچی ساڵی 2007 چەند تەقو تۆقێک لە نێوان پژاک و یەکێتی دا ڕوویدا، لەمساڵدا بەخێر ئەویش نەبوو. نەڕژانی خوێنی کورد بەدەستی کورد لەم ساڵانەی دواییدا پێشکەوتنێکی زۆر گەورەیە، بەتایبەتیش ئەگەر بپارێزرێ. بەڵام وەکو دیکە، زۆر هیوای کورد لەهەوادا مانەوە، بەتایبەتیش لە مەسەلەی گەڕانەوەی نێوچە دابڕێندراوەکانی باشووری کوردستان بەهۆی جێبەجێنەکرانی مادەی هەتککراوی 140، کە خەڵک هێندە لەو داوا ستراتیژیەی بێ ئومێد بووە هەر باسیشی ناکات.

شارەزای مێژووی کورد پرۆفیسۆری ئەمریکی ڕۆبەرت ئۆلسۆن، ڕاستی بۆ چووە، کە دەڵێ بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان پارێزراو بێ پێویستە قوڵایی نەتەوەیی خۆی بەهێزبکات. هاوکات ئەو قسەیەی ریگنەری بەرپرسی ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی نەرویجیش زۆر ڕاستە کە ساڵی 2000 دەیگوت هەرێمی کوردستان بەبێ کەرکووک جێی گرەو لەسەر کردنی ئەمریکا و ڕۆژئاوا نابێت. بەڵام بۆ ئەوەی یەکەم کەمێک و بۆ ئەوەی دووەمیش هیچ سەرکەوتنێک نەبووە.

ڕاستە وەک ڕاپۆرتی USAID ی ئەمریکی روونیکردووەتەوە یەدەگی نەوت و گازی سروشتی هەرێمی کوردستان سەرسوڕهێنەرە، بەڵام کەرکووک کەمەرەی سەرەکی ئەو ستراتیژیەتەی کوردستانە.

تورکیا، کە هۆکارێکی سەرەکی شکستی کورد بووە بەدرێژایی مێژوو، مەسەلەی چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکووک خاترگرتنێکی زۆری تورکیا بوو لەلایەن ئەمریکا. ئەگەر ستراتیژیەتی تورکیا بە هەڵوەشاندنەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق پێکبێت، کە کورد لە زۆر ڕووەوە لەنێو دەستوورەکەدا ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی نەهێشتووەتەوە، ئەوا زۆر مەترسیدار دەبێ. بەتایبەتیش کە لە ڕێککەوتننامەی عێراق-ئەمریکادا دەریچەی بچووک لە هەندێ دەستەواژەی لاستیکیدا بۆ ئەوە هەیە. بۆیەش ئەگەر ئاراستەی ئێستای تورکیا، پێشبکەوێت کە بە گفتوگۆکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان و دووركەوتنەوە لە شەڕ لە باکووری کوردستاندا خۆی دەنوێنێ و، تەنیا تاکتیکی رەجەب تەیب ئەردۆغان نەبێ تاوەکو 2009/3/30 کە ڕۆژی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیایە، بۆ بەهێزکردنەوەی پێگەی لاوازبووی جەماوەری حیزبەکەی لە باکووری کوردستان، ئەوا گرەنتییەکی باشی پێشکەوتنی ئاشتیانەی نێوچەکە دەبێ، کە بەهۆیەوە قەوارەی هەرێمی کوردستانیش چەسپاوتر دەبێ. بەتایبەتیش ئەگەر ئاراستەی باشبوخی سەرفەرمانداری سوپای تورکیا هێشتا نەرمتربێ، کە لە قبوڵکردنی پەیوەندی بەستن لە گەڵ هەرێمی کوردستانەوە بگاتە دانوستاندنی سیاسی بۆ چارەسەری کێشەی باکووری کوردستان. بۆ ئەمەش پێویستە سەرکردایەتی باشووری کوردستان هاوکات لەگەڵ پێداگیری لەسەر براندنەوەی شەڕی چەکداری لە باکوور، پێداگیری لەسەر پێشکێشکردنی پاکێتی چارەسەریش بکات لەلایەنی تورکیاوە، کە بەداخەوە دیارە وەک تورک خۆشیان باس دەکەن، ئەوان گەیشتوونەتە ئەوەی دان بەبوونی کێشەی کورد دابنێن، بەڵام نەگەیشتوونەتە باوەڕی چارەسەرکردنی.

**ئاگۆ محەممەد**

# کورد، جوولەکە و پێڵاوەکانی شیعە



جێراڵد هۆینجمان

لە سەردانەکەی ئەمدواییەی سەرۆک بوش بۆ عێراق، ڕۆژنامەنووسێکی عەرەبی شیعە پێڵاوەکانی خۆی گرتە بوش، بەمەبەستی نیشاندانی نیگەرانی خۆی بەرامبەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق. لە کۆنگرە ڕۆژنامەڤانیەکەدا مونتەزەر زەیدی هاواری کرد"ئەمە خەڵاتی عێراقییەکانە، ماچی ماڵئاوایی، ئەی سەگ". هاویشتنی پێڵاو و سەگ زۆر سووکن لە جیهانی عەرەبیدا.

حەزم دەکرد بمگوتایە کە دووچاری شۆک هاتم لەوەی بینیم، کە هەمیشە ئەوە بەرامبەر جوولەکە ئەنجامدەدرێ.

بەپێی ڕاپرسییەکان زۆربەی عەرەبی عێراق، بەتایبەتی شیعەکان پاڵپشتی زەیدی دەکەن، لەو کارەی چینە لێدانێکی باشی لەسەر خوارد لەلایەن ئەوانەی ڕژێمەکەی ئێستایان بەدەستەوەیە، بەڵام ڕاپۆرتەکانی دواتر هەستی نەتەوەکەیان ئاشکرا کرد. لەکاتێکدا سوننەکانیش ئەمەریکایان خۆشناوێت و وەختی خۆیشی سەر بە سەدام بوون، ئێستا مەترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کە لە داهاتوودا چیان بەسەر دێت.

لەکاتێکدا ژمارەی قوربانییەکانیان روون نییە، بەڵام 60%ی خەڵکی عێراق کە شیعەن، کاتی خۆی لەلایەن سەدامەوە چەوسێنراونەتەوە. سەدام چەندین تاکتیکی دڕندانەی بەرامبەر بەکارهێنان، وەک چۆن بەرامبەر کوردەکان کردی لە باکوور. فارسی شیعە نموونەیەکی خراپ نییە ئەگەر بڵێیت عێراق بەو شێوەیە دەبێ کاتێک ئەمەریکا بەجێی دێڵێ و بۆ شیعەی عێراقیش کاتی تۆڵەسەندنەوە دەبێ و ئەمجارەشیان چاوەڕێ مەکەن ئۆباما بگەڕێتەوە.

بەداخەوە، کوردیش تێکەڵاوی ئەو کوشتارە عەرەبییە کۆنە دەبێت، تەنیا خاڵ کە هەردوو سوننە و شیعە لەسەری کۆکن، ئەوەیە کە نابێت کورد ئەو مافەی هەبێت "لەسەر بۆماوەی عەرەبی".

لەگەڵ ئەوەی پاڵپشتی هێرشەکانی ئەمەریکام کرد بۆ سەر سەدام، بەڵام دوای چەندین ساڵ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی، تێکەڵاوبوون لەو ناوچەیە، زۆری نیگەرانی کردم.

لەکاتێکدا عەرەب، قەرزاری بەریتانیان بەوەی عێراقێکی عەرەبی یەکگرتووی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم دروستکرد، بەڵام ئەوەش نەبووە ڕێگر لەبەردەمیان کە دژی بەریتانیای داگیرکار ڕاپەڕن.

بەبێ دەستێوەردانی بەریتانیا، تورکیا بەیارمەتی ئەتاتورک بەدڵنیاییەوە دەستی بەسەر ناوچە دەوڵەمەندەکانی وەکو موسڵدا دەگرت، ڕەنگبوو شاری کەرکووکی ئاڵتونی ڕەشیشی داگیر بکردبا .

لە پرۆسەی دیاریکردنی چارەنووسی یۆگوسلاڤیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەندەن زێڕینترین هەلی کوردی لەناوبرد بۆ ئەوەی وڵاتێکی سەربەخۆی خۆیان هەبێت، کە وەختی خۆیشی بەریتانییەکان بەڵێنیان پێدابوون.

دوای ئەوەی بەریتانییەکان وڵاتێکیان بەحازری پێشکێش کردن ( هەروەها بەریتانییەکان فڕۆکەی سەربازیشیان پێدان بۆ ئەوەی شەڕی کوردی پێ بکەن)، عەرەبەکان بە زووترین کات ڕاپەڕین و هەوڵیاندا بەریتانییەکان لە وڵاتەکەیان وەدەرنێن.

مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەمەریکا دەبوایە چاوەڕێی هەست نەرمی عەرەبی عێراق نەکات، ئەو پێڵاو وەشێنەش، کە ئێستا پاڵەوانی نەتەوەیە، باشترین نموونەیە.

ئەمەش لایەنێکی دیکەی هەیە ..بیر لەو هەموو خوێن و ژیان و پارەیە بکەوە، کە ئەمەریکا لە عێراقدا خەرجی کرد و ئەو ئازادییەیان پێ بەخشیوون کە هەرگیز نەیانبووە.

چەندان ترلیۆن دۆلار لەو شەڕە خەرجکراوە، سەردانی هەر نەخۆشخانەیەکی نێوخۆیی بکە، بۆت ئاشکرا دەبێ کە ئەو شەڕە چ زیانێکی گیانی لێکەوتووەتەوە. ئەو پێڵاو وەشێنەش، کە سەرۆک بوشی بە سەگ ناوبرد، لە ڕاستیدا دەدرایە سەگ ئەگەر هەمان وشەی بەو کابرایە بوتایە کە بوش ئەوانی لە دەست ڕزگار کرد. ئەو بێ تاوانانەی کە پێڵاو وەشێنەکە ڕایگەیاند بەبێ هۆکار گیانیان لەدەستداوە، بەهۆی هەمان کاری عەرەبەوە بوونە قوربانی کە ڕۆژانە لە ئیسرائیل ڕوودەدا. عەرەب زۆر حەز دەکەن هاووڵاتیانی ئاسایی خۆیان وەکو قەڵاخان بەکاربێنن، ئەوان تەقە دەکەن و پاشانیش لەپشت تەنورەی ئافرەتەکان و یارییەکانی منداڵەکانیان خۆیان حەشار دەدەن.

ئایا ئەمەریکا دەیویست شتێکی پۆزەتیڤانە لە هێرشەکانی عێراق بەدەست بێنێت؟ بێگومان، بەڵام ئایا ئەوە قسەوقسەڵۆکەکانی سەرەوە دەسڕێتەوە؟.

**لە ekurdەوە**

# TRT6



مستەفا شەفیق- ئەڵمانیا
gare2005@hotmail.de

دوای هەشتا ساڵ لە سیاسەتی نکۆلیکردن لە بوونی کورد و، درێژەدان بە سیاسەتی ( یەک دەوڵەت،یەک میللەت،یەک زمان و یەک ئاڵا ) و سەدان کۆمەڵکوژی دژی کورد و، پەنجا ساڵ خەباتی بێ وچانی کورد لە پێناوی ئازادی، داواکارییە یەک لەدوای یەکەکانی یەکێتی بۆ ئازادی زمان و کولتووری کوردی لە تورکیا، تورکیا لە نێو مشتومرێکی زۆردا بڕیاری پەخشی بەرنامەی کوردی لەگەڵ چەند زمانێکی دیکە لە کەناڵی شەشی دەزگای تەلەڤزیۆنی دەوڵەت TRT دا.

بەبەراورد لەگەڵ سیاسەتی نۆکۆلیکردن ئەوە هەنگاوێکی باشە و لەهەمان کاتیشدا شکستی سیاسەتی یەک نەتەوەو زمانی دەوڵەتی تورکیا دەردەخات، کە ئیدی ئەوە هەنگاوێکە بۆ فشاری زیاتر بۆ سەر تورکیا کە دان بە بوونی نەتەوەیەکی دیکە لە تورکیا دابنێ جگە لە نەتەوەی تورک، کە ئەمەش گۆڕینی دەستوری پێویستە .بەڕێوەبەری گشتیی رادیۆ تەلەفزیۆنی تورکیا TRTەش لە لێدوانێکدا گوتی ئەم تەلەفزیۆنە نوێیە بۆ ئەو کەسانەیە کە تورکی نازانن و ناتوانن سوود لە بەرنامەی تەلەفزیۆنە تورکییەکان وەربگرن و بەکوردی دەدوێن.

بەڵام لەلایەکی دیکە پێویست ناکات ئەو هەنگاوەی تورکیا زۆر گەورە بکرێت، بڵێین دۆی ئەوان بەنرخە و ماستی خەڵکی قیمەتی نییە. بەرنامەی تەلەڤزیۆنی کێشەی نەتەوەیەکی ناسنامە و خاک لێ زەوتکراو چارەسەر ناکات، ئەگەر مەسەلە پەخشی تەلەفزیۆن و رادیۆیە رژیمی بەعس کە لە هەموو جیهاندا بە نمونەیەکی قێزەوەنی فاشیزم و دڕندەیی ناسراوە،هەر لە سەرەتای ساڵانی حەفتاوە تەلەڤزیۆنی کەرکووکی بۆ پەخشی بەرنامەی کوردی دانا و، رادیۆکەش لە سییەکانەوە هەر هەبوو تا ڕۆژی رووخانی رژێم. وەک چۆن پەخشی بەرنامەی کوردی لە تەلەڤزیۆنی سەحەری ئێران و رادیۆی تارانیش هەیە. تورکیا لەکاتێکدا ئەو هەنگاوە دەنێ کە کورد دەیان کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی و سەدان رادیۆی هەیە، کەواتە بۆچی دەبێ تەلەڤزیۆنەکەی تورکیا ئەوەند گرنگ بێت؟! تورکیا کە خۆی بە دیموکراسی دادەنێ تازە بەتازە هەنگاوێک دەنێ کە دەیان ساڵە رژێمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە هەڵیانناوە.

بچووکترین هەنگاو بۆ نزیکبوونەوە لە چارەسەری کێشەی کورد گرنگە،بەڵام دەبێ کورد ئاگاداری سیاسەتی ئەو هەنگاوە بچووکانە بێ، کە ئەوانیش لە قەناعەتەوە نین، بەڵکو لە ئەنجامی فشارن. تا ئێستا ستراتیژی دەوڵەتی تورکیا ستراتیژی ئاسایيشی نەتەوەی تورکەو،هەموو هەنگاوێک لەم چوارچێوەیەدا دەهاوێژرێت. کردنەوەی کەناڵی تەلەڤزیۆنیTRT6یش هەر لەم چوارچێوەیەدایە. دەبێ کورد ئەو هەنگاوە بکاتە سەرەتای دانانی دەستووری بە بوونی کورد لە تورکیا، نەک دەوڵەت بیکاتە ئامرازی چەواشەکردنی کورد بەسیاسەتی تورکی بەزمانی کوردی. بەتایبەتیش کە دەوڵەتی تورکیا دەیەوێ ئەو شارەوانیانەی بەدەستی کوردەوەن لە هەڵبژاردنەکانی ئاداردا لەدەست کورد دەربێنێ .

ئەو ڕۆژنامەنووس و نووسەرانەی باکووری کوردستان، کە بۆ وەرگیران و مووچەیەکی چەور لەو تەلەڤزیۆنەدا بە شان وباڵی هەڵدەدەن مەبەستیان دیارە، کەپارەیە . ئەگەرنا کورد نابێ خۆشخەیاڵ بێت بەو هەنگاوە، چونکە ئەوە هەنگاوێکی کۆنی عێراق و ئێرانە، تورکیا ئێستا دەیهاوێژێ .



# شاجوان هات و مەشهەدانی ڕۆیشت

**ڕووداو-AP**

(ڕۆبێرتا ئاناستەیژا)ی شاجوانی پێشووی ڕۆمانیا، بەجیاوازیەکی زۆر لەژمارەی دەنگەکانی دوو سیاسییە نێودارە ڕکابەرەکەی، بووە سەرۆکی پەرلەمانی ڕۆمانیا.

ئاناستەیژا، کە لەساڵی 1994 بە شاجوانی ڕۆمانیا هەڵبژێردرا، لەتەمەنی لاوی تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە لە ڕێگەی پارتی دیموکراتی ڕۆمانیا و، تا ئێستا چەندین بەرپرسیارێتی باڵای لەو پارتەدا وەرگرتووەو لەهەڵبژاردنی ڕابردوودا بە ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپاش هەڵبژێردرا.

ڕۆبێرتا ئاناستەیژا، کەدەرچووی کۆلیژی کۆمەڵناسی زانکۆی بوخارێستە،لەکۆی 313 دەنگ، توانی 218 دەنگ بەدەستبێنێ. هەڵبژاردنی ئەو شاجوانە لە ڕۆمانیا، هاوکات بوو لەگەڵ لادانی مەشهەدانی لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق، دوای ئەوەی جنێوی بە ئەندامانی پەرلەمان دا.

# بەغدا هاوێشتی و ئیستەنبول خێرەکەی دەبات

**ڕووداو-هەولێر**

حەکیم کاکەوەیس، لەوتارە هەفتانەکەیدا لە (ڕووداو)دا دەڵێ پێڵاوەکەی زەیدی، کە تورکی بوو، بووە هۆی کار و پارە پەیداکردن بۆ تورکان. حەکیم کاکەوەیس، دەڵێ ڕۆژنامەی (داگنس نیهێتەر)ی سویدی، بڵاویکردووەتەوە کارگەی پێڵاوەکەی مونتەزەر زەیدی کە لەڕۆژی 2008/12/14 هاوێشتییە بوش، لەئیستەنبوڵە و ئێستا بازاڕی گەرم بووەو داوای 370000 جووت پێڵاوی لەو جۆرەی لێکراوە کە پێدەڵێن (پێڵاوی بایدان) و دوای ئەو ڕووداوەش نێوی کراوەتە "پێڵاوی بوش"، کارگەکەش 100 کرێکاری زیاد کردووە.



بڕوانە لاپەڕە (19)

# "ئەگەر بگەیشتبامە لای کاک مەسعود پێم دەگوت هونەری کوردی ئەنفال دەکرێت"

**ڕووداو -سلێمانی**

گۆرانیبێژ عوسمانی وایەرمەن ڕەخنە لەڕێکخراوی هونەرمەندان دەگرێت و بەڕێکخراوێکی کارتۆنی ناوی دەبات. دەشڵێت "بەفەرەیدون دارتاشم گوتووە ناوم لەو ڕێکخراوە بکوژێننەوە".

وایەرمەن کە لەوە تووڕەیە ئەویان بۆ بەشداریی لەکۆبوونەوەی هونەرمەندان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگهێشت نەکردووە، گوتی "ئەگەر بگەشتمایەتە لای پێمدەگوت و بۆم ڕووندەکردەوە کە چۆن گۆرانی و هونەری کوردی خەریکە ئەنفال دەکرێت". هەروەها گلەیی لەوەکرد کە ماوەیەک لەمەوبەر چووەتە چیای حەمرین و لەوێ ئاڵایەکی کوردستانی داچەقاندووە، بەڵام ڕاگەیاندن هیچ بایەخی پێنەداوە.



**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای ڕووداو
**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
**بەڕێوەبەری نووسین** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری**: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net
**بەڕێوەبەری گشتی ڕووداونێت** : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com
**نوێنەری ئەوروپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
**دیزاین**: عەبدوڵڵا ڕەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

Rûdaw

Rudaw readers know more

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی | Tel: 0750 488 5696 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net

# مەلایەکی هەولێر بابانوئێل حەرام دەکات

**ڕووداو-هەولێر**

مامۆستایەکی ئاینی شاری هەولێر زۆر بەتووندی هێرشدەکاتە سەر ئاهەنگی سەری ساڵی زاینی و هەروەها دەڵێت "بابا نوئێل مەکرن حەرامە".

هەینی ڕابردوو، مەلا سەلیم، پێشنوێژو وتار خوێنی مزگەوتی عەبدوڵڵا دزەیی لەگەڕەکی هەڤاڵان زۆر بەتووندی هێرشیکردە سەر ئەو موسڵمانانەی کە بەشداری ئاهەنگی سەری ساڵی زاینی دەکەن و گوتی "مەسیحییەکان بەشداری جەژنی ئێوە ناکەن، ئێوە چۆن بەشداری جەژنی ئەوان دەکەن". هەر لەدرێژەی وتارەکەیدا داوای لە خەڵکی موسڵمان کرد کە "بابا نوئێل مەکرن حەرامە".

مەریوان نەقشبەندی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف لەو بارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەگەر ئەو مامۆستایە ئەو قسەیەی کردبێ شتێکی خراپی گوتووە و، ئیجرائاتی لەگەڵ دەکەین". ناوبراو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتیشی "ئەوە سیاسەتی وەزارەتی ئەوقاف نییە، وەزارەتی ئەوقاف، بە مەلاکانیشەوە پیرۆزباییان لەمەسیحییەکان کردووە، خودی وەزیری ئەوقاف سەردانی کڵێساکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی و کۆیەی کردووەو پیرۆزبایی لێکردوون".



# لە هەڵەبجە پۆلیس لە خۆپیشاندەران زیاتربوون



**ئازیز مەحموود**
**ڕووداو- هەڵەبجە**

بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر ئاسایش، بەهۆی لەدەست هەڵاتنی فڕکەوانێکی بەشداری کیمیابارانکردنی هەڵەبجە،کۆمیتەی ناوەندی چاک ڕۆژی هەینی ڕابردوو ڕێپێوانێکی بۆ بەردەم نووسینگەی پەرلەمان لە هەڵەبجەی شەهید،بەڵام ژمارەی پۆلیسەکان لە خۆنیشاندەران زیاتربوو.

تاریق ڕەمەزان عەزیز، ئەوفڕۆکەوانە عێراقییەی ساڵی 1988 بەشداریی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کرد، وەک ئاسایشی گشتیی لە سلێمانی بەدادگای بەغدای ڕاگەیاندووە لە نەخۆشخانە لەدەستیان هەڵاتووە.

ئاکۆ خەلیل ئەندامی گرووپی بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵک، کە یەکێکبوو لە بەشدارانی خۆپیشاندانەکە، گوتی"ئەوەی جێی نیگەرانی بوو، ژمارەیەکی زۆر کەم لەخەڵکی هەڵەبجە بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کرد، لەکاتێکدا هەڵەبجە گەورەترین ڕەمزی قوربانیدانی کوردە".

هۆکاری ئەو کەم بەشداریکردنەی خەڵکیشی گەڕاندەوە بۆ "ترساندنی خەڵکی هەڵەبجە"، کە وەک ئەو گوتی "لە خۆپێشاندانەکەی دووساڵ لەمەوبەر، هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بەچەک بەرەورووی خۆپێشاندەران بوونەوە".

خۆپێشاندەران کە بە بەراورد بەهێزەکانی پۆلیس ژمارەیان زۆر کەمبوو، لەبەردەم فولکەی (عومەری خاوەر)ەوە، بەرەو نووسینگەی پەرلەمان لە هەڵەبجە بەڕێکەوتن و لەوێ یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و داواکاری گشتی لە کوردستان کرد کە تێیدا داوا دەکەن ئەو تۆمەتبارە بەسزای یاسایی خۆی بگات و پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی تایبەت بە ونبوونی ئەو فڕۆکەوانە سازبکات.

# کرۆکەر مەشحوفی پێ خۆشە

**ڕووداو-هەولێر**

باڵیۆزی ئەمریکا لەعێراق، هەفتەی ڕابردوو سەردانی هۆرەکانی میسانی کرد و لەگەڵ شێخە شیعەکانی ناوچەکەدا بە بەلەم بەنێو هۆرە قامیشەڵانییەکانی میساندا گەڕا.

لە هەواڵێکدا کە لە باڵیۆزخانەی ئەمریکاوە بۆ (ڕووداو) نێردراوە، ڕایان کرۆکەر هەفتەی ڕابردوو، هەردوو پارێزگای میسان و ناسریەی زۆرینە شیعەنشین بەسەرکردەوەو، بە بەلەمێکی تایبەتی ئەوناوچەیە کە پێیدەڵێن (مەشحوف)، لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکەدا بەنێو هۆرەکانی پارێزگای میساندا گەڕا، هەروەها سەردانی شاری مێژوویی (ئور)یشی کرد. کرۆکەر گوتی " هەوڵدەدات لەگەڵ بەرپرسانی عێراق ئەو شوێنەوارە مێژووییانە ببووژێنێتەوەو مەشق و ڕاهێنان بە کارمەندانی مۆزەخانەکانیش بکا.



KONKA




گروپی کۆمپانیاکانی ئەلسەرد
Al-Sard Group Co., LTD.
www.alsardgroup.com